حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردەو ڕامیاری چەمچەماڵ
سکوڵی پەروەردە

# لێڵی لە گوتاری سیاسیی کوردیدا

نامەیەکە

دەشتی بەهجەت محەمەد

پێشکەشی فاکەڵتی پەروەردەو ڕامیاری چەمچەماڵ/ سکوڵی پەروەردەی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

بە سەرپەرشتی:

پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد　　　پ.ی.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

(2715)ی کوردی　　　(2016)ی زایینی

**ڕەزامەندیی سەرپەرشت**

**ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی ئێمە لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.**

**ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد** **ناو: پ.ی.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد**

ڕۆژ: / / 2016 ڕۆژ: / / 2016

**ڕەزامەندیی سەرۆکی بەش/ لێپرسراوی یەکەی خوێندنی باڵا**

**لەسەر پێشنیازی سەرپەرشتیارانی نامەکە، کە ناوو واژۆیان لەسەرەوە هاتووە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن دەکەم بۆ تاوتوێکردن.**

**ناو: د. هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب** **ناو: پ. ی.د. ئازاد عبدالواحید کریم**

**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی** **لێپرسراوی یەکەی خوێندنی باڵا**

ڕۆژ: / / 2016 ڕۆژ: / / 2016

**ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن**

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان، کە بە ناونیشانی (لێڵیی لە گوتاری سیاسی کوردیدا )یە خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکار (دەشتی بەهجەت محەمەد ) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك‌و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (           ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو:**
**ئەندام‌و سەرۆکی لیژنە**
**ڕۆژ:** / / 2016

**ناو :**
**ئەندام**
**ڕۆژ:** / / 2016

**ناو:**
**عەبدول محەمەد**
**ئەندام**
**ڕۆژ:** / / 2016

**ناو: پ.د. فەرەیدون**
**ئەندام‌و سەرپەرشت**
**ڕۆژ:** / / 2016

**ناو: پ.ی.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد**
**ئەندام‌و سەرپەرشت**
**ڕۆژ:** / / 2016

**لەلایەن ئەنجوومەنی سکوڵی پەروەردەوە پەسەندکرا.**
**ناو:**
**سەرۆکی کۆلێژی پەروەردە**
**ڕۆژ:** / /2016

**پێشکەشە بە:**

 **دایك و باوکی خۆشە ویستم ، کە لە ژێر سایە و سێبەری میهرەبانی ئەواندا بەم ڕۆژە گەیشتوم .**

 هاوسەری ژینم ( زۆزگ هیدایەت ) ، کە بەشێك لەکاتەکانی ئەوم بە توێژینەوەکەم بەخشی .
 خوشەکەکانم ( چیا ، دنیا ، دڵنیا ، کۆچەر ) ، کە بەوپەڕی میهرەبانی ، بە پەرۆشییەوە هاوکاری سەرخستنی من بوون .
پێشکەشە بەو فێرخوازانەی کە بەتەنیا وشەیەکیش بێت ڕێگای زانستیمیان ڕوناك کردۆتە .

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

* سەرەتا سوباس بۆ یەزدانی مەزن ، کە دەرفەت و توانای پیٚ بەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە .

* هەردوو بەڕێزان ( پ . د . فەرەیدون عبدول محمد ) ، ( پ.ی.د . بێستون حسن ئەحمەد ) ، کە بەوپەری دڵسۆزی و لە خۆبوردەییەوە ئەرکە سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەیان گرتە ئەستۆ ، بە تێبینیە ورد وبەسودەکانیان ڕێنمایان کردم ، هاوکارم بوون لە پێدانی و وەچنگخستنی سەرچاوە .

* سوپاسی بێپایانم بۆ بەڕێز / د . هێرۆ أحمد حمه غريب ، كه يارمەتی دەرم بوو له پێدانی زانیاری و سەرچاوە .

* خێزانەكەم كە بەوپەری هەستكردن بە پەرپرسیارێتی لەئەنجام گەیاندنی ئەم نامەیە دا یارمەتیان دام .

* پێزانینی تایبەتم بۆ دایكی خۆشەویست ( ئامینە خان ) كە لەهەموو كاتەكانی تەمەنم لەگەڵم بوو بۆ پەیداكردنی پێداویستییەكانی نامەكەم .

* هەموو ئەو بەڕێزانەی، كە له سەرەتای نووسینی نامەكەوە، تا كۆتایی، بە هەر شێوەیەك بێت، هاوكارییان كردووم.

## هێماو كورتكراوەكان

(+/−) بەهای نیشانەی واتایی

( ) بەشە ئاخاوتنی سیمانتیكی

" " ئاماژەیە بۆ دەقی وەرگێراو

X پێچەوانە

/ یان

* واتا – ناڕاست

**لیستی زاراوەکان**

**ب**

**بەرگریکردن و ڕووبەڕووبونەوە** Resistance and oppasition

**بنەمای سیْمیۆتیك** Semantical Dimension Semiosis

**بنەمای پڕاگماتیك** Pragmatical Dimension Semiosis

**بناغە** Base

**ت**

**توێکڵە واتا** connotative meaning

**د**

**دەروازەی فەرهەنگیی** Lexical entry

**دروستە سینتاکسییەکان** Syntactic structures

**ڕ**

**ڕێکخستنی ئەجێندا** (**بەراییەکان**) Settin-agenda

**س**

**سێبەری گەیاندنی واتایی** connotational penumdra

**سەربار** Adjunct

**سەرچاوە** Source

**ف**

**فۆرمی بنجی** base form

**فۆڕمی فۆنەتیکی** phonetic form

فۆرمی لۆژیکی Logical form

ك

کرۆکە واتا denotative meaning

کاریگەریی Peirce

کپکردن و سەرکوتکردن Coercion

چ

چوارچێوەی سۆز و خۆشەویستی emotional context

چوارچێوەی زمانیەوانی linguistic context

چوارچێوەی نازمانیە situational context

هـ

هاوواتای تەواو perfet synonyms

هەڵبژاردنی سیمانتیکی Semantic selection

هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزی Category selection

هاوواتای دەوروبەرند Context-dependent synonyms ))

هاوواتای شاراوە implicational synonymy

هاوواتای شیکردنەوە Analytic synonymy

هەڵخەڵەتاندن Dissimulation

هاندان بۆ کارکردن action stimulation

هۆی نیشانە Sign vehicle

هێزی سەرەکی primary stress

و

واتای ئیدیۆمی Idiom meaning

وێناکردنی ڕابردوو و ئایندە past and projection to future

**ناوەڕۆك**

**بابەت لاپەڕە**


**پێشەكی** 1- 3

1/0) **ناونیشان و بواری نامەكە** 1

2/0) **كەرەستە و گیروگرفتی نامەكە** 1

3/0) **ڕێبازی لێكۆڵینەوەی نامەكە** 1

4/0) **گرینگیی و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە** 2

5/0) **ناوەڕۆكو بەشەكانی نامەكە** 2-3

**بەشی یەكەم: ڕۆڵی پەیوەندییە واتاییەكان لە دروستبوون و ڕەواندنەوەی لێڵی** 4- 55

1/1 ) **پاری یەكەم / جۆری‌پەیوەندییە واتاییە** 4- 35

1-1/1) **پەیوەندییە واتاییەكان** 4

1-1-1/1) **پەیوەندی تەكنشینی (ئاسۆی )** 4-6

1/1-1 -2)**پەیوەندی جێنشینی (ستونی )** 7-9

1/1-1-1-3 )**هاوواتایی**9

1/1-1-1-3-1) **هاوواتای لە نێوان بۆچوونی بوون و نەبووندا** 10 - 12

1/1-1-1-3-2) **خستنە ڕووی چەمكی هاوواتا لای زمانەوانەكانی هەر ئاستێك** 12- 13

1/1-1-1-3-3) **گرنگی هاوواتای** 13 - 14

1/1-1-1-3-4) **جۆرەكان هاو واتایی** 14

1/1-1-1-3-4-1)**هاوواتای تەواو** 14

1/1-1-1-3-4-1-1)هۆکارەکانی پەیدابوونی هاوواتایی تەواو 14 – 16
1/1-1-1-3-4-1-2)مەرجی زمانەوانەکان بۆ هاوواتایی تەواو 16
1/1-1-1-3-4-2) هاوواتایی ناتەواو 17
1/1-1-1-3-4-3)نیمچە هاوواتا 17
1/1-1-1-3-4-4)هاوواتای دەوروبەرند 18-17
1/1-1-1-3-4-5)هاوواتای شاراوە 18
1/1-1-1-3-4-6)هاوواتای شیکردنەوە 18
1/1-1-1-3-4-7)هاوواتا ئاسا 19
1/1-1-1-4) دژواتای 20 – 19
1/1-1-1-4-1) شێوەکانی دژواتا 20
1/1-1-1-4-2) جۆرەکانی دژواتای 25 -21
1/1-1-1-4-2-1) جیاوازی 21
1/1-1-1-4-2-1-1) تایبەتمەندییەکانی دژواتای جیاواز 22 – 21
1/1-1-1-4-2-2) دژ واتای پێچەوانەیی 23 – 22
1/1-1-1-4-2-2-1) تایبەتمەندییەکانی دژواتایی پێچەوانەیی 23

1/1-1-1-4-2-3)تەواوکەر
24
1/1-1-1-4-2-4) دژ واتا لەتاکە وشەدا
25 – 24
1/1-1-1-5)هاوبێژی
27 –25
1/1-1-1-5-1) هۆکارەکانی پەیدابوونی هاوبێژ
28 – 27
1/1-1-1-5-2) جۆرەکانی هاوبێژ 29 – 28
1/1-1-1-5-2 -1) هاوپیت
29 – 28
1/1-1-1-5-2 -2) هاو دەنگ
29
1/1-1-1-5-2-3) هاوبێژی تەواو
29
1/1-1-1 -6)فرەواتا 30
1/1-1-1 -6-1)گرنگی فرەواتا
31
1/1-1-1 -6-2)جیاوازی نێوان فرەواتا و هاوبێژ
32–31
1/1-1-1 -6-3) فۆڕمەکانی فرەواتا
33 – 32
1/1-1-1 -7)گرتنەوە
33
1/1-1-1 -7-1)تایبەتمەندییەکانی گرتنەوە
34 – 33
1/1-1-1 -7-2)جۆرەکانی گرتنەوە
35 –34

1/1-1-1 -7-2-1) گرتنەوەی تەواو
34
1/1-1-1 -7-2-2) گرتنەوەی ناتەواو
35
(2/1) پاری دووەم/ دروستبوون و ڕەواند نەوەی لێڵی 36 – 55
(1-2/1) لێڵیی
36
(1-1-2/1 ) جۆرەکانی لێڵیی 37– 40
1/2-1-1 – 1) لێڵیی مۆرفۆلۆجی 37- 38
1/2-1-1 –2) لێڵیی سینتاکسدا 39 – 40
1/2-1-2) هۆیەکانی پەیدابوونی لێڵی لە زماندا
40- 44
1/ 2 -1-3) ڕەوینەوەی لێڵی
45 – 55
1/ 2 -1-3-1)چوارچێوە (دەوروبەر)
45 – 46
1/ 2 -1-3-1-1)چوارچێوەی زمانیەوانی
47
1/ 2 -1-3-1-2)  چوارچێوەی نازمانی
47
1/ 2 -1-3-1-2-1) چوارچێوەی سۆز و خۆشەویستی
47 – 48
1/ 2 -1-3-1-2-2)چوارچێوەی شێواز و ڕۆشنبیری
48 – 49
1/ 2 -1-3-2) هێز و ئاوازە
50
1/ 2 -1-3-2-1)  هێز
50
1/ 2 -1-3-2-1-1) جۆرەکانی هێز51

1/ 2 –1–3–2–1–1–1) هێزی ڕستە
51
1/ 2 –1–3–2–1–1–2)جۆرەکانی هێزی ڕستە
51
1/ 2 –1–3–2–2) ئاوازە
53 – 52
1/ 2 –1–3–1–2–2–1)پلەو ئاستی ئاوازە
53
1/ 2 –1–3–1–3) یارمەتی دەری چوارچێوە
54 – 53
1/ 2 –1–3–1– 4) ڕێگای گروپ گروپ کردن لەکەوانەدا
55 –54
بەشی دووەم / جۆرەکانی گوتار و زمانی گوتاری سیاسی 56 – 68
1/2)پاری یەکەم / جۆرەکانی گوتار 56 – 68
1–1/2)گوتار 56– 58
1–1–1/2 ) تایبەتمەندییەکانی گوتار 58 – 59
2–1–1/2) جۆرەکانی گوتار 59–60
1–2–1–1/2) گوتاری بابەتی 60
1–1–2–1–1/2)گوتاری کۆمەڵایەتی 60
2–1–2–1–1/2) گوتاری سیاسی 60– 61
3–1–2–1–1/2)گوتاری ئاینی 61
4–1–2–1–1/2) گوتاری هونەری 62
5–1–2–1–1/2)گوتاری زانستی 62
6–1–2–1–1/2)گوتاری ئابووری 63
7–1–2–1–1/2)گوتاری ئەدەبی 63 – 64
8–1–2–1–1/2)گوتاری مێژوویی 64
2–2–1–1/2)گوتاری خودی 65–66
1–2–2–1–1/2)گوتاری ژیاننامە 65

2/1-1-2-2-2)**گوتاری کەسی** 65

2/1-1-2-2-3)**گوتاری ڕامانئامێز** 66

2/1-1-2-2-4)**گوتاری وەسفی** 66

2/1-1-3) **ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن** 66-68

2/2) **پاری دووەم / زمان لە گوتاری سیاسیدا** 69-89

2/2- 1) **زمان و ڕاگەیاندن** 69

2/2- 2) **گوتاری سیاسی** 70

2/2- 2-1) **ئەرکی گوتاری سیاسی** 71-72

2/2- 2-2) **تایبەتییەکانی گوتاری سیاسی** 73-74

2/2- 2-3)**جۆرەکانی گوتاری سیاسی** 74

2/2- 2-4) **زمانی گوتاری سیاسی** 75-76

2/2- 2-5) **گرنگیی زمانی سیاسی** 77

2/2- 2-6) **بوارەکانی لێکۆڵینەوە لەزمانی سیاسیدا** 78-79

2/2- 2-7) **تایبەتمەندییەکانی زمانی گوتاری سیاسی** 80-81

2/2- 2-8)**ئەرکی زمانی گوتاری سیاسی** 81-84

2/4-9) **شێوازەکانی دەربڕین** 84-88

2/4-10) **سمبوڵە لێڵەکان (تەمومژاوییەکان )** 88

2/4-11)**سمبوولەکانی ترساندن** 89

**بەشی سێیەم / ڕوونی و لێڵی واتایی لە گوتاری سیاسیدا**90-118

(3/1)**پاری یەکەم / ڕوونی واتای** 90-96

3/1-1)**چەمکی واتا** 90-91

3/1-1 2)**ئاستەکانی واتا** 91-92

3/1-1 -1) **ئاستی سیمانتیک** 91-92

3/1-1 -2) **ئاستی پراگماتیک** 92

3/1 -3) **جۆرەکانی واتا** 92-94

3/1 - 4)**ڕوونی واتایی** 95-96

3/2) **پاری دووەم / لێڵی لە گوتاری سیاسیدا**97-118

1-2/3) لێڵیی واتایی 97
2-2/3) لێڵی زمانی گوتاری سیاسی 97
1-2-2/3) هۆکارەکانی لێڵی زمانی گوتاری سیاسی 97
1-1-2-2/3) ڕۆڵی جێناوەکان لە دروستبوونی لێڵیدا 97-101
2 -1-2-2/3) ڕادە و دروستبوونی لێڵیی 101-104
3 -1-2-2/3) دروستبوونی لێڵیی بەهۆی ئامرازی نەناسراوی (ێك ) ەوە 105 – 107
4 -1-2-2/3) پراگماتیك 107-110
5 -1-2-2/3) میتافۆڕ ( Metaphor ) 110-113
6-1-2-2/3) هۆکاری ڕێزمانی (لێڵیی سینتاکسی ) 113-114
7 -1-2-2/3 ) دروستبوونی لێڵیی لەزمانی کوردیدا بەهۆی ( نادیاری ) یەوە 114-116
8 -1-2-2/3 )دروستبوونی لێڵیی گوتاری سیاسی بەهۆی مۆڕفێمی پرسیارکردنەوە 116-118
ئەنجام 119
ملخص البحپ 120
Abstract 121
سەرچاوەکان122-129

## پێشەکی:

### 1/0) ناونیشان و بواری نامەکە :

نامەکە بە ناونیشانی ( لێڵی لە گوتاری سیاسی کوردیدا ) یە ، بەو پێیەی کە لێڵی واتایی بە شێوەیەکی گشتی دەچێتە سنوری ئاستی سیمانتیکەوە ، هەرچەندە هەندێکجار بۆ

ڕەواندنەوەی لێڵی واتایی پەنادەبرێتە بەر هۆکاری پراگماتیکی . بەلاّم توێژینەوەکە زیاتر سودی لە لێڵیی لە ئاستی سیمانتیکدا بینیوە .

## 2 /0) کەرەستە و گیروگرفتی نامەکە :

لێدوانی تەلەفزیۆنی بەنموونە وەرگیراوە بۆ خستنە ڕووی گوتاری سیاسی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراودا ، لە دنیای ئەمڕۆدا ڕاگەیاندنی بینراو بەتایبەت ( تەلەفزیۆن ، ماڵپەڕەکان ) پڕ بینەرترین هۆیەکانی ڕاگەیاندنن . توێژەر بەو پەڕی بێلایەنییەوە و لە پێناو گەیشتن بە گوتارەسیاسییە لێڵەکان لێدوانەکانی (بەرپرسی حیزب و ڕێکخراوەکان) وەك ستراکچەری ڕاگەیاندن وەرگرتوە و شیکردۆتەوە ، ئەو لێدوانانەی کە بوون بە کەرەستەی توێژینەوەکە لەماوەی (1) ساڵ لە ( 2014 – 2015) ە ، ڕەنگدانەوەی باری سیاسی سەردەمەکەیە ، توێژەریش لەبەر پێویستی توێژینەوەکەی بەکاری هێناون, لەو گرفتانەی هاتونەتە ڕێی توێژەر , گران دەست کەوتنی سەرچاوەکان و نمونەی گوتارە سیاسیەکان .

## 3/0) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە :

ئەو ڕێبازەی لەم نامەیەدا دەستەبەرکراوە ، ڕێبازی وەسفی سینکرۆنی ( ئێستایی ) یە ، لەو گوتارە سیاسیانە دەکۆڵێتەوە ، کە بونەتە بابەتی گرنگی میدیا کوردییەکان لە ئەمڕۆدا ، لە شیکردنەوەی نموونەکاندا پشت بە ڕێبازی (شیکاری ) گوتارە سیاسییەکان بەستراوە .

## 4/0)گرنگیی و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

مەبەستی سەرەکی لە نامەکە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو گوتارەسیاسیە کوردیانەیە کە لێڵن ، ئەمەش لەو لایەنەوە کە هەموو لایەنێکی زمان دەبێت شیبکرێتەوە ، لێڵیی لە گوتاری سیاسی کوردیدا لایەنێکە لەو لایەنانە .

## 5/0) ناوەڕۆکی و بەشەکانی نامەکە :

نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە فەرهەنگۆکێکی زاراوەکان و لیستێك لە کتێب و سەرچاوە بەکارهاتوەکان ، لە سێ بەش پێکهاتوە ، هەر بەشێك لەو بەشانە لە چەند تەوەرە و پارێك پێکدێت :

### بەشی یەکەم:

بەشی یەکەم ، دەروازەیەکی توێرییە تایبەتە بە ( پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی تەکنشینی و جێنشینیدا ، پێناسەکانیان و بۆچوونی زمانەوانەکان لەبارەیانەوە خراونەتە بەرچاو، گرنگی ، هۆکار ، جۆرەکانیان ، تایبەتمەندییەکانیان ، جیاوازی نێوان هەندێك لە پەیوەندییە واتاییەکان ، لێڵی و چۆنیەتی دروستبوونی ، ڕەواندنەوەی ، جۆرەکانی لێڵی ، هۆکارەکانی لێڵی لە زماندا بە شێوەیەکی گشتی نیشاندراون .

### بەشی دووەم:

لە بەشی دووەی ئەم نامەیەدا باس لە گوتار و زمانی گوتاری سیاسی کراوە : ( گوتار ، پێناسەکانی گوتار و تایبەتمەندییەکانی گوتار و جۆرەکانی گوتار ، ( بابەتی ، خودی ) ، ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن لە گوتار دا ، زمانی گوتاری سیاسی بەرچاو دەکەون ، زمان و ڕاگەیاندن و گوتاری سیاسی و ئەرکی گوتاری سیاسی و تایبەتمەندییەکانی گوتاری سیاسی و جۆرەکانی گوتاری سیاسی و گرنگی زمانی سیاسی و بوارەکانی لێکۆڵینەوە لە زمانی سیاسی ، تایبەتمەندییەکانی زمانی گوتاری سیاسی و ئەرکی زمانی گوتاری سیاسی و شێوازەکانی دەربڕین و سمبوڵە لێڵەکان و سمبولە تەمومژەکان خراونەتە ڕوو .

### بەشی سێیەم :

**بەشی سێیەم** دوا بەشی نامەکەیە ، باس لە ڕوونی و لێڵی واتایی لە گوتاری سیاسیدا کراوە ( چەمکی واتا ، چەند پێناسەیەکی واتا ، ئاستەکانی واتا ، واتای سیمانتیك ، واتای پراگماتیك ، واتای فەرهەنگی ، بنەمای واتا لەم ئاستانە ، چەند نموونەیەکی ڕوونی واتای لە گوتاری سیاسی و لێڵی واتایی و لێڵی زمانی گوتاری سیاسی و هۆکارەکانی لێڵی زمانی

گوتاری سیاسیدا باسکراون ، نموونـه  بـۆ هەریـەکێك لـە هۆکـاری لێڵـی لـە زمـانی گوتـاری سیاسی کوردیدا هێنراونەتەوە ، شیکاری دروستبوونی لێڵیەکان لە ڕوانگەیەکی سـیمانتیکی و پراگماتیکییەوە بەرچاو دەکەون .

## بەشی یەکەم /

## ڕۆڵی پەیوەندییە واتاییەکان لە دروستبوون و ڕەواندنەوەی لێڵیدا .

## 1/1 ) پاری یەکەم / جۆری پەیوەندییە واتاییەکان

### 1-1/1 ) پەیوەندییە واتاییەکان (Semantic Relation):

پەیوەندییــە واتاییــەکان ، بابــەتێکی گرنگــی زانســتی واتاســازییە ، ڕۆڵــی گرنگــی لــە ڕوونکردنەوە و ئاسانکردنی تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی واتای دانە زمانییەکاندا هەیە ، ئـەم بابەتەی واتاسازی ئاماژە بەو پەیوەندییانە دەکات ، کە لـەنێوان کەرەستە زمانییەکانـدا لـە هەردوو (ئاستی تەکنشینی و جێنشینی) دا هەیە ، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە واتاییەکان لەسەر بنەمای واتایە ، ئەمیش گرێدراوە بە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی ، ئەوشتەی لە جیهانی راستەقینەی دەرەوەی زماندا دەیگەیەنێت ، بۆنموونە هەندێك ناوهەن وەکو (شەیتان ، دێو ، درنج ، هێـزی چاکە، خواندەکان کە لە کۆندا بەتایبەت لای ڕۆمانییەکان بۆ هەر کارێك خواوەنـدێك دانرابـوون ... هتد ) ئەمانە پەیوەندیان بە ڕێکەوتنی تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە ، تاکـەکانی کۆمـەڵ بڕیـار لەسەر واتاکانیان دەدەن ، بەڵام هەندێ لە وشەکانی تری وەکو ( ژیان ، مردن ) ، ( خۆشـی، ناخۆشی ) پەیوەندییەکانی نێوان ئەم وشانە لەسەر بنەمای ئەو واتادژیەکەیە ، کەدەیگەیەنن .

لەبارەی پەیوەندییە واتاییەکانەوە بۆچوونی جیاواز لەیەك خراونەتەڕوو ، ئایا مەبەست لـە پەیوەندییە واتاییەکان ئەو پەیوەندییەیە ، کـە لـە نێـوان هێماکانـدا هەیـە ؟ یـان مەبەسـت لـە پەیوەندیی نێـوان هێماکـە یـە لەگـەڵ ئەوشـتەی لـە جیهـانی دەرەوە دەینوێنێـت ؟ بۆنموونـە پەیوەندیی نێوان وشەی ( ناسـك و ئەوسـیفەتە ناسـکییەیە، کـە لـە جیهـانی دەرەوە بەرچـاو دەکەوێت دا ) یان پەیوەندیی لە نێوان ( پێنووس و شێوەی پێنوسەکەیە )، یـاخود مەبەسـت لە پەیوەندییە واتاییـەکان ئـەو پەیوەندییەیـە ، کەلـەنێوان هێماکـە و واتاکەیـدا هەیـە ، وەکـو ئاشکرایە مەبەست لە پەیوەندییە واتاییەکان ، ئەو واتایەیە ، کەلە مێشکی تاکەکاندا بۆ هێماکە هەیە . بەشێك لە واتای سەرەکی هێماکان ، بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ هێماکانی تـر لـە ئاسـتی (تەکنشینی و جێنشینی دیاری دەکرێـت )، ئەمـەش لـە هـەموو زمانەکانـدا بـەدی دەکرێـت ((Robins ,(1964 : 27) .بە شێوەیەکی گشتی ئەم دوو ئاستە لە سەربنەمای پێکەوە هاتن و هاورێیەتی کردنی دانەکانە لە پێکهاتەی دروستەی گەورەتردا دەردەکەون :

### 1-1-1/1) پەیوەندی تەکنشینی (ئاسۆی Syntagmatic ):

ئەو پەیوەندییەیە ، کە کەرەستەکانی ڕستە لە کاتی پێکەوە هاتن و هاورێیەتی کردنیان لە گەڵ یەکتر دروستی دەکەن ، ئەو پەیوەندییەش کە لە نێوان کەرەستەکاندا هەیە ، وادەکات کە دروستەیەکی زنجیرەی لە ئاستێکی دیاریکراودا دروست ببێت ، واتە پەیوەندیی تەکنشینی زیاتر لە ئاستی سیناکسدا دەردەکەوێت ، چونکە گونجاندنی واتـایی و ڕێزمـانی لـە دروسـتەی ڕستەدا گرنگن . هەروەها دەکرێت ئاماژەش بەوە بدرێت سروشتی ئەم پەیوەندییە (تەکنشینی

)، لـه توخمـه ئامـاده بووەكانـدا دروسـت دەبێـت . بـه شـیوەیەك "پەیوەنـدیی تەكنشـینی (زنجیرەیـی ) پەیوەندییـەكی زینـدووه . واتـه پەیوەنـدیی دوو یـان چـەند رەگەزێكـه لـه دەربڕاوێكدا ، كه ئەم دەربڕاوانەی تێدا بن " . (فردینان دیسوسور، 1383: 177).

ئەم پەیوەندییه واتاییه له هەموو ئاستەكانی زماندا هەیه ، بۆ نموونه له ئاسـتی فۆنۆلۆژیـدا پێكەوه هاتنی فۆنیمەكان هەر له خۆوه و بەشێوەیەكی هەڕەمەكی نییه ، بەڵكو به پێی یاسای فۆنۆلۆژی زمانەكه دەبێت كه فۆنیمەكان دەخاته پاڵ یەك . بۆنموونه لـه دروسـتكردنی برگـەدا دەبێت ڕیزبوونی فۆنێمەكان كه له زمانەكەدا ڕێگه پێدراوه له بەرچاوبگیرێت بۆنموونه له ڕرگەدا دەبێت بزوێن بەژداری دروستكردنی برگه بكات وەكو (ئاو ، ماڵ ، با ...هتـد ). هـەروەها لـه ئاستی ڕێزمانیشدا مەرجه ئەم پەیوەندییه له نێوان یەكه پێكهێنەرەكانی دروستەكاندا هەبێت . واته دەبێت دروستكردنی دروستەكان چ وشه بێت یان ڕسته به پێی ئەو یاسایانه بێت ، كه له زمانەكەدا ڕێگه پێدراون . بۆنموونه له دروستكردنی دروستەی وشەدا نابێت دوو بزوێن به دوای یەكدا بێن ، هەروەها له دروستەی ڕستەكانیشدا دەبێت ڕیزبوون و پێكەوەهاتن و گونجـاوی و نەگونجاویان له بەرچاو بگیرێت (بڕوانه(1)) .

(1) ئێمه نانەكەمان خوارد.

* خوارد بەردەكه ئێمه.

دەبینین له ڕستەی (ئێمه نانەكەمان خوارد) كەرەستەكان بەشێوەیەكی دروست پێكـەوه هـاتوون و لـه واتـادا ڕاسـت و لـه ڕووی ڕێزمانـەو دروسـته. ڕسـتەی دووەم ( S. o . v ) و ڕێكـەوتنی نێـوان كەرەسـتەكان پێشـێلكراوه . بەشـێوەیەكی گشـتی پەیوەنـدیی تەكنشـینی دەكرێت به دوو جۆرەوه:

**یەكەم/ هاوڕێیەتی :** بریتیه له هاتنی وشەكان بەیەكەوه . ئەمیش دوو جۆره:

أ–هاوڕێیەتی ئاسایی :–ئەو پەیوەندییەیه لەنێوان وشـەكان لـه پێكهاتـەی فرێـز و ڕسـتەكاندا هەیه ، له ڕستەكاندا دەبێت گونجانـدنی واتـایی و ڕێزمـانی بەرجەسـته بكرێـت ، واتـا دەبێـت ڕستەكان واتا ڕاست و ڕێزمان دروست بن ( بروانه (2)) .

(2)كچه جوانەكەی گریاند.

لێرەدا وشەكانی ئەم ڕستەیه یەكتر تەواو دەكەن , وادەكەن كـه ڕسـتەیەكی واتـا ڕاسـت و ڕێزمان دروست بەرهەم بێت . چونكه لەپێوەندی ئاسۆیی ئاساییدا گونجاندن یان ڕێكـەوتنێكی واتایی لەنێوان كەرەسته باڵادەسـتەكەو كەرەسـته داواكراوەكانـدا هەیـه , لەبەرئـەوەی زمـانی كوردی زمانێكی سەركۆتایه بۆیه كەرەستەی باڵادەست له ڕستەدا كرداره .

کردارەکە داوامان لێدەکات ، کە کەرەستەکانی تری ڕستەکە هەڵبژێرین ، هەروەها ڕێکەوتنی واتایش کاتێك لەنێوان دووکەرەستە یان زیاتر پەیدا دەبێت ، کەلەچەند سیمایەکدا هاوبەش بن .(بڕوانە (3))

(3) کچ : +مرۆڤ ، + مێ ± هەراش

جوان : +مرۆڤ ، + مێ ± هەراش

**ب_ هاوڕێیەتی بەبەرد بوون ( ناچاری )** : هەندێك وشە لە زمانەکاندا هەن بواری بە کارهێنانیان دیاری کراوە تەنها لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراوی وشەدا دەردەکەون ، ئەمیش پەیوەندیی بە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە چونکە کۆمەڵ ئەم واتایانە بەو وشانە دەدات ، ئەم وشانەش بەڕێژەیەکی زۆر پێکەوە دەردەکەون بەجۆرێك ئەگەر یەکێك لەوشەکان نەیەن ، یان دەرنەکەون ئەوا وشە هاتووەکە واتای ئەوی تر تەواو دەکات ، ئەمیش لەئەنجامی زۆر بەیەکەوە هاتن و زۆر بە کارهێنانیانە ، لە زماندا بە ( کۆمەڵە وشە ) ( Collocation )* ناودەبرێن . (بڕوانە (7، 6 ،5 ، 4))

| | | |
|---|---|---|
| (4 )گوێدرێژ ⟵ | زەڕاندن | + دەنگ |
| | | +گوێی درێژ |
| (5)ورچ ⟵ | بۆلآندن | +دەنگ |
| | | + ورچ |
| (6)کوڕ ⟵ | قۆز | +نێر |
| | | + جوانی |
| (7) کچ ⟵ | جوان | − نێر |
| | | + جوانی |

* بۆ زانیاری دەربارەی (Collocation) سوود لە : بێستون حەسەن ئەحمەد ، ( 2012 : 60 ) بینراوە .

## 2-1-1-1/1) پەیوەندیی جێنشینی ( ستوونی Paradigmatic relation ):

ئەو پەیوەندییە ، کە لەنێوان وشەکانی ڕستە لەگەڵ وشەی تری زمانەکە لەدەرەوەی ڕستە دایە ، کە بتوانن لە هەندێك کۆنتیکستدا جێگەی یەکتر بگرنەوە ، بەواتایەکی تر " پەیوەندییەکە لەنێوان یەکە زمانییەکاندایە ، کە هەندێکیان دەتوانن لە شوێنی هەندێکی تریان لەهەمان کۆنتێکستدا بێن " ( محمد علی الخولی ، 1982 : 202 ) پەیوەندیی جێنشینی لەنێوان ڕەگەزەکانی ڕستە لەگەڵ ڕەگەزە نەهاتووەکان لەیەك دەربڕاودا دەبێت و بەتوانای مێشك پێکەوە دەبەسترێتەوە . ئەم پەیوەندییەش لەهەموو ئاستەکانی زماندا هەست بەبوونی دەکرێت ، بۆ نموونە لەئاستی فۆنۆلۆژیدا چەند فۆنێمێك دەتوانن جێگەی فۆنێمێك بگرنەوە ، وشە بەواتای نوێ دروست بکەن ( بڕوانە(8)).

(8) باڵ ، تاڵ ، خاڵ ، ماڵ ، داڵ ، ساڵ ، پاڵ ، چاڵ ، زاڵ ، حاڵ ، ناڵ ،کاڵ ، فاڵ ، قاڵ ... هتد .

هەموو فۆنێمەکانی زمان ناتوانن جێگەی فۆنێمی (ب ) بگرنەوە ، چونکە ئەو فۆنێمانەی کە ناتوانن جێگەی فۆنێمی ( ب) بگرنەوە ناتوانن وشەی نوێ دروست بکەن ، کە واتایەکی دروستی هەبێت ، بەڵام وەکو لە نموونەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت فۆنێمەکانی وەکو ( ت، خ ، م ، د ، س ، پ ، چ ، ز ، ح ، ن ، ك ، ف ، ق... هتد )دەتوانن جێگەی فۆنێمی (ب ) بگرنەوە ، چونکە ئەم فۆنێمانە توانای دروستکردنی وشەی واتاداریان هەیە . لەئاستی مۆرفۆلۆجیشدا مۆرفێمەکان دەتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە کە ئەندامی یەك پۆل ئاخاوتنن واتە ( ناو ) لەبری ( ناو ) ، (کردار ) لەبری ( کردار ) ، هەروەها لەڕووی ئەرکیشەوە ( بکەر ) لەبری ( بکەر ) ، ( بەر کار ) لەبری ( بەر کار ) ، (کردار ) لەبری ( کردار ) ( بڕوانە ( 9)) .

(9) کورەکە نانەکەی خوارد .

هەریەکە لەیەکە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە ( کوڕەکە ) ،( نانەکە ) ،( خوارد ) لەگەڵ ژمارەیەك یەکەی هاوشێوەی خۆی لەپەیوەندیدان واتە دەتوانن لەگەڵ هەندێ ڕەگەزی تری دەرەوەی ڕستەکە شوێنی یەکتر بگرنەوە . یەکەی ( کورەکە ) لەگەڵ یەکەکانی ( کچەکە ، ژنەکە ، پیاوەکە ، منداڵەکە ، ... هتد ) لەپەیوەندیدان دەتوانن لەبری یەکتر بێن ، هەروەها یەکەی ( نانەکە ) لەگەڵ یەکە زمانییەکانی وەکو ( سێوەکە ، ترێیەکە ، سەوزەکە ، هەرمێ یەکە ، هەنجیرەکە ، زەیتوونەکە ، ... هتد ) لە پەیوەندیدان و دەتوانن لەجێگەی یەکتر دەربکەون ، وشەی (خوارد) لەپەیوەندیدایە لەگەڵ یەکە زمانییەکانی وەکو ( کڕی، فرۆشت ، هێنا، فرێدا ، شۆرد ، برد ، لێکردەوە ، ... هتد) توانای جێ گرتنەوەیان هەیە . پەیوەندیی

جێنشینی لەئاستی واتادا خۆی لە پەیوەندییە واتاییەکانی وەك ( دژ واتا ، هاو واتا ، هاوبیـژ ، ...هتد ) دەبینێتەوە (بڕوانە(10 ، 11 ، 12 ، 13))

( 10 ) منداڵەکە چا ساردەکەی خواردەوە .

(11) منداڵەکە چا گەرمەکەی خواردەوە .

لێرەدا وشەکانی ( سارد ، گەرم ) لەپەیوەندیدان .

(12) کورەکە چوو بۆبازار .

(13) کورەکە ڕۆیشت بۆ بازار

بەهەمان شێوە وشەکانی ( چۆن ، ڕۆیشتن ) لە پەیوەندیدان ، دەکرێت ئاماژە بەوەبدرێت ، کە پەیوەندییە واتاییەکان بەرێژەیەکی زیـاتر لـە ئاسـتی سـتوونیدا دەردەکـەون، لەبەرئـەوەی وەکو پێشتر ئامـاژەی پێـدرا ، کەپەیوەندییـە واتاییـەکان پەیوەنـدیی نێـوان یەکـەکانی زمانـە هەربۆیە ئاستی ستوونیش دەرخستنی ئەو پەیوەندییە ، کەلەنێوان دانەکانی زمان لە پێکهاتەی ڕستەو فرێزەکاندا هەیە و لەگەڵ دانەکانی تر کـە لـەدەرەوەی پێکهاتـەی ڕسـتە و فرێزەکانـدا نییە و دەتوانرێ لەبری یەکتری دەربکەون.

ئەم دوو پەیوەندییە لەهەموو ئاستەکانی زماندا هەیە . واتا هەمو یەکەکانی زمان خاوەنی ئەم دوو پەیوەندییەن . گرنگی پەیوەندییە واتاییەکان لەوەدایە لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەدا ڕۆڵیا هەیە ، چونکە مەرج نییـە هـەموو وشـەیەك واتـای سـەربەخۆ ( ڕاسـتەو خـۆ ) ی هـەبێ بۆنموونە : وشەکانی وەکو ( چیا ، گوڵ ، ڕووبار ، خانوو ، ئۆتۆمبیل ...) واتای سـەربەخۆیان هەیە ، بەڵام مۆرفێمەکانی ( لە ، دە ، بۆ ، بە ، ەکە ) کە مۆرفێمی ڕێزمانی و ناڕێزمانین واتای سەربەخۆیان نییە . هەندێکییان ئەرکی داڕشتن و هەنـدێکییان ئـەرکی ڕێزمانییـان هەیـە ، ئـەو ئەرکەش لەڕێی پەیوەندییەوە لەگەڵ وشەکانی تـردا دیـاری دەکرێـت ، وەکـو ( بـە ) بەتـەنها واتای نییە بەڵام لەگەڵ وشەی تردا لە پێکهاتەی وشەدا ڕۆڵی چالاکی لە دروسـتکردنی وشـەی نوێدا دەبێت ( بڕوانە (14))

(14) أ ــ ناوی لێکدراو ــــــــ کار بەدەست

ب ــ ئاوەڵناوی لێکدراو ـــــــ لێو بە بار

ج ــ ئاوەڵکاری لێکدراو ـــــــ دەستبەجێ

سۆسێر سەرچاوەی پەیدابوونی ئەم بیرۆکەیەیە(پەیوەندییە واتاییـەکان). بـیرو بۆچـونی جیـا جیا لەم بارەیەوەخراوەتە ڕوو لەوانە:

1− " پەیوەندییە واتاییەکان ، یاسایەکی ئاڵۆزە ، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان یەکەکانی زمان ، کە زیاتر وشەکان پێکی دەهێنن ، واتا پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان ". (ف . پالمەر : 1985 ص : 3_4 ) .

ئالۆزییەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە هەر دانەیەك ، هەمیشە لـە دوو پەیوەندیدایـە ، یـەکێکیان لەگەڵ دانە دەرکەوتووەکاندا لەئاستی ئاسۆیدا و ئەوی دیکەیان لەگـەڵ دانـە دەرنەکـەوتوەکان لەئاستی ستونیدا .

2– پەیوەندییە واتاییەکان (بریتییە لە پەیوەندیی نیوان وشەکانی زمان). (محەمەد معـروف فەتاح (1990: 163) واتا وشەکان بەتەنها واتایەکیان هەیە ، بەڵام بەهاورێیـەتی کردنـی لەگـەل وشەی تردا لەئاستی سینتاکسدا دەکرێت واتای تریش وەربگرێن ، واتە واتـای وشـە بەپێکـەوە هاتنی لەگەڵ وشەی تردا دەشێت واتاکەی بگۆرێت.

3–"بریتییـە لـەو پەیوەندییـە واتاییانـەی کەلـەنێوان وشـەکاندا دەبینرێـت لـە دروسـتەی ژمارەیەکی (بێکۆتا ) لە ڕستەی واتاداردا ". ( حازم علی کمال الدین : 2007 : 154 ).

هـەبوونی پەیوەندییـە واتاییـەکان لـە نێـوان یەکـەکانی زمانـدا، هۆکـارە بـۆ گـۆڕان و پێشکەوتنی واتای وشە، کە ئەمەش دیاردەیـەکی سروشـتییە و لـە هـەموو زمانەکانـدا هەیـە ، گۆڕانی واتای وشە و توانای بە کارهێنان لە گەیاندنی واتای جۆراو جۆر و شوێنی جیاواز ، بە زۆری هۆکارە بـۆ پەیـدابوونی دیاردەکـانی (هـاو واتـا ، دژواتـا ، هاوبێـژ ، فرەواتـا ...هتـد). پەیدابوونی ئەم دیاردانەش لە هەموو زمانەکاندا پێویسـتە، بۆچـونێکی وا خراوەتـە ڕوو وەکـو "وشەکانی زمـان وەکـو گیانلەبـەر لـەبوون و زاوزێ و پەرەسـەندندان جۆرەهـا گـۆران بەسـەر ڕەواڵەت و ناوەرۆکیاندا دێت". (د.نەسرین فەخری:1997: 643) .

کەواتە پەیوەندییە واتاییەکان : بریتییە لە پەیوەنـدیی نێـوان کەرەسـتەکانی زمـان ، بـۆ زیـاتر ڕوونکردنەوەی واتای وشە ، ئەم دیاردەیەش تەنها لە وشەدا نییە ، بەڵکو لە گرێ و ڕستەشدا هەیە ، چونکە وشە لەم شوێنانە واتای نوێیـان بـە هاوڕێیـەتی لەگـەڵ وشـەی تـردا بـۆ دروسـت دەبـێ . زۆربەی زمانەوانەکان بە زمانەوانە دێرین و نوێیەکانەوە لەم پەیوەندییە واتاییانەیان کۆڵیوەتـەوە ، وەکـو (هاوواتـا ، دژواتـا ، هاوبێـژ ، فرەوەتـا ، گرتنـەوە...). ئـەم لێکۆڵینەوەیـەش بەپێویسـتی دەزانێت بیانخاتە بەرچاو.

## 3-1-1-1/1 (هاوواتایی ( synonymy ) :

ئەم دیاردە واتاییە کاریگەریی گەورەی هەیە بـۆ نەهێشـتنی تەومـژی زمـانی چ تەومـژی سینتاکسی بێت بەهۆی رۆنانەوە ، یان لێڵیی فەرهەنگی بە هۆی وشە فرەواتا و هاوبێژەکانەوە پەیدا دەبێت ، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە فراوانبوونی واتا و مەبەست بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا. ئەم دیاردەیەی بواری سیمانتیك ئاماژە بەوپەیوەندییە واتاییەی ، کە لە نێوان وشەکانی زماندا هەیـە دەدات ، چـەندین پێناسـە دەربـارەی هاوواتـایی خراونەتـە ڕوو ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـە پێویستی دەزانێت هەندێك لەو پێناسانە بخاتە بەرچاو.لەوانە:

1- " دوو وشەی تاك یان چەند وشەیەك یەك واتایان هەبێت و شوێنی سەربەخۆیان هەبێت بۆگەیاندنی واتا. لێرەدا ئاماژە بە تایبەتمەندی شوێنی دراوە بۆ هاواتا بوون وەکو مەرجی هاواتایی" .(عبدالحمیدحسن : 1971 : 72) .

2- "وشە تاکەکان وەکو یەك بن لەسەر یەك ناونراو بەشێوەیەکی وا کە یەك واتایان هەبێت پێی دەڵێن هاوواتا ". (علی زوین : 1986 : 135).

3-"هاوواتا دوو وشە یان زیاتر دەگرێتەوە ، کە لە زۆربەی نیشانە سیمانتیکییەکاندا هاوبەش دەبن ". (هێرۆ ئەحمەد حەمە غریب : 2014 : 167).

## 1-3-1-1-1/1 ) هاوواتای لە نێوان بۆچوونی بوون و نەبووندا :

لەبەر ئەوەی هەر دیاردەیەکی واتایی وەکو هەر بابەتێکی تری زانستی زمان لەلایەن زانایانی بوارە تایبەتەکانی زمانەوە بە پێی تێۆری جیاواز دەخرێتە ڕوو، بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت لەبارەی بوون و نەبوون و سنووری ئەم پەیوەندییە واتاییە لە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکاندا هەست بە جیاوازیەکی فراوان دەکرێت ، بۆچوونەکانیش خۆی لە دوو کۆمەڵەدا دەبینێتەوە کە کۆمەڵەی یەکەم دەبێت بە دوو دەستەوە :

## کۆمەڵەی یەکەم :

ئەوانەی کە بڕوایان بەبوونی هاوواتایی هەیە ، بوونی دەسەلمێنن ، ئەمانیش دوو دەستەن :

**دەستەی یەکەم** / ئەم دەستەیە چەمکەکانیان نەبەستۆتەوە بە هیچ بنەما و مەرجێکەوە ، بەڵکو چەمکی ماناکانیان فراوانکردووە ،واتە ئەم دەستەیەی زمانەوان ئاماژەیان بە نزیکی لەواتادا کردووە ، نەك یەکسانی لە واتا. بە ئاسانی بوونی هاوواتا دەسەلمێنن. وەکو (لاینز، leech ، lohner) .

1-"زیاتر لە فۆرمێك پێکەوە واتایەکیان هەبێت" . (leech,(1975: 61))

2- "ئەو وشانەی کە واتایەك دەگەیەنن دەبن بە هاوواتا ". (جۆن لاینز ، (1981 :73)).

3-"هاوواتایی بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر کە هەمان واتایان هەبێت". :Lohnar,( 2002 (46)) .

( ئەم زمانەوانانە ئاماژەیان بە تەواوی شوێن گرتنەوەی وشەکان نەداوە و سنووری هاو واتای فراوان دەکەن ، پێیان وایە دەبێت وشە هاو واتاکان لایەنی کەم لە هەندێ دەوروبەردا شوێنی یەکتر بگرنەوە ) . ( بێستون حەسەن ئەحمەد ، 2012: 245-246) .

ئەو زمانەوانانەی کە سنووری هاوواتایی فراوان دەکەن ، پێیان وایە لەگەڵ واتای هۆشەکیدا ئەو واتا بارکراوەی ، کە وشەکە هەیەتی دەنوسرێ ، لەبەر ئەوەی زۆرجار واتای هۆشەکی و

واتای بارکراو نزیکی و تێکەڵبوون لە نێوانیاندا دروست دەبێ ، واتە دەتوانرێ واتای هۆشەکی ببێت بە واتای بارکراو بە پێچەوانەوەشەوە .(حاکم مالك زیادی ، (1980: 73)) . ئەمیش بەهۆی بە کارهێنان واتا بارکراوەکە بەرانبەر(هاوشانی) بە واتا هۆشەکییەکە ، بۆیە دەکرێت بوترێت مەرج نییە هاوواتایی تەنها لە واتای هۆشەکی وشەکاندا دروست ببێت ، بەڵکو دەکرێت هاوواتایی لە نێوان ئەو دوو جۆرەی واتا (هۆشەکی و بارکراو)دروست ببێت ، چونکە هەندێك جار واتای بارکراوەکە بەهۆی زۆر بە کارهێنانیەوە دەبێت بە واتای هۆشەکی بەم پێیە پێیان وایە واتای هۆشەکی و واتا بارکراوەکە دەبنە هاوواتا بۆ وشەکە( بڕوانە (15)) .

(15) کچ = زەعیفە .

ئەو کچە بێ تاوانە .

ئەو زەعیفەیە بێ تاوانە .

**دەستەی دووەم/** ئەم دەستەیە بوونی هاوواتایی دەبەستنەوە بە چەند مەرج و بنەمایەکەوە :

1-دەبێت دوو واتاکە وەك یەك بن هیچ جیاوازییەکی واتاییان نەبێت ، ئەمانە ئاماژە بە واتای یەکسان دەکەن.

2-هاوواتایی ڕاستەقینە ئەوەیە کە وشەکان سەربەیەك زاربن نەك دوو زاری یەك زمان .

ئەم مەرج دانانەش دەبێتەهۆی تەسکردنەوەی سنووری هاوواتایی . ئەو نووسەرانەی سنووری ئەم دیاردەیە تەسك دەکەنەوە وەکو (ستیفن اولمان ، کلودجیرمان و ریمولبلان ...هتد ) . لە خوارەوە چەند پێناسەیەکی ئەم زمانەوانە بۆ هاوواتایی دەخرێنە ڕوو :

1- "هاوواتای واژەیەکی یەکگرتووە لە ڕووی واتاوە توانستی جێگرتنەوەیان هەیە لە هەموو شوێنێکدا".(ستیفن اولمان، (1977: 119))

2- "هاوواتای ئەو وشانەن کە لە هەموو چوارچێوە و بە کارهێنانیکدا دەتوانین بیان گۆرینەوە بە یەکتری یان لەبری یەکتر بە کاریان بهێنین". (کلودجیرمان و ریمولوبلان، (2006 :46)).

ئەو زمانەوانانەی سنوورەکە تەسك دەکەنەوە ، پێیان وایە دەبێت وشەکان لەهەموو دەوروبەرێکدا جێگەی یەکتر بگرنەوە , هەروەها وای بۆ دەچن دەبێت دیاردەی هاوواتایی تەنها لە واتای هۆشەکیدا دروست ببێ ، یەکسانی لە واتادا بە ڕێژەیەکی زۆر بە هۆکاری دیالێکت (بڕوانە(16 ، 17 )) و هەندێ زاراوەی پزیشکی پەیدا دەبێ (بڕوانە( 18 ، 19 )) .

(16) یاپراخ =دۆلمە .

(17) ساغکردن = چاککردن .

**هەروەها هەندێ زاراوەی پزیشکی** (بڕوانە (17 ، 18 )).

(18 ) H5N1=ئەنفلۆنزای باڵندە .

(19 ) H1N1= ئەنفلۆنزای بەراز .

**کۆمەڵەی دووەم /**

کۆمەڵەی دووەم نکوڵی لە بوونی ئەم دیاردەیە(هاوواتا ) دەکەن ، چونکە ناتوانرێت دوو یەکەی وەکو یەك ببینرێن ، کە لەهەموو دەوروبەرێکدا بتوانێت جێگەی یەکتر بگرنەوە .لەم بارەیەوە: جۆرج دەڵێت : "ئەگەر دوو وشە هاوواتا بوایە لە هەموو لایەنێکەوە هیچ پێویستی نەدەکرد ئەو دوو وشەیە بەیەکەوە بن " .(عەبدوالواحید مشیر دزەیی ، ( 2009 : 112)).

ئەو بۆچوونانەی خرانەڕوو جگە لە ئاماژەکردن بە بوون یان نەبوون ، سنووری دیاردەکەش دیاری دەکەن . ئەمیش زیاتر لە کۆمەڵەی یەکەمدا بەدیار دەکەوێت ، ئایا سنوورەکەی فراوان دەکەن یان تەسکی دەکەنەوە؟ تێڕوانینی زمانەوانەکان لە بارەی سنووری هاوواتا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێبازانەی ، کە لە کارەکانیاندا پەیڕەوییان کردووە . ئەو تێڕوانینانەش دەبنە هۆی جیاوازیی لە دیاری کردنی چەمکی هاوواتادا .

**2-3-1-1-1/1 ) خستنە ڕووی چەمکی هاوواتا لای زمانەوانەکانی هەر ئاستێك:**

بەلای زمانەوانانی ئاستی سینتاکسەوە وشە هاوواتاکان ئەو وشانەن ، کە سەر بەیەك بەشی ئاخاوتنن وەکو(ناو ، ئاوەڵناو ، کردار... هتد) و دەتوانن بە بێ گۆڕانی واتایی لە ڕستەکاندا جێی یەکتر بگرنەوە جا بکەر بن ، بەر کار یان کردار .

لەبەر ئەوەی هەریەکە لە وشە و دەستەواژەکانی زمانیش (ناو ، ئاوەڵناو ، کرداری) جگە لە واتا سەرەکییەکانیان ، هەڵگری واتایەکی شاراوەشن ، هەندێکجار وشە هاوواتاکان لە پێکهاتەی ڕستەدا لەگەڵ واتا شاراوەکانیاندا هاوواتایی دروست دەکەن . بڕوانە (20 ، 21)

(20 –أ) ئەحمەد شاگردی کاروانە .

(20–ب) کەواتا ئەحمەد و کاروان وەستاو شاگردن .

(21–أ) بەناز و سارا هاو تەمەنن .

(21–ب) کەواتە بەناز و سارا لە یەك ساڵدا لەدایکبوون .

ئەم ڕستانە دەبن بە هاوواتا کاتێك ، کە واتاکانیان یەکتر بگرێتەوە (أحمد ابو محبوب : 1383 : 131)

بەلاَم بەلای زمانەوانی ئاستی سیمانتیکەوە دوو وشە و دەربڕین کاتێك دەبن بە هاوواتا ، کەبتوانن لە هەموو سیاقێکدا بێ کارکردنە سەر واتای ڕستە جێگەی یەکتر بگرنەوە. (دارا حمید محمد ، ( 2010 :89–90)) (بڕوانە (22 ، 23 ، 24 ، 25 ، 26 )) .

(22) ناو(بکەر)

22–أ) دارا نانەکەی خوارد.

22–ب)نەوزاد نانەکەی خوارد.

(23) ناو (بەر کار)

23–أ) دارا سێوەکەی خوارد.

23–ب)دارا پرتقاڵەکەی خوارد.

(24)ئاوەڵکردار:

24–أ)ئەحمەد باش دەخوێنی.

24–ب)ئالان چاك دەخوێنێ.

(25)ئاوەڵناو:

25–أ)مرۆڤێکی بێ هێزە .

25–ب)مرۆڤێکی لاوازە.

25–ج)مرۆڤێکی بێ تاقەتە.

(26) کردار:

26–أ)سەردار بۆ بازاڕ چوو.

26–ب)سەردار بۆ بازاڕ رۆیشت.

## 3-3-1-1-1/1 ) **گرینگی هاوواتایی :**

ئەوەی لە هاوواتایدا گرنگە بریتییە لە :

1–ئەم دیاردەیە یارمەتی قسەکەر دەدات ، کە قسەکانی جۆراو جۆر بکات .(ئارا عەلی ئەحمەد ،2007: 9).

2–لە ئاخاوتنیشدا وا دەکات ، کە گوێگر بێزار نەبێت و چێژ لە قسەکانی قسەکەر وەربگرێت.

3–هەروەها زمان پاراوی زیاتر دەکات . (عبدالرحمن بن حسن محسن ، 2009 : 17 ).

4–دووبارەکردنەوەی وشە گرنگەکان لەڕێگای بە کارهێنانی وشە هاوواتاکانەوە ، وادەکات دەقێکی گرنگ دروست بێن.

5– لە بری دووبارەکردنەوەی وشەیەك ، وەکو هۆی لکاندن لە دەقدا ئەم دیاردەیە بەکاردەهێنرێت . (شێرکۆ حمە امین، (2009: 83)).

6– ڕادەی وشیاری و بەئاگایی قسەکەر بەرامبەر بە وشە ، هاواتاکانی زمانەکەی خۆی بۆ دەردەکەوێت .

7– هەروەها ئەم دیاردەیە وادەکات دەربڕینەکانمان ڕازاوەتر و نەرمو نیانتر و سـەرنج ڕاکێش تربن و بیرەکانمان بە شێوەیەکی دوور لە بێزاری بگەنە گوێگر.(ڤـ . نـــ . کلیوێڤا ، (1961 : 3)).

8–لە نوسین ودەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا بـەزۆری فەرهـەنگ نوسـەکان لـە دەربڕینـی واتـای وشەکاندا هاوواتایی بە کاردەهێنن . (سیما وزیرنیا :1379 : 82).

9– بەهۆیەوە دەربڕین فراوانتر دەبێت . (ڕا . بوداگەڤ :1974 : 59).

10– هۆ کارە بۆ ڕێگرتن لە لاوازی دەق .

تێڕوانینی زمانەوانەکان بۆ دیاردەی هاوواتایی وایانکرد ، کە جۆرەکـانی هاوواتـا لـە زمانـدا دروست ببن ، ئەوانیش هاوواتایی (تەواو ، ناتــەواو ، هاوواتـا ئاسـا ، نیمچـە هاوواتـا، هاواتـای دەوروبەر، هاوواتایی شیکردنەوە، هاوواتایی شاراوە) کـە لـە جۆرەکـانی هاوواتایـدا ئاماژەیـان پێدەدرێت.

## 4-3-1-1-1/1 ) جۆرەکان هاو واتـایی

## 1-4-3-1-1-1/1 )هاوواتـای تەواو ( perfet syoymy ):

تێڕوانینی زمانەوانەکان لەبارەی ئەم جۆرەی هاوواتاییەوە لێکەوە نزیکە ، زۆربەیان باوەڕیان وایە لە زماندا نییە ، گەر هەشبێت لە سـنوورێکی کـەم واتـە لـە بـەکارهێنانێکی کەمـدا دەبێـت .(شیروان حسین حمد ،2010: 28)،

(گودمان) دەڵێت : " هیچ دوو وشەیەك نییە کە بتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە بێ ئەوەی واتای ڕاستەقینە نەگۆڕێت " . ( وەرگیراوە لە ، عەبدوالواحید مشیر دزەیی ، (2009 : 113 )) .

(سترۆك ) ئەوەدەخاتەڕوو : " هەموو وشەیەك کاریگەرییـەکی سـۆزی و هێمـایی هەیـە ، بۆیـە مەحاڵە هاوواتای تەواو لە زماندا هەبێت ". (سەرچاوەی پێشوو ، 113 ) .

هاوواتـایی "دوو وشــە یـان زیـاتر بەتــەواوەتی هاوواتـا دەبـن لەگـەڵ یەکتردا،قسـەپێکەرانی زمانەکە بەهیچ جۆرێك هەست بە جیاوازی نێوانیان نەکەن و بەسەربەستیش بتـوانن لـە هـەموو دەوروبەرێکدا ئاڵوگۆریان پێبکەن ". (أحمد مختار، 1982: 220).

لاپین دەڵێت " گەرمەرجمان دانا کە هاوواتا دەبێت دوو دەربڕینی وەك یەك بن، بتـوانن شـوێن بگـۆڕن لەهــەموو قسـەکردنێکدا ، ئـەوا بەئاسـانی دەتـوانین بڵـێین کـە دوو دەربـڕین لـە هـیچ زمانێکدا هاوواتایی تەواو نابن ". (أحمد مختار ،( 1982 : 217)).

## 1-1-4-3-1-1-1/1 )هۆکارەکانی پەیدابوونی هاوواتـایی تەواو :

1– هاوواتایی تـەواو بـە هـۆی زارە جیاوازەکـانی زمانێکـەوە پـەیدادەبن ، هەرناوچـەو زاری تایبەتی خۆی هەیە وەکو (شێوەزاری سلێمانی ، کەرکوك ، گـەرمیان ، هـەولێر) (بڕوانـە(27 ، 28 ، 29 ، 30 ، 31 ، 32، 33 ، 34 ، 35)) .

– جیاوازی زار.

(27) قارچك = كارك

(28)ناوچەوان = تەوێڵ

(29)مەنجەڵ = قازان = قوشقاپ .

(30)ئەژنۆ = زرانی .

(31)دووپشك = كولاژدم .

(32) داخوازی = وێجی = خوازبێنی .

(33) زنج = چەناگە .

(34)هامشۆ = هاتوچۆ .

(35)ناوچەوان = توێڵ

2– هەروەها بوونی ئەدەبیاتی حیزب و لایەنە جیاوازەكان هۆ كارێكی تری دروست بوونی وشە هاوواتاكانن (بڕوانە (36 ، 37 ، 38 ، 39 ، 40 ، 41 )) .

(36) قوتابی = خوێندكار .

(37) گەنجان = لاوان .

(38) ژن = ئافرەت .

(39)مەڵبەند = لق .

(40)ناوچە = كۆمیتە .

(41) پێشمەرگە = شەڕڤان .

3– وشە هاوواتاكان لەململانێدان ، لە قۆناغێكی دیاریكراودا بەرانبەر بەیەكتری دەوەستن ، دەتوانن لەو قۆناغەدا جێگەی یەكتر بگرنەوە ، بەدرێژبوونەوەی كات یەكێك لە وشەكان زیاتر لە دەوروبەرە جیاوازەكاندا بە كاردەهێنرێت ، واتە كات هۆكارێكی تری پەیدابوونی ئەم دیاردەیەیە.

4– هۆكارێكی دیكە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانە بەردەوامەی بەسەر واتای وشەكاندا دێت ، (چونكە ئەو وشانەی كە بە هاوواتایی تەواو دادەنرێن بۆ ماوەیەكی كەم بە هاوواتایی تەواو دەمێننەوە ، دواتر چەمكەكانیان لێڵیی و تەمو مژی دروست دەكەن).(ستیڤن اولمان ، (1997: 119)) ( بڕوانە ( 42 ، 43 )) .

(42) گرێی ناوی = فرێزی ناوی

(43) ئامرازی خستنەسەر = ئامرازی دانەپاڵ.

( گرنگیی وشەكانی زمان و ڕۆڵیان لە زماندا بەپێی كۆن و نوێی وشەكان نییە ،بەڵكو بە پێی بە كارهێنانە). (دارا حمید:2010 :90_91) ، وشە هەیە لە زماندا بە هۆی دیاردەی

تەسکبوونەوەی واتاوە هەندێ وشە بە کارهێنان کەمتر بووەتەوە ئەمیش مانای ئەوەنییە هەر بە کارناهێنرێت ، بەڵکو لەناو چینێکی دیاری کراوی کۆمەڵدا بە کاردەهێنرێت ، هەروەها تیگەیشتنیش دینێتە ئاراوە ، ئەمانەش دەکرێت بە هاوواتا بۆ واتا نوێیەکە ، کە لەلایەن چینێکی تازەتری کۆمەڵەوە بە کاردەهێنرێت ، چونکە هەردوو وشەکە بۆ هەمان واتا لە هەمان سەردەمدا بە کاردەهێنرێت . ( بڕوانە (44، 45 ، 46 ، 47)) .

(44) داخستن = پشکۆڵ دان

44-أ)دەرگاکە دابخە .

44-ب) دەرگاکە پشکۆڵ بدە.

44-ج) دەرگاکە داخراوە .

44-د) دەرگاکە پشکۆڵ دراوە

(45) وازلێهێنان = دەغڵنەکردن

45-أ) واز لە منداڵەکە بهێنە.

45-ب)دەغڵی منداڵەکە مەکە.

(46) یاری = جگانێ. (فەتاح مامە : 2004: 108).

(47) تێلاّ = تەپان. (داود محمد شرۆڵ :1987: 100) .

### 2-1-4-3-1-1-1/1 )مەرجی زمانەوانەکان بۆ هاوواتایی تەواو :

1-ڕێکەوتنی تەواو لەواتای وشەکاندا : پێویستە ئەو دوو وشەیەی دەبن بە هاوواتایی تەواو لای قسە پێکەرانی یەك شێوە زمان (زار) ڕوون و ئاشکرابێ ، واتە قسە پێکەرانی زارە جیاوازەکان لە واتای وشە هاوواتاکان بگەن. بڕوانە:

گەرکەسێکی ناوچەی سەر بە زاری ناوەڕاست واتای وشەی (کاڵەك)بزانێ بەلاّم لە وشەی (گندۆرە ) نەگات ئەوە بە هاوواتا دانانرێت.

2-دەبێت وشە هاوواتا تەواوەکان سەر بەیەك سەردەم بن ، واتە لە سەردەمێکی نزیك یەك بە کاربهێنرێن نەك دوو سەردەمی جیاوازی دوور لەیەك ، چونکە وشە بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت ، هەندێك واتا وەردەگرێت و هەندێك واتا لە دەست دەدات ( بڕوانە ( 48 ، 49 ))

(48) ڕووتەوەکردن = دزیکردن

(49) دیدەنی = چاوپێکەوتن =دیمانە

بە پێی ئەو مەرجانەی ، کە بۆ هاوواتای تەواو دانراون ، لە زۆربەی توێژینەوەکانیشدا گریمانی دەگمەن بوونی هاوواتای تەواو لەزمانە سروشیتەکاندا ، بەو شێوەی کە بتوانرێت لە گشت دەق و دەوروبەرەکاندا بە کاربهێنریت دەکرێت . ئەم توێژینەوەیەش لەگەڵ بۆچوونی

دەگمەن بوونی هاوواتای تەواو هاوڕا و هەمان بۆچونە ، چونکە زۆربەی ئەو نمونانەی کە بۆ هاواتای تەواو دەهێنرێنەوە بە پێی دەوروبەری کۆمەلایەتی و زمانی دەگۆڕێن و هەروەها نموونەکان ناوچەین و سەربە دیالێکتی دیاریکراون، وەکو لە نموونەکانی (هاوواتایی تەواودا) دەردەکەوێت.

### 1/1-1-1-3-4-ب) هاوواتایی ناتەواو :

شوێن و دەوروبەری زمان لەم جۆرەدا ڕۆڵی سەرەکییان دەبێت ، ئەم جۆرە لە هەموو ئەو یەکە واتایانەدا هەیە ، کە دەتوانن لە هەندێ دەوروبەردا لەبری یەکتر بێن، چونکە یەکە واتاییەکان بەپێی مەبەستی قسەکەر بە ئاسانی دەتوانرێت لە هەندێك دەوروبەردا لە شوێنی یەکتر بێن . لە نێو هەموو زمانێکیشدا هەست بەبوونی دەکرێت، بە جۆرێك کە "دوو وشە یان زیاتر لەڕووی واتاییەوە ئەوەندە لێك نزیکن ، جیا کردنەوەیان کارێکی ئاستەمە " (احمد مختار عمر :1983: 221).لەم جۆرەدا ئاماژە بە نزیکی لە واتادا دەکرێت ( بڕوانە (50 ، 51 ، 52 )).

(50) شکاندن = تەقین

(51) منداڵبوون = بەچکەبوون.

(52) فراوان = زۆر

### 1/1-1-1-3-4-ج)نیمچە هاوواتا :

ئەم جۆرەی هاوواتا لەو وشانەدا دەردەکەوێت ، کە واتاکانیان لەیەکەوە نزیکە ، بەلام لە سیمایەکدا جیاوازییان هەیە و بۆ دەوروبەرێکی دیاریکراو دەست دەدەن . ( بڕوانە ( 53، 54 ، 55)).

(53) هاتن = ئامادەبوون

(54) بەئاگا= وریا

(55) شایی = ئاهەنگ (تالب حسین عەلی ، (2011 : 74)).

### 1/1-1-1-3-4-د)هاوواتایی دەوروبەرند( Context-dependent) synonyms:

هەر وەکو لە ناوەکەیدا دیارە ، هاوواتابوون لەم جۆرەدا بەندە بەو شوێنەی ، کە وشەکان تێیدا دەردەکەون، واتە لەو وشانەدا دەردەکەوێت ،کە شوێن ڕۆڵی لە هاوواتابوونیاندا هەیە . (بڕوانە (56 ، 57 )) .

(56) ئاوێکی زۆرم ڕشت.

(57) ئاوێکی باشم ڕشت .

بەپێی ئەم جۆرەی هاوواتایی هەندێکجار وشە (دژیەکەکان)یش دەبن بە هاوواتا( بڕوانە (58، 59 )) .

(58) لێدانێکی چاکی لێدا .

(59) لێدانێکی خراپی لێدا.

وشەکانی (چاك ) و (خراپ) کە لە فەرهەنگدا وشەی دژیەکن ، بەڵام بەپێی ئەو نموونانەی خرانە ڕوو دەردەکەوێت کە وشەکانی ( چاك ) و (خراپ )بە پێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەرکەوتوون دەبن بە هاوواتا ." زۆر جار ئەم وشانە(وشەی هاوواتایی دەوروبەر) جیاوازن و ناکەونە یەك بواری واتاییەوە بەپێی هێڵکاریی واتای تەواو جیاوازن". (میترا معدنی:1383: 109)

ئەم جۆرەی هاوواتایی " هاوواتایی بە ئەو وشانە دەوترێت کە بەگوێرەی دەوروبەر بتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە". (کورش صفوی : 1384 : 124) .

## 1/1-1-1-3-4-ی )هاوواتای شاراوە (implicational synonymy ):

لەم جۆرەی هاوواتایدا ، واتای پراگماتیکی ڕۆڵ دەبینێت ، پەیوەندیی بە شارەزای واتا لێکدانەوە و کلتورەوە هەیە، کلتور ڕۆڵی هەیە لە پێدانی ماناکان ،( لە واتای شاراوەدا وشەکان دەبن بە هاوواتا بۆ یەکتر ، ئەمیش زیاتر لە لێکچوندا دەر دەکەوێت ) . (شێروان حسین حمد : 2010،: 31)( بڕوانە (60 ، 61 ، 62 )).

(60)ئامینە دەڵێی گوڵەباخە.

(61)ئامینە دەڵێی مانگەشەوە.

(62)ئامینە دەڵێی پەرییە.

لێرەدا وشەکانی (گوڵە باخ، مانگە شەو، پەری) بەپێی ئەو واتا شاراوەی ، کە هەیانە دەبن بە هاوواتایی شاراوە.

هەروەها دەبێت گوێگر توانای شیکردنەوەی واتای وشەکانی(گوڵە باخ، مانگە شەو، پەری) هەبێ ، لێرەدا ئەو وشانە وەسفی جوانی (ئامینە) دەکەن ، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی خاوەن زمانەکە دەبێت توانای شیکردنەوەی واتای ئەم وشانەیان هەبێت و واتە لەمەبەستی قسەکەر تێ بگەن .

## 1/1-1-1-3-4-ە )هاوواتای شیکردنەوە ( Analytic synonymy ):

پەیوەندیی شیکردنەوە لە نێوان یەکە زمانییەکاندا هەیە. لەم جۆرەدا وشەیەك بەهۆی وشەیەکی ترەوە شیدەکرێتەوە ، بەگشتی پەیوەندیی نێوان وشەکان لەوەدایە(کەیەکێکیان ناسێنەری ئەوی دیکەیە و مەحەکی وشەی جێگیرمان بۆ دەردەخات). ( شێروان حسین، وەرگیراوە لە کۆرش صفوی ، ( 2010 : 32 )) . ( بڕوانە ( 63 ، 64 ، 65 ، 66)) .

(63) ی . ن . ک ______ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان .

(64) پ . د . ک _______ پارتی دیموکراتی کوردستان

Knn(65) ______ Kurdish news network .

cnn(66) ______ cable news network .

## 1/1-1-1-3-4-ح) هاوواتا ئاسا :

ئەو وشانەن کە واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن ، بەڵام لە زۆر شوێن و دەوروبەردا لێك جیا دەبنەوە ، لێك جیا بوونەوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری شێواز ، بڕوانە ( 67 ، 68)، هەندێکجار یەکێك لە وشە هاوواتاکان لە چەند فرێزێکی دیاریکراودا ، دەبن بەهاوواتا(بڕوانە (69 ، 70 )).

**هۆکاری شێواز:**

(67) برۆ – فەرموو

(68) تۆ – بەرێزت

چەند فرێزیکی دیاری کراو :

(69) نەکلۆك ، نەساز

69 _أ) چاوان منداڵێکی نەسازە.

69 –ب) ؟ چاوان منداڵیکی نەکلۆکە.

(70) بڕین – ڕووتانەوە

71–أ) دوکانەکەی بڕی.

71–ب) دووکانەکەی ڕووتانەوە .

لێرەدا ( بڕین و ڕووتانەوە ) هاوواتان بۆ کاری ( دزی ) .

کەواتە هاوواتایی پەیوەندیی واتای نێوان کەرەستەکانی زمانە چ لە ئاستی تەکنشینی یان ئاستی جێنشینی کە لە واتادا لە یەکەوە نزیکن یان وەکو یەکن ، بەڵام لە لایەنی فۆنەتیکی (خوێندنەوە)و لە ڕەواڵەتدا (نوسین) جیاوازن.

## 1/1-1-1-4 ) دژواتای :

ئەم پەیوەندییە واتاییە تەنها لە نێوان ئەو دوو وشانە دا دەردەکەوێت ، کە هەریەکەیان جەمسەرێکی گرتووە و ڕۆڵێکی گرنگی لەڕوونکردنەوەی واتای وشەدا هەیە ، هەندێ جارمرۆڤ بۆ تێگەیاندنی کەسێك پەنادەباتە بەر دژ واتای ئەو وشەیە. ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێك لە وشەکان ئەندامی دوو کێڵگەی واتایین ( بڕوانە (٧١ ، ٧٢ )) .

(٧١) سەلار

٧١–أ) بۆ ئاوەڵناو : ئەڤین منداڵێکی سەلارە .

٧١–ب) بۆ ناو : سەلار منداڵکی پاکە .

(٧٢) هێمن

٧٢–أ) بۆ ئاوەڵناو : ئەو کوڕێکی هێمنە.

٧٢ –ب) بۆ ناو : هێمن کوڕێکی زیرەکە .

لێرەدا دەبینرێت ئەو وشانەی لێڵیان دروستکردووە ، لەبەر ئەندام بوونیان لە دوو پۆلە ئاخاوتن ، بۆ ڕوونکردنەوەیان جگە لەوەی دەخرێنە چوارچێوەی ڕستە یان فرێزەوە ، لە زۆر باردا پەنا دەبرێتە بەر دژواتاکانیان.

بۆنموونە کچێك بە تەلەفۆن دەڵێت من ( جوانم )، کەسی بەرانبەر تێناگات ئایە مەبەستی ئەوەیە کە وەکو ڕووخسار جوانە یان ناوی ( جوانە) ؟، بۆ تێگەیاندنی بەرانبەر دەڵێت ناوم پێچەوانەی ناشرینە ، واتە ( ناوم جوانە). بۆ وشەکانی ( سەلار، هێمن )یش ، هەر بەو شێوەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو وشەیەك لەزماندا دژی هەبێت ، چونکە ژمارەیەکی زۆر وشە لە زماندا دژ واتایان نییە وەکو(بەرد ، کورسی ، گوڵ ، ئاو ).

دەکرێت بوترێت بنجی دروستبوونی زۆرێك لە دژواتاکان زیاتر بە هۆی ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار پەیدا دەبێ . دژ واتایی دەکرێت لەیەك ڕەگەوە وەر بگیرێت . ( بڕوانە (73 ، 74 ، 75 ، 76 ، 77 ، 78 ، 79 )) .

(73) هیوا X بێ هیوا .

(74) پەسەند X ناپەسەند .

(75) شاد X ناشاد .

(76)بەهێز X بێ هێز .

(77)خۆش X ناخۆش .

(78)بەهۆش X بێ هۆش .

(79)بەئاگا X بێ ئاگا .

کەواتە دژ واتایی : بریتیە لەوەی کە وشەکان لە واتادا پێچەوانەی یەکتر دەربکەون , چ دوو فۆرم هەبێت بۆ دوو واتا ، یان یەك فۆرك هەبێت ، بەڵام دوو واتای جیاوازیان هەبێت .

### 1-4-1-1-1/1 ) شێوەکانی دژواتا

### 1– دووفۆڕم و دوو واتای جیاواز:

دژواتایی بریتیه له وەی که "دوو وشه دوو واتای دژ بەیەك بگەیەنن ".: lobner,sestina (88: 2002). ( بڕوانە ( 80 )) .

(٨٠) پیس X خاوێن

**2–یەك فۆڕم و دوو واتا :**

(81) ڕواندن = چاندن X لابردن (وەدەرنان ).(هەژار , هەمبانە بۆرینە،349).

بوونی ئەو وشانەی ، کە یەك فۆڕم بن و دوو واتا بگەیەنێت یەکگرتنەوە لەگەڵ دیاردە واتاییەکانی تری وەکو (فرەواتا و لێڵیی و گرتنەوە ) دا دروست دەکات ، بۆیە ئالۆزی و تێکەڵی لە زماندا دروست دەکات ، دەبێتە هۆی درەنگ فێربوونی زمانی دووەم . نموونەی ئەم جۆرە لەزمانی کوردیدا کەمە.

## 2-4-1-1-1/1 ) جۆرەکانی دژواتایی :

## 1-2-4-1-1-1/1 ) جیاوازی (converseness) :

دژواتایی (تەواو و بێ پلە)یشی پێ دەوترێت . بەوە دەناسرێت ، کە ڕەتکردنەوەی یەکێکیان پەسەندکردنی ئەوی تریانە .(دارا حمید :٢٠١٠: 109 , پەروین عوسمان مستەفا :2009: , عبدالواحید مشیر دزەیی :2009: 97–98, تابان حەمەد سەعید، 2014 , تالیب حسین ,2011 ). وەکو لەوشەکانی (نێر , مێ ) (کچ , کوڕ )(مردو , زیندو)دەردەکەوێت ( بڕوانە ( 82 ، 83 ، 84 )) .

(82)نەسرین مرد .

(83)کەواتە نەسرین زیندوو نییە.

کە دەوترێت :

(84)هێشوو نەخۆشە .

کەوتە هێشوو لەش ساغ نییە .

## 1-1-2-4-1-1-1/1 )تایبەتمەندییەکانی دژواتای جیاواز :

1– دژواتایی جیاوازی پەیوەندیی بەو هاوواتایانەوە هەیە ، کە بەهۆی مۆرفێمی نەرێوە بەرامبەریان دروست دەکرێت ( شیروان حسین ، (2010: 38)).( بڕوانە ( 85 ، 86 ، 87 ، 88)) .

(85) ئارام X نائارام

(86) بەئاگاX بێ ئاگا

کە دەوترێت :

(87) ئەحمەد منداڵێکی ئارامە

(88)کەواتە ئەحمەد منداڵێکی نائارام نییە.

2–ئەم جۆرەی دژواتا ئەوەیە کە پلەی تێدا نییە ، واتە هەریەکە لە وشەکان جەمسەرێکی گرتووە. ئەوەی لەم جەمسەرە نەبێ جەمسەرەکەی تری گرتووە وەکو لە وشەکانی (خوشك ، برا )،(کوڕ ، کچ ) ، (پیاو ، ژن ) دا دەردەکەوێت ، پلە لە نێوانیاندا نییە ، واتا ناکرێت بڵێین (زۆر خوشکمە ، زۆر برامە ، زۆر کوڕە ، زۆر کچە ، زۆر ژنە ...هتد) بەڵام گەر وترا ( زۆر پیاوە ) ئەوا دەبێت بە وەسف پەیوەندیی بە پلەدارییەوە نییە . (بڕوانە (89 ، 90 ، 91 ، 92)) .

(٨٩)دنیا خوشکمە.

(٩٠)کەواتە دنیا برام نییە.

(٩١)*کۆچەر لە دڵنیا خوشکترە.

(٩٢)*کۆچەر لە دڵنیا زۆر خوشکترە.

2– پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، کە مەرج نییە هەموو جیاوازییەك ( بەرانبەری ) دژواتا بێت ، چونکە ئەوکۆمەڵانەی لە چەند کەرەستەیەکی جیاواز پێك دێن ئەوا کەرەستەیەك یان زیاتر بەرامبەرێتی . وەکو لە (ڕەش و سپی )دا دەردەکەوێت . (بڕوانە ( 93 ، 94 )) .

(93)کراسەکەی شیلان رەش نییە .

(94)کەواتە مەرج نییە کراسەکەی شیلان سپی بێت .

دەشێت ڕەنگی کراسەکەی شیلان یەکێك بێت لە ڕەنگەکانی تری کێلگەی ڕەنگ وەکو (سور ، شین ، زەرد ، سەوز ...).هەروەها دەکرێت ئەوە بخەینە ڕوو ئەگەر کێڵگەی ڕەنگ بۆ بواری تەختەی فێرکردن بە کاربهێننین ، ئەوا جیاوازییەکە دژواتایی دروست دەکات ، چونکە بۆ بواری فێرکردن لە دروستکردنی تەختەی نوسیندا ڕەنگەکان دیاریکراوە تەنها ڕەنگی (رەش و سپی )بە کاردەهێنرێت . هەروەها (ڕەش و سپی ، رەنگاورەنگ ) هەمان جیاوازی (ڕەش و سپی ) لەبواری تەختەی فێرکردن دروست دەکات .چونکە لە دروستکردنی ئامێری تەلەفزیۆندا بەهەمان شێوە ڕەنگەکان دیاری کراون ، ( بڕوانە (95 ، 96 ، 97 ، 98 ، 99 )).

(95)تەختەکە ڕەش نییە .

(96)کەواتە تەختەکە سپییە .

(97)ناتوانرێ بوترێ/* تەختەکە زەردە.

(98)تەلەفزیۆنەکە ڕەش و سپی نییە .

(99)کەواتە تەلەفزیۆنەکە ڕەنگا و رەنگە .

ڕەنگی تەختە وەکو ئاماژەمان بۆکرد تەنها لە دروستکردنی تەختەی نوسینی بواری فێرکردن دیاری کراوە ، بەڵام گەر تەختە بۆ دروستکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ناومالّی مرۆڤ بە کارهێنرا وەکو (کەوانتەر،کورسی ، مێز ،...) ئەوا جیاوازییەکە دژواتایی دروست ناکات ، چونکە ڕەنگەکان دیاری کراو نین. ( بڕوانە (100 ، 101 ، 102)).

(100)کاوەنتەرەکە ڕەش نییە .

(101)کەواتە مەرج نییە کاوەنتەرەکە سپی بێت .

(102)دەشێ کاوەنتەرەکە سور یان مۆر بێت .

### 1/1-1-1-4-2-2 ) دژواتای پێچەوانەیی :

بە دژواتایی (ناتەواو ، پلەدار) یش ناسراوە .ئەم جۆرەی دژواتایی لەسەر بنەمای بەراوردکردنی دوو وشە دامەزراوە ( دارا حمید محمد، ( 2010 : 111 )) ، وەکو لە وشەکانی (سارد ، گەرم ) ،(تاریك ، ڕووناك ) ، (زیرەك ، تەمبەڵ ) ، (کۆن ، نوێ ) (ساغ , نەخۆش ) دا دەردەکەوێت (بڕوانە ( 103 ، 104)) .

(103)سارا قوتابییەکی زیرەك نییە .

(104)مەرج نییە قوتابیەکی تەمبەڵ بێت .

### 1/1-1-1-4-2-2-1 ) تایبەتمەندییەکانی دژواتایی پێچەوانەیی :

1- ئەم جۆرەی دژواتا پلە لە نێوانیاندا هەیە ، کەواتە وشەکان هەریەکەیان جەمسەرێکی ناگرن ، واتە ناکردنی یەکێك لە ئەندامەکان بەرانبەرەکەی ناگەیەنێت ، بەڵکو لەنێوان جەمسەرەکاندا سیفەتی تریش دەردەکەوێت ، بۆنموونە دەتوانرێت لە نێوان جووتە وشەی (سارد ، گەرم) ناوەندێك یان چەند ناوەندێکی تر دیاری بکرێت ( تالیب حسین ، ( 2011 :89 )). (بڕوانە (105 ، 106 ، 107 ، 108)).

(105) ئاووهەوا گەرم نییە.

دەشێت:

(106)ئاو و هەوا هەندی ساردە.

(107)ئاووهەوا فێنکە .

(108)ئاووهەوا بەرەو ساردی دەڕوات.

2-بەراوردکردنی وشەکانیش لەم جۆرەی دژواتادا یان ئاشکرا یان شاراوە دەبن.

أ-**بەراوردی ئاشکرا** : لە نێوان دوو شت یان دوو کەسدایە پەیوەندیی بە بابەتێکی دیاری کراوەوە هەیە ، بەڵام یەکێکیان پلەیەکی بەرزتری هەیە ( تابان محمد سعید ، ( 2014 : 50 )) .( بڕوانە ( 109 ، 110 )) .

(109) ئەحمد زیرەکترە لە ئالان .

(110)کتێبەکەی ئارا لەوەی ژینە نوێترە .

ب_**بەراوردی درکاو** (**شاراوە**): بەراوردەکە شاراوەیەو بەڕونی دەرناکەوێت ( بڕوانە(111)).

(111)چیا قوتابییەکی زیرەکی پۆلەکەیەتی .

لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە کە (چیا ) لە هەندێك لە قوتابییەکان زیرەکترە و هەندێکیشیان لەم زیرەکترن .لەم جۆرەدا دەتوانین جۆرێ لە تەم و مژی جێ بهێڵین ، وابکەین کە خوێنەر نەتوانێ بزانێت بەراوردەکە لە نێوان دوو کەس یان دوو حاڵەتدایە. (بڕوانە ( 112 ، 113 ، 114)).

(112) ژینە وریاترە .

(113) یان لە تریفە وریاترە .

(114) یان – لە پاری خۆی .

**3-2-4-1-1-1/1)تەواوکەریی :**

جۆری سێیەمی دژواتاییە ، بەزۆری لە بەرواردکردنی وشەکانی وەکو:(هاتن , چوون),(کرین , فرۆشتن),(بیستن ، قسەکردن ),( شکاندن ، هەڵبەستنەوە),(وەرگرتن , پێدان)( فێربوون ، فێرکردن ).

" ئەم جۆرە لەگەڵ بەرانبەریدا ، لەوەدا یەکدەگرێ ، کە هەر یەکە لەوشەکان جەمسەرێك دەگرن بەڵام جیاوازیی لەوەدایە کە بەهەردووکیان یەك کردە تەواو دەکەن" ( فەرهاد تۆفیق ، 2010: 105 )) . دەکرێت بوترێت ئەم جۆرە بە زۆری لە کاردا دەرکەوێت ، چونکە ئەنجامدانی تێدایە.

بەورد بونەوە لەجۆرەکانی دژ واتای بەهەر سێ جۆرەکەی "جیاوازی, پێچەوانەی, تەواوکەری",لەگەڵ هاو واتای ناتەواو کە پێشتر ڕوونکراوەتەوەلێك نزیك دەبنەوە ( دارا حمید، 2010: 113 )) . هاو واتای ناتەواو ، وشەکان لەهەندێ دەوروبەردا دەتوانن لەبری یەکتری بە کار بهێنرێت :

أ– دژ واتای جیاوازیی: ( بڕوانە (82 تا 102 )) .

(115)ئەحمەد کوڕنییە .

کەواتە–ئەحمەد پیاوە .

ب–دژ واتای تەواوکەری :

(116)ئاراز برای شادانە

کەواتە شادان خوشکی ئارازە .

جـ–دژ واتای پێچەوانەیی : ( بڕوانە (103 ، 114)).

(117)هێمن لە یارا بچوکترە .

(118)کەواتە–هێمن لە یارا گەورەترە.

لێرەدا دەبینرێت ڕستەکان لەڕووی فۆرمەوە جیاوازن ، بەلاّم لە واتادا هاوتان، ( واتە هەمان واتا و مەبەست دەگەیێنن . کە ئەمەش مەرجی دروست بوونی دیاردەی هاوواتاییە) ( فەرهاد تۆفیق، (2010: 105 )) .

## 4-2-4-1-1-1/1 ) دژواتا لەتاکە وشەدا :

لەم جۆرەدا تەنها وشەیەك بۆ واتایەك و دژەکەی بە کاردێت ، لەهەموو پەیوەندییەکی زیاتر لە ئاوەز و زەیندا رەنگ دەداتەوە وشەیەك دەردەبرین یەکسەر دژەکەیمان بە بیردا دێت ، ئەم جۆرەی دژواتایی لەزمانی کوردیدا زیاتر لەو وشانەدا دەردەکەوێت ، کەبەهۆی فراوانبوونی واتاکانیانەوە واتا پێچەوانەکەیان (دژەکەیان)بۆ پەیدا دەبێت.

(119)لێگەڕان (119–أ)بەدوا دا گەڕان

(119–ب)لێگەران(پشت گوێ خستن ). ( دارا حمید، ( 2010: 114–115 ))

(120)دلگیر (120– أ)دلّ پەستبوون

(120– ب)چونە ناو دلّەوە (تالیب حسین، ( 2011: 91)) .

## 5-1-1-1/1 ) هاوبێژی ( HOMONYMY ):

یەکێکە لە دیاردەکانی بواری واتاسازی ، لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە، زانا عەرەبە دێرینەکان بە وردی و گشتگیری تاوتوێیان کردوە ، چەندەها زانای عەرەب لە کتێبە جۆراو جۆرەکانیاندا باسیان لێوەکردووە.گەلێ هۆکاری سەرەکی بۆ دروست بوونی هاوبێژی هەیە لەوانە هێز (سترێس)( بڕوانە (121 ، 122 ، 123 ، 124)) .

(121) بەرمالّ ← بەرمالّ : پارچە قوماشێکە بۆ نوێژکردن بەکاردێت .
← بەرمالّ : بەردەرگای مالّ و حەوشە .

( 122 ) ئێسك قورس ← ئێسك قورس : کێشی ئێسك قورسە .
← ئێسك قورس : ڕەزا گران و بەد .

(123) bank ← bank : بانکی پارەدان .
← Bank : بالّەخانەیەك یان ناوچەیەکی جوگرافی دەگەیەنێت .

(124) قوڕاو ← قوڕاو : جۆرە خواردنێکە .

← قوڕاو : تێکەڵەیەکە لە قوڕو ئاو

بۆزیاتر ناساندنی ئەم دیاردەیە بۆچوونی چەند لیکۆڵەرێك دەخرێنە ڕوو:

1- "چۆن لە گشت زمانێکدا ، هەروەها لە زمانی کوردیشدا ،وشە هەن لە نوسین و خوێندنەوەدا وەکو یەکن ،بەلام مانایان جیاوازە". (ئەورەحمانی حاجی مارف ، 1975: 165)

2- "کۆمەڵی یان جوتێ دانەی مۆرفۆلۆجی ، یان سینتاکسن ، لەڕووی دەربڕینەوە (فۆنەتیك)یەکن ، بەلام لەڕووی سیمانتیك یان سینتاکسەوە،لە ئەرك و ڕۆنان و ڕەگەزدا جیاوازن ".(فەتاح مامە ، 1989: 4)

لێرەدا نووسەر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێ کەهەندێك یان دوو وشە (چ لەئاستی وشەسازیدا بن واتا وشەبن بەجۆرەکانیشیەوە .یان دانەبن لە ئاستی سینتاکس وەکو فرێزو مۆرفۆسینتاکس.لەخوێندنەوە واتا لە دەربڕیندا وەکو یەکن بەلام لە واتادا جیاوازن.(بڕوانە(125)).

(125) سورین ← سورین : بۆ جەختکردنەوە .

← سورین : خەڵکی وڵاتی عێراق نییە ، خەڵکی سوریایە .

← سورین : ڕەنگی پێستی سورە .

3-" زاراوەیەکی واتاسازییە لەشیکردنەوەی واتادا ئاماژە بەو وشە فەرهەنگییانە دەدات ، کە لە فۆرمدا یەکن ،بەلام لەواتادا جیاوازن ". ((crystal ,( 2003: 220 ).

4- " ئەو وشانەن کە واتاکانیان لەیەکەوە دوورە و لە وشە فرەواتاکانەوە دروست بوون " . (محەمەد مەحوی ، (2009: 108))، واتا پەیوندیی واتای نزیك لەنیوانیاندا نییە ، واتە لەیەك سەرچاوەوە ، سەرچاوەیان نەگرتووە .

1-**هاوبێژ لە وشەدا**

(126) نوکتە ← نوکتە : خاڵ

←

نوکتە : جۆرە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە .

**2-هاوبێژ لە فرێزدا:**

(127) پرچی سپی بوو ← پرچی سپی بوو : ڕەنگی پرچ .
← پرچی سپی بوو : بەتەمەن .

**3-هاوبێژ لە ڕستەدا :**

(128) لەبەرچاوم کەوت ← لەبەرچاوم کەوت : (کەوتنی میتافۆڕ) لە میتافۆڕدا (لە تاقیکردنەوەدەرنەچوو ).
← دەشێت کەسێك کارێکی نا پەسەند بکات و لەبەر چاوت بکەوێ .
← لەبەرچاوم کەوت : ( کەوتنی ڕاستەقینە ) ، واتە کەسێك یان شتێك لەبەرچاوت بکەوێتە سەر زەوی .

ئەم زمانەوانانە وای بۆ دەچن دیاردەی هاوبێژی بەشێوەیەکی فراوان لە زماندا دەردەکەوێت ، ئـەمیش بـەهۆی لێکچـوونی دەنگەکانـەوە ، دەربڕینـی وشـەیەك بـە چـەند واتایـەك لەتایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤە لە ڕێگەی فەرهەنگەوە دەتوانین واتای وشەکان بدۆزینەوە .

کەواتە هاوبێژ دیاردەیەکی واتاییە لەو وشانەدا دەردەکەوێت کەلە ڕووخساردا وەکو یەکن ، بەڵام لە واتادا جیاوازن . ئەم دیاردەیەش بەگەڵێ هۆکار دروست دەبێ ، لەوانە بوونی دوو زاری یان زیاتری زمانێك و گۆڕانی واتای وشە و وەرگرتنی وشە لە زمانێکی ترەوە.

**1/1-1-1-5-ا) هۆکارەکانی پەیدابوونی هاوبێژ:**

**1-بوونی دوو زار یان زیاتری زمانێك :**

(129) قووم ← قووم : پێچی ڕێگا ( زاری لوڕی ).

قووم : مەنجەڵی گەورە ( کرمانجی ژوورو ).

زیخ و لم (بەشێوە زارەکانی تر ) . **(فەتاح مامە،(1989 : 31).**

**2-گۆڕانی واتای وشە :ئەمیش بەهۆی میتافۆرەوە .**

(130) دەست کورت ← کەسێك کە دەستی کورت بێت .
← کەسێك کە بەقەبارە کورتبێ ، واتە درێژ نەبێت .

(131) دڵ گەورە ← کەسێك کە دڵی بەهۆکاری نەخۆشی بە قەبارە گەورە بێت .
← کەسێك کە هیچ شتێك لە دڵ نەگرێت .

**3-وەرگرتنی وشە لە زمانێکی ترەوە :**

( 132) فقیر ← نەبوو نەدار ( هەژار ).
← کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ.

(133) بیر ← بیر ( بیرکردنەوە ) .
← بیر ( بیئر ) .

لەکۆتایدا دەتوانرێت بوترێت هاوبێژی : دیاردەیەکی واتاییە لە نێوان دوو فۆرم یان زیاتر جا ئەو فۆرمانە وشە بن یان فرێز یان ڕستە ، کە لەواتادا لەیەکتر جیاوازن ، بەڵام هەمان گۆکردنیان هەیە.

## 2-5-1-1-1/1 ) **جۆرەکانی هاوبێژ :**

سەبارەت بە جۆرەکانی هاوبێژ لەلایەن زمانەوانەکانەوە بۆچوونی جیاواز خراونەتەڕوو ، بە شێوەیەکی گشتی ( 3) جۆری هاوبێژ جیاکراوەتەوە :

### 1-2-5-1-1-1/1 ) **هاوپیت(homographs ) :**

لەم جۆرەدا هێز(stress )و ئاواز(intonation)کەفۆنێمی ناکەرتین، هۆکارن بۆ دیاری کردنی واتای وشە . بەشێوەیەکی گشتی هاوپیت ئەو وشانەن ، کە لە نوسیندا وەکو یەکن بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازن . (بڕوانە ( 134 ، 135 ، 136 )).

(134) ماوە ← ماوە : کات ( وەخت ) .
← ماوە : زیندووە ( هێشتا نەمردووە ).

(135)مەکە ← مەکە : ماڵی خودا .
← مەکە : نەکردنی کارێك .

(136) بار ← بار : بارکردنی شتێك .
← بار : دیوی شتێك . (تاڵیب حسێن ، ( 2014 : 75 )).

## 1/1-1-1-5-2-2) هاو دەنگ ( homophoes ) :

ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا کەمە ، چونکە ئەو وشانە دەگرێتەوە ، کە لە دەربڕیندا لێك دەچن بەڵام لە نوسیندا جیاوازن ، چونکە لە زمانی کوردیدا نوسین وێنەی دەربڕینە . ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا هەندێکجار لە بەراورد کردنی دوو وشەی سادە و لێکدراودا دەردەکەوێت ، بەڵام لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا زۆرە .

(137 ) See: بینین

Sea: ڕووبار

(138)پەنگ : ئاوەکە پەنگی خواردەوە (پەنگ)

پەند : کابرایان کرد بە پەند (پەنگ)

(139) زمانگرتن : زمانپژان

زمان گرتن : کەسێك لەکاتی قسەکردندا زمانی بیگیرێت (زمان گیری ) .( تابان محەمەد سەعید ، ( 2014 : 43 )) .

## 1/1-1-1-5-2-3 ) هاوبێژی تەواو :

وشەکان لەم جۆرەی هاوبێژدا لە نوسین و خوێندنەوەدا لەیەکتر دەچن ، ئەم جۆرە لەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا زۆرە چونکە وشەی یەك بڕگەیان زۆرە .

(140)بەدەم ← خواردنێك بەدەم بخورێت .
← بەدەمەوەچوون .

(141)كەون ← گەردوون .
← كۆن (ناوچەی هەولێر) .

## 6-1-1-1/1 **فرەواتا** (polysemy):

چەندین وشە لە زماندا هەن ، كە واتای جیاوازیان هەیە، لەسەرەتادا هەر وشەیەك واتای سەربەخۆی خۆی هەبوو ، هەر وشەیەكیش بۆ ناونانی كەرەستەكانی دەوروبەر بووە، گەشەسەندنی ڕەوتی ژیان و بەرەوپێشچوونی تەكنەلۆژیا ، پەیدابوونی كەرەستە و دیاردەی نوێ وایان كرد ، كە وشەی نوێ بە واتای نوێوە بێتە ناو زمانەوە ، ئەمیش بووە هۆی ئالۆزییەكی زۆر لەزماندا ، بە جۆرێك لە توانای مێشكی مرۆڤدا نییە ، بۆ هەردیاردە و كەرەستەیەك وشەیەك یان فۆرمێك بە كاربهێنێت ، ئەمەش وایكرد لەزماندا دیاردەی پەیوەندییە واتاییەكان بەگشتی و دیاردەی فرەواتایی بەتایبەتی پەیدابێت ، دیاردەی فرەواتایی یەكێكە لە پێویستییە گرنگەكانی زمان ، چونكە وەكو پێشتر ڕوونكرایەوە ، ئەگەر دیاردەی فرەواتایی نەبێت ، ئەوە دەبێت بۆ هەرواتایەك وشەیەك هەبێت ، لەبارەی ئەم پەیوەندییە واتاییەشەوە گەلێك بۆچوون لە لایەن واتاناسەكانەوە خراونەتە ڕوو ، لەوانە :

1- " هەندێكجار هەمان وشە خۆی بە چەند واتایەكی جیاواز دەبەخشێت , بەمەش دەوترێت فرە واتا " . ((Palmer ,( 1989, 100 ))

(142) پێوەدان ← دووپشك پێوەدان ( ژەهر ڕشتن )
← دەرگا پێوەدان ( داخستن )

2– " هـاتنی دانەیـەکی فەرهەنگییـە بـە چـەند واتایـەکی جیـاواز ". Crystal,( 1992, (307)) .

3–"هەر وشەیەك واتا و مەبەستێکی گەیاند و بە کارهێنان فراوان بوو پێـی دەوترێـت فرەواتـا ".(أحمدمختار، (1998: 243)).

( 143 ) ساردی ← جۆرە خواردنەوەیەکی گازییە.
← بە ساردی مامەڵکردن لەگەڵ خەڵك .

کەواتە : هەر وشەیەك کە مەبەست و واتایەکی زیاتری گەیاند و بە کارهێنانی فراوانتر بوو ئەوا پێی دەوترێت فرە واتا .

### 1/1-1-1-6-1 ) گرنگی فرەواتـا :

1– ( دیـاردەی فرەواتـایی دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی وشـەکان و زمـان لـە ئـاڵۆزی دوور دەخاتەوە . بەمەش زمانەکە دەوڵەمەند دەکات و ئەرکی دانانی فەرهـەنگ وفێربـوونی زمـان و نوسینی فەرهەنگ ئاسان دەکات ) . (رۆژان نوری عبداللە ،( 2007: 193)).

2– فرەواتـایی یارمـەتیمان دەدات کـەواتاو مەبەسـتێکی دیکـە بـە هەنـدێ وشـەی فەرهـەنگی بسـپێرین و واتـاو مەبەسـتی نـوێ بخەینـە سـەر مەبەسـتەکەی پێشـوو ، بەمـەش ڕێبازێـك بـۆ دروستکردنی زاراوەی نوێی کوردی بۆ دیاری دەکات . (سەرچاوەی پێشوو ، ( 2007 : 13)).

### 1/1-1-1-6-2 )جیاوازی نێوان فرەواتـا و هـاوبێژ :

1- دەروازە بووە بەیەکێك لە خاڵە جیاکەرەوەکانی نێوان هاوبێژ و فرەواتا بەشێوەیەك ئەگەر وشـەیەك هاوبێـژبوو دوو دەروازە یـان زیـاتری هەیـە . بـەڵام وشـەیەك فرەواتـا بـوو یـەك دەروازەی هەیە ، چونکە حسابی یەك وشەی بۆ دەکرێت. (تاڵیب حسێن عـەلی، (2001 : 93)) ( بڕوانە (144 ، 145 ، 146 ، 147)) .

❖ هاوبێژ

( 144) باز ← باز : باڵندەیەکی گۆشت خۆرە .
← باز : خۆهەڵدان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر .

(145) کار ← کار : ئیش .
←

کار : بەچکەی بزن .

(146) تار ← تار : ڕۆیشتنی باڵندە و نەگەڕانەوەی .

تار : جۆرە ئامێرێکی مۆسیقیە .

(147) ڕووتانەوە ← ڕووتانەوە : باڵندەیەك کە پەڕی پێوە نەبێت ، ڕووتانەوەی زەوی

ڕووتانەوە : دزیکردن .(محەمەد مەعرف و صباح ڕشید ، (2006 : 80 )).

2–یەکێکی تر لە ڕێگە سەرەکییەکانی جیاکردنەوەی فرەواتا و هاوبێژی پەیوەندیی نێوان واتاکانە (ڕەچەڵەك )، ئەگەر پەیوەندیی لە نێوان واتاکاندا هەبێت ، ئەوا وشەکان دەبنە فرەواتا ، واتە لە نەژاددا (ڕەچەڵەك)دا یەکن ، بەڵام ئەگەر هیچ پەیوەندییەك لە نێوان واتاکاندا نەبێت ئەوا وشەکان دەبن بە هاوبێژ و تەنها لە فۆڕمدا هاو شێوەن.

❖ فرەواتا

(148) ئاگر نانەوە ← سوتاندنی شوێنێك .

ئاشوب نانەوە .(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ( 1975 : 11)).

(149) دەم ← دەمی مرۆڤ یان دەمی گیانلەبەر .

کات .

3–ڕێگایەکی تر بۆ جیاکردنەوەی فرەواتا و هاوبێژ بریتییە لە بە کارهێنان وشەیەك بۆگەیاندنی واتایەك جگە لە واتا بنەڕەتیەکەی (محمد علی: 1982: 168). بە کارهێنان وشە لە هەندێ دەوروبەردا بۆ ورژاندنی خوێنەر لە چوارچێوەی ئەو مەبەستەی قسەکەر مەبەستێتی .(صباح رشید قادر ، ( 2000 : 16)).

زمان کۆمەڵێ یاسایە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ گەیاندنی واتا جۆر بەجۆرەکان ، کە مرۆڤ مەبەستێتی دەریان ببڕێت . هەندێکجار شکاندنی ئەو یاسایانە وەکو یاسا سیمانتیکییەکان ،

دەبنە هۆی گەیاندنی واتاو مەبەستێکی تر((234 : 1988 ), fromkin). واتە خوازە هۆکاری پەیدابوونی فرەواتاییە . ( بڕوانە (150)).

( 150) : (ئەو قسەیەی دەیڵێیت گوێت دەیبیستێ) . لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە قسەکەر مەبەستێکی خراپی هەیە لە قسەکەی .

( 151 ) دیوار بە گوێیە : لەوانەیە گوێت لێبگیرێت ، وا دەزانی کەس گوێی لێ نییە .

### 3-6-1-1-1/1 ) **فۆڕمەکانی فرەواتا** :

پێویستە ئەوە بخرێتە ڕوو فرەواتا تەنها لە وشەدا نییە ، بەڵکو لە فرێز و ڕستەشدا بوونی هەیە . (بڕوانە(153،152، 154، 155). لە وشەدا پێشتر نموونە خرایە ڕوو:

ڕستە :

(152) بەر پێی خۆی نابینێت .
- ← کەسێک چاوی باش نەبینێت
- ← کەسی لە خۆبایی .
- ← کەسی نەشارەزا و نەزان .

(153) باوەشی بۆ گرتەوە
- ← لە ئامێزی گرت .
- ← یارمەتی داو گرتیە خۆی .

فرێز :

( 154) تاڵاو چەشتن
- ← شتی تاڵی خواردەوە .
- ← ناخۆشی و نەهامەتی دنیای چەشتووە .

(155) ئاخر خێر
- ← نزا و دوعای چاکە بۆ کەسێك کەوا بێت .
- ← بە پیرێك دەوترێت کە چاکەی لێبوەشێتەوە.

(جەلال محمود عەلی ،(1982: 31)).

### 7-1-1-1/1 ) **گرتنەوە** ( HYPOYMY ):

محەمەدی مەحویی زاراوەی (شازاراوە) بۆ بە کارهێناوە.ئەم پەیوەندییە واتاییە لە ئاستی ستوونیدا دەردەکەوێت ، بەوەی هەندێك وشە دەبنە وشەی سەرەکی(گشتی ) بۆ چەند وشەیەکی تایبەتی. واتە گرتنەوە ، "پەیوەندیی گشتییە بە تایبەتییەوە ، یان ئەو پەیوەندییە

کـە وشـەی تایبـەت بـە گشـتییەوە دەبەسـتێتەوە ".(عەبـدوڵڵا عـەزیز محەمـەد ، (2005 :12)).کەواتە پەیوەندیی لە خۆگرتنی واتای وشەکەیە لە وشەیەکی گشـتییدا، وشەگشـتییەکە دەبێتـە چـەترێك و هـەموو وشـەکانی تـر دەکەونـە ژێرییەوە.پەیوەنـدیی گرتنـەوە لـە نێـوان زمانەکاندا جیاوازە .

## 1-7-1-1-1/1 ) تایبەتمەندییەکانی گرتنەوە:

1- پەیوەندیی کاریگەریی یەك لایەنە، واتا هەمیشـە وشـەی گشـتیی وشـە تایبەتییەکـە دەردەخات نەك بە پێچەوانەوە ( بڕوانە ( 156 ))

(156)گۆشت _________ گۆشتی مەڕ .

_________ گۆشتی بەرخ .

_________ گۆشتی ماسی .

_________ گۆشتی مریشك .

2-هەروەها گرتنەوە پەیوەندیی تێپەڕاندنی واتایە: بۆ نموونە ئەگەر وشەی (مانگا)گرتنەوەی وشەی (شیردەرەکان ) بێت ، ئەوا وشەی (شیردەر)یش گرتنەوەی (مانگا) دەبێت . بەم جۆرە (مانگا ) گرتنەوەی (شیردەرەکانە) ە.

3-لەگرتنەوەدا هەندێکجار وشە تایبیەتەکان دەبنەوە بە وشەی گشتیی(وشـەی سەرچـاوە) و کۆمەڵێ وشەی تایبەتی تر لە خۆدەگرن( بڕوانە ( 157) ) .

(157) مرۆڤ _______ ژن .

_______ پیاو .

_______ کوڕ .

_______ کچ .

_______ فەرمانبەر .

_______ ئەندازیار.

لەناو ئەم وشانەدا هەر وشـەیەکیان بگـرین دەبیـنین دەبـن بـە وشـەی گشـتیی و چـەندین وشەی تایبەتی لە خۆ دەگرن .بۆ نموونە وشەی (پیاو)بەنموونە بهێنینەوە دەبیـنین دیسـانەوە دەکرێت ببێتەوە بە وشەیەکی گشتیی (بڕوانە (158)).

(158)پیاو _______ خاڵ .

_________ مام .

_________برا .

_________باوك .

4– دیاردەی گرتنەوە لە پێناو دۆزینەوە و دیاریکردنی دانەکان (ئەندامەکانی) پۆلێکە، یان هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی زۆربەی دانەکان ،بەڵام مەرج نییە هەموویان دیاری بکەین . (تابان محەمەد ، ( 2014 : 53)).

5– ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندێتی مێشکە لە پۆلێنکردن و دابڕینی وشەکان .

### 2-7-1-1-1/1 )جۆرەکانی گرتنەوە :

بەپێی پەیوەندیی نێوان وشە گشتیی و تایبەتییەکان بەشێوەیەکی گشتیی (دوو) جۆری گرتنەوە دیاری دەکرێن، لەوانە :

### 1-2-7-1-1-1/1 ) گرتنەوەی تەواو :

کاتێك واتای وشە تایبەتییەکان لەگەڵ واتای وشە گشتییەکە بەتەواوەتی تێکەڵ دەبێت ( بڕوانە ( 159 ) ) .

(159) باڵدار ________ (چۆلەکە ، کۆتر ، قاز ، مراوی ).

### 2-2-7-1-1-1/1 ) گرتنەوەی ناتەواو :

پێچەوانەی گرتنەوەی تەواوە کاتێ پەیوەندیی گرتنەوە لە نێوان واتای وشەی تایبەتی و واتای وشە گشتییەکە بە تەواوەتی تێکەڵ نەبێت (بڕوانە (160 ، 161)) .

(160) براکەم کەلوپەلی خوێندنی بۆ کڕیم .

لێرەدا وشە گشتیەکە (خوێندنە ).

(161) خوێندن ________ قەڵەم (پێنووس) .

__________کتێب (پەرتووك ) .

__________تێنووس (دەفتەر ) .

__________ڕەشکەرەوە.

__________قەڵەمدان ( دادەر ) .

مەرج نییە کتێبەکە، کتێبی خوێندن بێت لەوانەیە کتێبێکی تری بە دیاری بۆهێنا بێت . دەشێت بە هۆی بە کارهێنان وشەی (کەلو پەلی خوێندنەوە)کتێبێکی هێنابێت پەیوەندیی بەبابەتەکانی خوێندنەوە هەبێت . (سەلام ناوخۆش ، (2007 : 139 ))ڕای وایە :" کە هیچ لە گرتنەوەکان نابن بە هاوواتایی تەواو ، چونکە هەرچەندە هەموویان لە یەك بواری تایبەتن ، بەڵام جیاوازن لەگەڵ یەك ، هەریەکەیان خاوەنی هەندێ خەسڵەت و ئەدگاری تایبەتی خۆیەتی و ناکرێ لە بری یەکتری بە کار بهێنرێن ، کە ئەو ئەدگارانەیان جیاوازە لە یەکتر " . کەواتە گرتنەوە جۆرێکە لە پەیوەندییە واتاییە سەرەکییەکان ، کە دەرخەری پەیوەندیی وشەیەکی

گشتییه به وشه تایبه تییەکانه وه به هۆی گرتنەوەوه دەتوانین کێڵگەی وشەکان دیاری بکەین و هۆکاره بۆ جیاکردنەوەی وشەکانی پۆلێك.

## 2/1 ) پاری دووەم / دروستبوون و ڕەواندنەوەی لێڵیی :

### 1/ 2 -1) لێڵیی ( Ambiguity ) :

لێکۆڵینەوه و لێکدانەوەی ئەو وشه و رستانەی ، که زیاتر لـه واتایـەکیان هەیـه ، ئامـانجی سەرەکی زانستی واتایه ، چونکه ئەرکی واتاسازی لێکۆڵینەوەیه لەو بیرەی که مرۆڤ دەیەوێت بیگەیـەنێت ، ئـەو وشـه و ڕسـتانەش کـه زیـاتر لـه بیرێـك دەگەیـەنن لـه زمانـدا بـه لێـڵ (Ambiguity) ناودەبرێن .

لێڵیش وەك دیاردەیەك سەرنجی زۆرێك له زمانەوانەکانی ڕاکێشاوه، چونکه ئـەم دیاردەیـه بۆ ئـەو وشـه و فرێـز و ڕسـتانه بـه کاردەهێنرێـت ، کـه زیـاتر لـه واتایـەك دەگەیـەنن ، بـوونی وشەکانی زمان به واتای جیاواز ، خۆی له خۆیدا تەمومژی له زماندا دروست دەکات ، ( چونکه زمـانێکی وا نموونـەیی نییـه ، کـه توانـای ئـەوەی هـەبێت بـۆ هـەموو وشـەیەك واتایـەك لـه بەرانبەریدا دابنێت ) . (جـۆن لاینـز ، (1980 : 16)) بۆیـه هـەر یەکەیـەکی واتـایی ( وشـه ، ڕسته ، فرێز ) زیاتر له واتایەکییان هەبێت ئەوا بەتەمومژی (لێڵیی ) ناودەبرێت . بۆلێکدانەوەی واتاکان و خستنەڕووی هۆکارەکانی ئەم لێڵییه له کۆن و نوێدا، بۆچوونی جیاواز خراونەته ڕوو:

1− " لێڵیی له زماندا ئەوەیه که هەریەکەیەکی زمانی زیـاتر لـه واتایـەکی هـەبێت ". (حیلمـی خلیل ، (1988: 30))

2− "تەمومـــژی لەوانەیـــه وشـــه یـــان لـــه شـــێوازی پێکهاتـــەی ڕســـته و فرێـــز بێـــت ". (Traks,(1993: 13)) .

3− "هەرپێکهاتەیەکی زمانی ، وشه یان فرێز بێ ، هەڵگری زیاتر لـه واتایـەك بـوو ، ئـەوا ئـەو پێکهاتەیه تەمومژاوییه". (Horsy,( 2007: 7) ) .

به ئاوڕدانەوەیەك لەو بۆ چوونانەی ، كـە لەلایـەن زمانـەوانی كـورد و عـەرەب و زمانەوانـە ڕۆژئاواییەكانەوەلەم بارەیەوە خراونەتەڕوو ، دەكرێت ئاماژە بەوە بدرێت، كە لێڵیی بە جۆرێك لە جۆرەكان بە پەیوەندیی واتای نێوان وشەكان دابنرێـت ، بـەو پەیوەندیەشـی كـە لـە نێـوان كەرەستەكانی ڕستە و ئەو واتایەی كە دەیگەیەنن دەوترێت تەمومژی .

1- لـە ئاسـتی مۆرفۆلـۆجی( كەلێڵییەكـە بـەهۆی پەیوەندییـە واتاییەكانـەوە لـە وشـەكاندا ) دروست دەبێت.

2-هەروەها تەمومژی لە ئاستی سیناكسدا بەهۆی یاساكانی گوێزانەو وە دەبێت.

## 1/ 2 -1-1 ) جۆرەكانی لێڵیی :

زمانەوانەكان دیاردەی لێڵیان كردووە بە چەند جۆرێكەوە لەوانە :

### 1/ 2 -1-1-1 ) لێڵیی مۆرفۆلۆجی :

ئەم جۆرە لێڵییە پەیوەندیی بە نوسین و دەربڕینی كەرەستە دەربڕاوەكانەوە هەیـە ، واتـە ئایا دەربڕاوەكە چۆن گۆدەكرێت ئاواش دەنوسرێت ؟ ئەم جۆرە لە زمانی كوردیدا كەمە لەبـەر ئەوەی زمانی كوردی زمانێكی فۆنێمییە واتـە چـۆن گۆبكرێـت هەربـەو شـێوەیەش دەنوسـرێت ،لەبەر ئەم هۆیەشە ڕەواندنەوەی لێڵیی مۆرفۆلۆجی لە زمـانی كوردیـدا ، بـە هـۆی دەبڕینـەوە دەبێت ، ئەمیش لە ئەنجامی بەكارهێنان فۆنێمە ناكەرتییەكانی (هێز ، ئاوازە) وە، بە ئاسـانی چارەسەردەكرێت ، لەبەرئەوەی زۆرجار لە زمانی كوردیدا وشەیەك یان ڕستەیەك لە نوسیندا لێڵە ، بەلام بەدەربڕینی لێڵییەكەی دەرەوێتەوە ، ئەمەش بە پێچـەوانەی زمانـانی تـر ، وەكـو زمانی ئینگلیزی ، كە ڕەواندنەوەی لێڵییەكەی بەهۆی نوسینەوە دەبێت ، چونكە هەروشەیەكی بە جۆرە ئیملایەك دەنوسرێت ، بەلام لە گۆكردندا وەكو یەك دەخوێنرێنەوە .

لێڵـی مۆرفۆلـۆجی سـنوورێكی فـراوان دەگرێتـەوە چـونكە ئـەم جـۆرەی لێڵیـی لـە زۆربـەی كەرەستەكانی زماندا وەكو (مۆرفێم ،ناو ، جێناو ، كار...هتـد)دا دەردەكـەوێت. چـونكە ئـەم كەرەستانە بەگشتیی و وشەكانی زمان بەتایبەتی بە تەنیا لێڵن .

بەگشتی لێڵیی مۆرفۆلۆجی بریتییە لەوەی "وشەیەك یان مۆرفێمێك(بەتەنیا)ببیسترێ یان بخوێنرێتەوە گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لە واتایەك تێی بگات". (وریا عومەر ، ( 1995 : 66 )).

أ- لێلی لە مۆرفێمی بەند : ( بڕوانە (162)).

(162) مۆرفیمی (ێ ) .

1–ئامرای بانگکردن : ژنێ ، خوشکێ ،کچێ .

2–ئامرازی خستنه سەر : باپیرێ ئەو .

3–ئەلەمۆرفی جێناوی لکاو : دەکڕێ ، دەفرۆشێ .

4–ئەلەمۆرفی نیشانەی نەناسیاوی : منداڵێ ، قەڵەمێ ، کتێبێ .

هەندێکجار لێڵیی مۆرفۆلۆجی به هۆی ئەو وشانەوه دروست دەبێت ، که دەچنه ناو دوو یان زیاتر پۆلی ئاخاوتنەوە ،یان بەهۆی ئەوەی وشەیەك زیاتر لە واتایەکی هەیە ئەمیش بەهۆی یەکێك لە پەیوەندییە واتاییەکانەوە دەبێت به (هاوبێژ و فرەواتا)( بڕوانە ( 163 ، 164)) .

(163)جوان :

(163_أ)وەکو ناو — جوان کچێکی ژیرە .

(163–ب)وەکو ئاوەڵناو — کچێکی جوانم بینی .

(163–ت)وەکو ئاوەڵکار — کچەکە وانەکەی جوان شیکردەوە .

(164)شێر:

(164–أ) ناوە بۆ ناوی گیانلەبەر — شێر گیانلەبەرێکی گۆشت خۆرە .

(164–ب) وەکو ئاوەڵناو بۆ وەسفکردن بە کاردێت — پێشمەرگە شێرانە ڕاپەڕی .

**ب – لێڵیی لە فرەواتا و هاوبێژدا :**

فرەواتا لە مۆرفۆلۆجیدا :

(165) ساردی ← بۆنی ساردی ( بۆنی ناخۆش) .
← ساردی لە مامەڵەکردن .
← ساردی (خواردنەوەی گازی) .

(166)دەرزی ← دەرزی دوورمان
← دەرزی پزیشکی بۆ ( دەرزی لێدان ) .

هاوبێژ ی لە مۆرفۆلۆجیدا :

(167) ئەڵقە: ← ئەڵقە : ئەڵقەی دەزگیرانداری
← ئەڵقە: ئەڵقەی دراما
← ئەڵقە : خڕ (بازنەی)

(168) بلۆك : 
کەرەستە بۆ دروستکردنی خانوو بەرە
دەست بەسەراگرتنی پارە لە بانق
سەد دەفتەر بلۆکێکە.

(169) سکە : 
سکە : ئامێری دروستکردنی پارە.
سکە : ڕێگای هاتوو چۆکردنی شەمەندەنەفەر .
سکە : کەرەستەیەکە بۆ هەڵواسینی پەردەی ماڵان

.

## 1/ 2 -1-1-2 ) تەمومژی لە سینتاکسدا :

ئـەم لێڵییـە دەکرێـت بـە لێڵیـی سینتاکسـی نـاو ببرێـت، زیـاتر لـەو ڕسـتە وفرێزانـەدا دەردەکەوێت کە زیاتر لە لێکدانەوەیەکیان هەیە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ڕستەیەك زیـاتر لـە واتایەکی بۆ سیماییەك دەبێت ، ئەمیش پەیوەستە بەرۆنانی ژێـرەوە کـەدوو ڕسـتەی جیـا لـە ژێرەوەدا بە هۆی یاساکانی گویزانەوە لە ڕووکەشدا دەبن بەیەك. ( واتە لەکاتێکدا دەبێت ، کە ڕسـتەکان لـە ئاسـتی ژێـرەوە (Deep structure)جیـاوازن ، بـەڵام لـە ئاسـتی ڕوکەشدا(surface structure) وەکویەکن ). (بیستون حەسەن احمد ، (2014: 249–250))

سەبارەت بەم جۆرەی لێڵیی :

1– " ئەوەیەڕستەیەك بـەپێی سیسـتەمی بەرهـەمهێنان ڕیزکرابێـت لـە ئاسـتی شـیکردنەوەی ڕێزمانیدا و زیاتر لە ڕۆنانێکی ژێرەوەی هەبێت".((lyonz,(197: 406) ).

2– "هەبوونی دوو پەیوەندیی جیاواز لە نێوان بەشەکانی ڕستە لـەبنج و دەرنەکـەوتنی ئـەم جیاوازیانە لە سیمادا ". وریا عومەر امین ،(1990 : 67))

أ_ هاوبێذ لة سينتاكسدا :

(170) دەم ڕەش
کەسێك بەهۆی خواردنەوە دەمی ڕەش بێت .
کەسێك باسی شتێکی خراپ بکات پێش ڕوودانی.(جەلال محمود عەلی ،(1982 : 263)).

(171) دەمی لێکنا ← بێ دەنگ بوو .
← مرد .(جەلال محمود عەلی ،(1982 : 259)).

ب- فرةواتا لة سينتاكسدا:

(172) دلّ گەرمە ← دڵی پڕە لە داخ .
← دڵی پڕە لە جۆش .(جەلال محمود عەلی ، (1982: 265)) .

**بەپێی یاساکانی گوێزانەوە :-** ڕستەکان لە ئاستی ژێرەوە بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە دەگەنە ئاستی ڕووکەش ، ڕستەکانیش لە ئاستی ڕووکەش دوو فۆرمیان دەبێت، فۆڕمێکی فۆنەتیکی(درکاندن) و فۆڕمی لۆژیکی(واتا). هەر ڕستەیەك دەبیت لە هەردوو فۆرمەکەدا دروست بن ، واتە دەبێت لە فۆرمی لۆژیکی و فۆرمی فۆنەتیکی دروست بن .

(173) براکەی خۆی کوشتووە .

ئاستی ژێرەوەی ئەم ڕستەیە :

براکەی خۆی خۆی کوشتووە .

ئاستی ڕووکەشی ئەم ڕستەیە :

کەسێك براکەی خۆی کوشتووە .

(174)خۆشەویستی دایك پیرۆزە .

ئاستی ژێرەوە :

خۆشەویستی دایك بۆ مندالّ ، واتە دایك منداڵەکانی خۆشدەوێت

خۆشەویستی مندالّ بۆ دایك ،واتە منداڵەکان دایکیان خۆش دەوێت.

ئاستی ڕوکەش (سەرەوە) :

خۆشەویستی دایك پیرۆزە .

کەواتە لێڵیی لە زماندا ، ئەو دیاردەیەیە کە هەرپێکهاتەیەك چ لەشێوەی وشەدا بێت ئیتر ئەو وشەیە( سادە ، ناسادە) یان ڕستە و فرێز بیت ، زیاتر لە لێکدانەوەیەك هەڵبگرێت .

## 1/ 2 -1-2 ) هۆیەکانی پەیدابوونی لێڵی لە زماندا :

هەر دیاردەیەك کە لەزماندا پەیدادەبێت ، ژمارەیەك هۆکار هەیە بۆ دروستبوونی ئەو دیاردەیە ، دیاردەی لێڵیش وەکو هەردیاردەیەکی تری زمان چەندین هۆکار هەیە بۆ پەیدابوونی:

### 1 ) جیاوازی شێوەزار و زار :

یـەکێك لـە هۆکـارە سـەرەکییەکانی پەیـدابوونی لێڵیـی لـە زمانـدا جیـاوازی نێـوان زار و شێوەزارەکانی زمانە ، بۆنموونە واتە هەندێك وشە لە شوێنێکدا بە واتایەك بە کاردێن ، بەڵام لە هەندێك شوێنی تردا بەو واتایە بە کارناهێنرێن بەڵکو بەواتای تر بە کاردەهێنرێن .(مهدی اسعد، 2002 : 206)).

(175) لە هەولێر ___________ گندۆرە .

لە سلێمانی ___________ کاڵەك .

لە ناوچەی گەرمیان وشەی (بەفر ) بە هاواتای وشەی (سەهۆڵ) کە بە ئـامێری ساردکەرەوە وەکـو (سەلاجە و موجەمیدە ) دروست دەبێـت دادەنـێن ، وشـەی بـەفری گـەرمیان هاواتـای وشـەی بـەفری ناوچەی سلێمانی یە وەکو دیاردەیەکی سروشتی لە وەرزی زستاندا لە ناوچە بەرزەکان دەبارێت .

(176) لە گەرمیان _________ هەندێ بەفر بکە ناو ماستاوەکە .

لەسلێمانی _________ هەندێ سەهۆڵ بکە ناو ماستاوەکە .

لەم نموونەیەدا دەبینین کە وشەی ( بـەفر ) لـە گـەرمیان هاواتـای وشـەی ( سـەهۆڵ ) ە . لـە ناوچەی سلیمانی .

**2 )هۆکاری فۆنۆلۆژی :**

هۆیەکی تری پەیدابوونی دیاردەی لێڵیی لە زمانـدا هۆکـاری فۆنۆلۆژییـە . ئـەم هۆکـارەش زیاتر لە ڕێگەی فۆنیمە ناکەرتییەکانی (هێز stress) و (ئاوازە Intonation ) ەوە دەبێت .ئەم لێڵییە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە نوسینی وشە و فرێز و ڕستەدا دەردەکـەوێت ،چـونکە لـە نوسیندا (هێز) هیچ نیشانەیەکی بۆ دانەنراوە ، بەڵام مانای ئەوەنییە کە هێز لـە زمانـدا نییـە ، چونکە دانە زمانییەکان لـە دەربڕینـدا هێزیـان بـۆ پەیـدا دەبێـت . چـەندین نموونـە هـەن کـە دەیسەلمێنن کە هێز لە زماندا دەبێتـە هـۆی گـۆڕینی واتـا ، ئـەرکی دەنگـی و سـیمای دەنگـی دەگەیەنێت.

(177)هەرچواریان هاتن _______ هەموویان چوارن و هەموویان هاتون .

_________ لە چوار زیاتر بوون تەنیا چواریان هاتوون .

لەم نموونەیەدا لێڵیی بەهۆی وشـەی (هـەر) ەوە دروسـت دەبێـت ، لەبـەر ئـەوەی وشـەی (هەر) بەهۆی ئاوازەوە دوو واتا دەگەیەنێ ، چونکە گەر زیـادە وزە بخرێتـە سـەر (هـەر) ئـەوا (هەموو)دەگەیەنێ ، بەڵام گەر خرایە سەر (چوار) واتای (تەنیا )دەگەیەنێ .(وریا عمر امـین ، 2009 : 296)).

(178) وردە _________ پارەی وردە.

_________ وردە : واتا درشت نییە .

ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم ئەوا بەمانای (پارەی ورد)دێ ، بەڵام گەر هێـز خرایـە سەر بڕگەی یەکەم بەواتای (وردە )واتا درشت نییە دێت بەگۆڕینی شوێنی هێز واتای جیاوازمان بۆ دەر دەردەکەوێت , " لەهەر زمانێکدا گۆرینی شوێنی هێزی سەرەکی، نەبووە هۆی گۆرینی واتا ئەوە لەو زمانەدا هێز ئەرکی واتایی و سیمای دەنگی نییە " . ( رحمان اسماعیل کانەبی ، ( 1998 : 80 )) . "هێزی سەرەکی لەسەر دوابڕگـەی وشـە تـەنیا دەبێـت ئـەوەی ڕەچـاوی ژمارەی بڕگە بکرێت کـە لـەنێوان یـەك تـا چـوار بڕگەدایـە ". ((47: 1997) , Fattah ) . کەواتە هێز ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەگۆڕینی واتادا .

## 3)هۆی لێکسیکی ( لێڵی فەرهەنگی ) بوونی فرە واتـاو هـاوبێژ :

هۆیەکی دیکەی دروست بوونی لێڵیی لەزماندا بوونی هەردوو پەیوەندیی واتایی " فرە واتـاو هاوبێژ "ە . تەنانەت هەندێ زمانەوان بوونی هاوبێژ و فرە واتا بەتاکـە هۆکـاری دروسـتبوونی لێڵی لەزماندا دادەنێنـێن , چـونکە گـەر هـۆ کارەکـانی تـری وەکـو ( فۆنـۆ لـۆژی و ڕێزمـانی و جیاوازی شێوەزارو زار ... هتد ) ووردبینەوە دەبینین لەم دیاردانە بەدەرنین . ( حیلمی خلیل , (1988 : 98 )) . واتــە هــەر دیــاردەی فرەواتــا و هاوبێـژە دەبنــە هــۆی دروســتبوونی لێڵییەکانی دیکەش .

فرە واتا:

(179) جۆش سەندن ← هاتنە کوڵی شتی شل لەسەر ئاگر .
← گەرم بوونی جیهان لە هاویندا .
← گەرم بوونی کەسێك لە کارەکەیدا .

(180)پەچە ← پارچە قوماشێکە ، بۆ داپۆشینی دەم و چاو .
← شوێنی حەوانەی ئاژەڵ

هاوبێژ :

(181)تۆو ← تۆو: گلۆبە ڕۆژە لە ( گەرمیان ) .
← تۆو: کاری چاندنی دانەوێڵە .

(182) داخ ← داخ : داخ و خەفەت .
←

داخ : داخکردن .


## 4)هۆکاری ڕێزمانی ( لێڵی سینتاکسی ) :


ڕسته لەگەڵ ڕۆنانی سەرەوەیدا ڕۆنانێکی تری هەیە ، کەتایبەتێتی واتای ڕستەکەی تێدا دەچەسپێت . پێویستە ڕستە لە سەرێکەوە پێکهاتبێت لە یاساکانی بەرهەمهێنان ، بۆئەوەی بتوانێت ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە بەرهەمبهێنێت ، لە سەرێکی تریشەوە پێکهاتبێت لە یاساکانی گوێزانەوە ، کە قۆناغەکانی گواستنەوە لە ڕۆنانی ژێرەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە لێکبداتەوە . هەربۆیە "چۆمسکی دژی ئەوە بووە ، تەنیا لە ڕووکەشی زمان بکۆڵێتەوە ، چونکە لە ڕووکەشی زماندا ، ئەگەر بڕوانینە ئەو واتایەی ، کە ڕستە دەیبەخشێت ، ڕەنگە بەهەڵەمان بەرێت ". (نایف خرما ، (1979 : 117 )). هەربۆیە چۆمسکی باوەڕی وایە لە ئاستی ڕێزمانی قوڵ ، دەتوانین ڕستەی بکەر دیار و نادیار بەیەکەوە ببەستین .

(183)– أ – پۆلیسەکە دزەکەی گرت .

(183) – ب – دزەکە لەلایەن پۆلیسەکەوە گیرا . ( فەرەیدون عەبدول محمد ، (2008 : 34)).

( هۆی ئەم جۆرە لێڵییە دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونی دوو پەیوەندیی جیا لە نێوان بەشەکانی ڕستە لەئاستی ژێرەوەدا(Deep structure ) و دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازیانە لەئاستی ڕووکەشدا (surface structure ). واتە ڕستە لە ئاستی ژێرەوەدا دوو شێوەی جیای هەیە ، بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا بەیەك شێوە دەردەکەون) . (وریا عمر امین ، (1995: 68))




## 5) هەندێکجار بەکارهێنان هەندێ جێناو دەبێتە هۆی دروستبوونی تەمومژی لە زماندا .بۆنموونە لەم نمونانەی خوارەوە دا ( ئەو _ ئەم ) لێڵیی دروست دەکەن .

(186) سارا بە ئەوانی وت ، کە ئەو دێت.

لێرەدا (ئەو ) لێڵیی دروست دەکات ، تەواو نازانرێت کە ئەو مەبەستی (سارا)یە ، یان کەسێکی تر. هەرچەندە جێناوی (ئەم ) بۆ ئاماژەکردن بۆ نزیك بە کاردەهێنرێت ، هەروەها لەگەڵ ناوی تاك و کۆدا بە کاردەهێنرێت ، بەڵام لە هەندێ چوارچێوەدا شتە ئاماژە بۆکراوەکە تەواو ڕوون ناکاتەوە.(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، ( 2009 : 229)) . نموونە گەر بچینە دوکانێکی جل و بەرگ و ژمارەیەك کراسی ڕەنگاو ڕەنگی لێبێ کەسێك بە دوکاندارەکە بڵێین ئەو کراسەم بۆ بینە بە تەواوەتی ئامانجەکە ناپێکێ ، چونکە کەسی داوالێکراو نازانێ مەبەستی کام کراسەیە ؟ لەوانەیە بڵێ کامەیان ، سورەکە یان شینەکە ؟ زەردەکە یان مۆرەکە ؟

## 6) هەندێکجار شێوازی نووسەر یان پەیڤی ئاخێوەر هۆکاری پەیدابوونی لێڵییە :

هەندێکجار شێوازی نووسەر وا لە گوێگر یان خوێنەر دەکات ، کە هەڵوەستە بکات و پێویستی بە بیرکردنەوە هەبێت . نووسەر هەندێ پەیڤ و ڕەمز لە نوسینەکانیدا بە کار دەهێنێت ئەم ڕەمز و پەیڤانە لێڵیی دروست دەکەن، زۆر جار ئەم لێڵییە مەبەستی لە پشتەوەیە ، وەکو دەزانین ئامانجی بە کارهێنان ڕەمز بەتایبەتی لای شاعیرانی ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە بۆ" باری ساسیی ئەو ڕۆژگارەی کە گەلی کوردی تێدا بووە و مەسەلەی نوێکردنەوە لە شیعردا" . (سامان عزەددین ، ( 2010 : 221 )). هەروەها بۆ لابردنی مەترسی بووە لە سەر نووسەر . بۆیە ئەم لێڵییە بە زۆری لە دەقی ئەدەبیدا دەردەکەوێت ،وەکو لەم تێکستەی لەتیف هەڵمەتدا دەردەکەوێت (بڕوانە (187 ، 188)) .

(187) گیانە هەوریش دەمی هەیە و دڵدارەکەی خۆی ماچ دەکات . لێرەدا (هەور)لای شاعیرانی تر رەمزە بۆ کارەسات و ناخۆشی بەڵام لە تیف هەڵمەت کردویەتی بە مرۆڤ و قاچ و دەست و دەمی هەیە .

(188)لافاوێك دێ ..لافاوێ تاریك پڕە لەزام

لەمەرگ .. لە نەخۆشی لە ماری خەم لە کرمی گڕ ..

لێرەدا شاعیر وشەی (لافاو) خواستنە بۆ (دوژمن )پێی وایە کە دوژمن لە سیفەتدا لە لافاو دەچێت ،ئاشکرایە کە لافاو زەرەو زیانی مادی و گیانی لێدەکەوێتەوە . شاعیر دەیەوێت بڵێ دوژمنانی گەلەکەمان هێرشی ترسناك دەکەنە سەرکوردستان مەرگ و ماڵ وێرانی لێدەکەوێتەوە . شاعیر ڕاستەوخۆ ئەمە مان پێ ناڵێ بەڵکو لە ڕێگەی باسکردنی لافاوەوە مانایەك دەهێنێتەوە.

## 7) هەندێجار تەمومژی بەهۆی پێشبەندەوە دروست دەبێت :

بۆ نموونە ئەو کەرەستانەی دەکەونە دوای ئامرازی ( بۆ) لەگەڵ جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆدا ، لەگەڵ پێشیەندییەکاندا لێڵیی دروست دەکەن (بڕوانە ( 189 ، 190 ، 191 )) .

(189) ( بۆ___ تان )

بۆتان دەنێرم

– بۆ تان دەنێرم

↓

پێشبەند جێناو

(190) بۆ ئێوە دەنێرم

– بۆتان دەنێرم

↓

لێرەدا ( بۆتان), واتا من بۆتان دەنێرم .

(191)تاویٚ :

تا ئەویٚ وەرە . ( ئەویٚ ) ئامرازی نیشانەیە ( تا ئەو شوێنە وەرە ) .

– تاویٚ وەرە . ( تاویٚ ) رادەیە ( کەمێك وەرە ) .

کاتیٚ ( تا – ویٚ ) لەگەڵ یەکتردا دێن لێڵی دروست دەکەن , لێڵیی بەهۆی تیاچوونی سەرەتای ئامرازی نیشانەی ( ئەویٚ ) دەبێت , چونکە کاتیٚ ( تا ) لەگەڵ ( ئەویٚ ) دێت فرێز دروست دەکەن ، دەنگی کۆتای ( تا ) ، کە بزوێنە لەگەڵ دەنگی سەرەتای ( ئەویٚ ) کە بزوێنە یەکێکیان تیا دەچێن چونکە لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەن. ( عمر احمد عبدالرحمان , 2009 : 28 – 29 ) .

## 1/ 2 -1-3) ڕووینەوەی لێڵی :

لێرەدا هەوڵدراوە قسە لەسەر ئەو ڕێگاو ئامرازە سەرەکییانە بکرێت ، کە ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاویان ، لە ڕەواندنەوەی لێڵیی هەیە ، چ لێڵیی فەرهەنگی کە بەهۆی دیاردەی (فرەواتا و هاوبێژ)پەیدا دەبن ، یان تەمومژی سینتاکسی بێت ، کە ئەم جۆرە لێڵییە بەهۆی بوونی سیمایەك بە دوو واتا دروست دەبێت ، ئەمیش بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە ، یان شێوازی نووسەر ، بۆ ڕەواندنەوەی تەمومژی سینتاکسی یان بە گەڕانەوەی ڕستەکە دەبێت بۆ دەورووبەر ، کە دواتر ئاماژەی پێدەدرێت ، یان بگەڕانەوەی ڕستەکە دەبێت بۆ ناودەق یان ڕستەکە دەگەرێنرێتەوە بۆ ئاستی قوڵ و دیاریکردنی واتا ڕاستەقینەکەی ، لە ڕێگا سەرەکییەکانی ڕەواندنەوەی لێڵیی ئەمانەن :

## 1/ 2 -1-3-1)چوارچێوە ( دەوروبەر ) :

یەکێك لە ڕێگا باو و گرنگەکانی ڕەواندنەوەی لێڵیی چوارچێوەوەی بارە ، لە هەندێك باردا بۆ ڕەواندنەوەی تەمومژی ڕێزمانی ، پشت دەبەستێت بە گەڕاندنەوەی (فرێز ، ڕستە ) بۆ دەقەکە یان دەوروبەری وتنەکە .

( دەكرێت وشەیەك خۆی واتایەكی هەبێت ، هەروەها دەكرێ هەمان وشە واتای دژەكەشی بگەیەنێت ) .(بتول قاسم ناصر ، ( 1999: 42)) ، گوێگر بەپێی دەوروبەرەكە دەتوانێ لەوەبگات كە كام واتا مەبەستە . بەلاّم ئەگەر گوێگر ئاگاداری دەوروبەری گوتن نەبوو ئەوا ئەو دوو دژ واتایە لێڵیی دروست دەكات (بڕوانە (192 ، 193 ))

(192)پیس خۆی گۆڕیوە .

لێرەدا (پیس ) دوو واتای هەیە:

(192-أ)واتا كە پاك خۆی نەگۆڕیوە و پیسە . (پیس ) بەراستی

(192-ب) (پیس ) بەتەوەسەوە واتا خۆی پاك یان جوان گۆڕیوە .

(193) بە ڕاستی چاكەی لە گەڵ كردم .

بەهەمان شێوە ( چاكە ) دوو واتای هەیە .

(193-أ) چاكە بەڕاستی .

(193-ب)(چاكە) بەتەوەسەوە واتە خراپەی لەگەڵ كردم .

## دەوروبەر :

دەوروبەر هەندێك زانیاری دەبەخشێ ، كە زۆرجار قسەكەر لە دەربڕیندا ئەو زانیارییانە لادەبات (Leech ,1975: 77) . بۆیە ئەگەر گوێگر زانیاری دەربارەی دەوروبەری گوتنەكە نەبێ زۆر بەگرانی لە وشە ونبووەكان دەگات . (بڕوانە (194)).لەم نموونەیەدا وشەی (گیراوەكە) لێڵیی دروستكردووە.

(194)شێركۆ ، گیراوەكەم بۆبێنە . لێرەدا (گیراوەكە)بە پێی شیكاری ڕێزمانی دوو واتا دەگەیەنێت .

واتای یەكەم (گیراو +ەكە ) واتای دیل یان بەندكراو دەگەیەنێ . واتای دووەمیش (گیراوە +ەكە) دەرمانە گیراوەكەم بۆ بێنە دەگەیەنێت .

بۆ ڕونكردنەوەی زیاتری سیاق (دەوروبەری بە كارهێنان )،(context )لەلایەن زمانەوانەكانەوە گەلێ بۆچوون خراوەنەتە ڕوو:

1- " دەوروبەر بریتییە لە چوارچێوەی بە كارهێنان ، كەبەهۆی واتای وشە وگرێ و ڕستە لێڵەكان و ئەركەكەی و چۆنیەتی بە كارهێنان ڕوون دەبێتەوە" . (أحمد مختار ، (1982 : 68)) دامەزرێنەرانی تیۆری بە كارهێنان ، كەلە بۆچونەكانیاندا دەربارەی دەوروبەر ئەوەیان خستۆتە ڕوو (گەلێك لەیەكە زمانیەكان هاوشانی یەكەی تر دێن ، لێكدانەوەی یەكە زمانیەكانیش بەبێ تێبینی كردنی یەكە واتایەكانی تەنیشتیان ناكرێ ).(195)

(195) أ- چای خەست

ب– سەگ وەڕ . ( بێستون حەسەن ئەحمەد ، ( 2012 : 60 )).

ج– زریکەی مشك

د– جیڕەی دەرگا

هـ– خشەی دار

ئەم وشانە زۆرجار لەزمانێکی دیاریکراودا پێکەوە دێن ، پێیان دەوترێت (کۆمەڵە وشە )، کۆمەڵە وشەش "ئاستێکی تەکنشینی هەیە ، لەواتای دانەدانەی وشەکان ناکۆڵێتەوە ، بەڵکو بەشێك لەواتای وشەکەت لەڕێگەی پێکەوە هاتنەوە پێدەدات . ( بێستون حەسەن ئەحمەد ، ( 2012 : 60)) (بڕوانە(195)).

2–" فۆرمی زمان بە بێ دەوروبەر (سیاق) ناتوانێ شیکردنەوەی هەموو ئەو واتایانە بکات کە ئێمە لە زماندا دەستمان دەکەوێت . (( Hudson , (2000 :312 ).

لەچوارچێوەی بە کارهێنانـدا ئامـاژە بـە چـەند جـۆرێکی چوارچـێوەکراوە ، ئـەوانیش : چوارچێوەی زمانی و نازمانین . چونکە هەندێ لە دەربڕینەکان جگەلە چوارچێوەی زمـانی بـۆ ڕەواندنەوەیان ، پێویستیان بە چوارچێوەی نازمانییە.

## 1/ 2 -1-3-1-1)**چوارچێوەی زمانەوانی** ( linguistic context ) :

ئەم چوارچێوەیە پەیوەندیی بە هەردوو پەیوەندیی تەکنشینی و جێنشینی نێوان وشـەکان لـە ڕستەدا هەیە ((Crystal ,1991: 87، plamer,1981: 244 ).(بڕوانە(196 ، 197)).

(196) خواردن → نان خوارد ( خواردن ) .

→ ڕۆژوەکەی خوارد ( سەرپێچی کردن ) .

→ پارەکەی خوارد( زەوتکردن و دەست بەسەردا گرتن).

(دارا حمید ، بێستون حسن احمد ( 2013 :195 )).

(197) فڕاندن → پارەکەی فڕاند ( بردن ) .

→ کچەکەی فڕاند ( هەڵگرتن ).

## 1/ 2 -1-3-1-2)**چوارچێوەی نازمانی** (situational context):

ئەم چوارچێوەیە پێی دەوترێت چوارچێوەی کەوتگە واتە (دەوروبەری شوێن )شوێنکاتی ئاخاوتنەکە بەو تایبەتمەندییەی ، کە هەیەتی لەگەڵ ئەو چوارچێوە سەرەکییەکانەی ئەم جۆرەی چوارچێوە دروست دەکەن . ئەم چوارچێوەیە پەیوەندیی بە فۆرمی (وشە و فرێز )ەوە نییە ، ئەگەر گوێگر کات و شوێنی گوتنەکەی زانی هیچ لێڵییەك نامێنێ : Allan , (1997 : 37))

(198) پێی لێنا ← پێی بە لەسەر شتێك ناوە .

← دانی بە تاواوانێکدا ناوە .

بە ئاگادار بوون لە کات و شوێنی گوتن یەکێك لە دوو واتایە بەرجەستە دەبێت .

## 1/ 2 -1-3-1-2-1) چوارچێوەی سۆز و خۆشەویستی( emotional context )

ئەم جۆرە لە وشەکانی (خۆشەویستی و دڵپێوەبوون ) دا دەردەکەوێت ، بەمەبەستی دەربڕینی هەڵچوونە ، ئەم دوو وشەیە هاوواتان ، بەلاَم لە دەوروبەری بە کارهێناندا جیاوازن ، یان هاواتا ئاسان ، کە پێشتر ڕوون کراوەنەتەوە. (بڕوانە (199 ، 200 ، 201 ، 202 )).

(199)کوڕەکە ئەوکچەی خۆشدەوێت .

(200)کوڕەکە دڵی بەو کچەوەیە .

(201) ئازاد نەسرینی خۆشدەوێت.

(202)نەوزاد دڵی بە ئاشنا وەوەیە.

لە نموونەکانی (199، 200) بۆمان دەردەکەوێت کە وشەی خۆشەویستی = +خۆشەویستی +دڵداری .

بەلاَم لە نموونەکانی (201 ، 202) دڵپێوەبوون = +خۆشەیستی + ڕابواردن .

لێرەدا هەردوو وشەی (خۆشەویستی و دڵپێوەبوون ) بە پێی بە کارهێنانیان واتاکانیان جیاوازە.

## 1/ 2 -1-3-1-2-2)چوارچێوەی شێواز و ڕۆشنبیری ( Culater context ) .

واتای وشە و ڕستەکان پەیوەستن بە ڕادەی ڕۆشنبیری و کۆمەلاَیەتی و باری دەروونی کەسەکان و ژینگەی قسەکەرەوە ، چونکە ئاخاوتنی مرۆڤ ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئاستی ڕۆشنبیری و باری دەروونی وئاستی کۆمەلاَیەتییەوە هەیە . ( أحمد مختار ، ( 1982 : 69 )) ، بۆ نموونە وشەکانی (ژن ، خانم ) .

وشەی (ژن): زیاتر ئاماژەیە بۆ چینی هەژار و کەم دەرامەت و چینی مام ناوەندی کۆمەڵ .

(203) ژنی خزمەت کارەکە کارەکەری ماڵی ئاغا بوو.

(204) خانمی ئەوڕەحمان پاشای بابان .

(205) حەپسە خانی نەقیب .

لە نموونەی (203) دا وشەی (ژن ) ئاماژەیە بۆ چینێکی هەژاری کۆمەڵ ، بەلاَم لە نموونەی (204 ، 205) دا (خانم )کە بەواتای (ژن) دێت ، ئاماژەیە بۆ چینێکی بەرزی کۆمەڵ ، یان هەندێکجار ئەو وشە و دەربڕینانەی کە مامۆستایەك بە کاریدەهێنێت جیاوازە لەو وشە و دەربڕینانەی کە پۆلیسێك بە کاریدەهێنێت ، ئەوەش پەیوەندیی بە واتای شێوازییەوە هەیە .

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە سیاق (دەوروبەر ) ڕۆڵی سەرەکی لە ڕەواندنەوەی ئەو تەومژیانەی کە لە (فرێز و ڕستەکاندا )دروست دەبێ هەیە.

## 1-ڕەوینەوە لە وشەدا :

زمانەوانەکان واتای فەرهەنگیی وشە ، بەهەڵگری زیاتر لە واتایەك دادەنێن .(علی زوین ،(1986: 185)) . چونکە واتای وشە بەپێی هاوڕێیەتی کردن و هاتنی لەگەڵ وشەی تر لە پێکهاتەی گەورەتردا، بە پێی دەوروبەری وتن واتای دەگۆڕێت . هەروەها ئەو لێڵیانەی کە لە وشەدا دروست دەبن کاتێ لە ڕستەدا بە کاردەهێنرێن واتاکەی ڕوون دەبێتەوە . زۆربەی چاوگە تێنەپەڕەکان لێڵیی دروست دەکەن (چوون ، نوستن ).

(206) هاتن → ئەوان هاتن . / ئێوە هاتن .

(207) مردن → ئەوان مردن . / ئێوە مردن .(وریا عومەر امین ،(2009: 295)).

ئەوەی لێرەدا لێڵیی دروست دەکات (ن) چاوگە ، چونکە لە چاوگی تێنەپەردا کە دەستەی جێناوی لکاوی (م.ین) بۆ (ئێمە – ئەوان )(ن)بە کاردەهێنرێت .

## 2-ڕەوینەوە لە فرێزدا :

دەکرێ لە ڕێگەی بە کارهێنانیەوە لە ڕستە و دەقدا لێڵیی فرێز ڕوون ببێتەوە .

(208) سنگ فراوان → کەسێك سنگی بە قەبارە گەورە بێت . / کەسێك شت لە دڵ نەگرێت ( کەسێکی بە سەبر ).

## 3-ڕەوینەوەلە ڕستەدا :

ئەم تەومژیانە لە چوارچێوەی بە کارهێنانذا ڕوون دەبێتەوە .

(209) ئەو کوڕە وریایە ← ئەو کوڕە ناوی وریایە .
← ئەو کوڕە کوڕێکی وریایە و بێ ئاگا نییە .

## 1/ 2 -1-3-1-2) **هێز و ئاوازە :**

دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە جگە لە ڕۆنانی سینتاکسی و فەرهەنگیی وشەکان ، کە دەوری ڕاستەوخۆ و سەرەکی لە واتادا دەبینن ، بەشێك لە واتا لەزمانی قسەکردندا بە چەند دیاردەیەکی زمانی ترەوە ببەسترێت ، بە تایبەتی ئەودیاردانەی کە وشە و ڕستە لە زمانێکی دیاریکراودا لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە هەڵی دەگرن .لێرەدا هەوڵدەدرێت ئەودیاردە فۆنۆلۆجییانەی ڕۆڵیان لە ڕوونکردنەوەی دەربڕینە لێڵەکان و پیشاندانی واتای جۆراوجۆردا هەیە بخرێنە ڕوو .

## 1/ 2 -1-3-1-2-1) **هێز (stress)؛**

ئاماژەکردن بە چەمکی هێز و ناسینی لەلایەن زمانەوانەکانەوە لە ڕوانگەی جیاجیاوە بووە . لەوانە :

هەندێك لە زمانەوانەکان لە ڕوانگەی قسەکەر و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی هێزەوە پێناسەی دەکەن ، وەکو "هێز بە دەرخستنی دەنگێك ، یان بڕگەیەك، یان وشەیەك دەوترێ، کە لە ڕێگەی تین دان بە گرژبوونی ماسولکە و تەوژمی هەواوە ، یان گۆڕینی ڕادەی بەرزیی دەنگەوە ئەنجامدەدرێت ".(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ( 2004 : 412 )).

هەندێکی تر لە ڕوانگەی گوێگر و لە ڕووی هەستکردن بە جیاوازی بڕگەی هێزدار و بێهێزەوە پێناسەی هێز دەکەن . " هێز ، جۆرە (گرتن)ێکە ، جۆرە (هێزێکە ) ، یاخود جۆرە (گیر) ێکە ، دەخرێتە سەر بزوێنی بڕگە لە وشەدا ".( محەمەد ئەمین هەورامی، ( 1974 : 87))، بەلاّم لێرەدا ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ناساندنی هێزە لەو ڕوانگەیەوە ، کە پەیوەندیی لەگەڵ واتادا هەیە ، چونکە بەڕای هەندێکی تر لە زمانەوانەکان هێز دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا , هەروەها "هێز ، دکەڤیتە سەر بڕگەکێ ژ وشێ و مانا وێ دگوهوڕیت ، هەروەسا دکەڤیتە سەر ڕستێ و مانا ژێ دهێتە گوهارتن و دکەتە پرسیاری ". (محمد حسن بناڤی ، ( 1986 : 39)) .

لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانەی باسیان لە پەیوەندیی نێوان هێز و واتا کردوە ، ئاماژەیان بەوەداوە گۆڕینی شوێنی هێز دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، کەواتە هێز ئەرکی فۆنێمی هەیە ، ئەگەر پلەکەی گۆڕاو لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تری هەمان وشە و کاری لەواتاکرد ئەوا هێز فۆنێمە .

(210) ڕاَ_ پەڕین (ناو) ە . لە ڕاپەڕینی ئاداری 91 دا زۆربەی شارەکانی کوردستان ئازاد کران .

ڕاپەڕی _ نُ ( کردار ) ە. جەماوەر لە ئاداری 91 شێرانە ڕاپەڕی .

لە زمانی کوردیدا هێز ڕۆڵی سەرەکی لە ڕونکردنەوەی لێڵیدا دەبینێت ، بە جۆرێك ئەگەر هەندێکجار هێز لەسەر وشە و ڕستە دوور بخەینەوە و بەبێ بە کار هێنانی نیشانەکانی ڕستە وەکو (؟ ،_، ! ، ...هتد) ئەوا نازانین کام واتا مەبەستە ، واتا بەمەش لێڵیی واتای دروست دەبێت ، بەلاَم بە گەڕاندنەوەی لێڵییەکە دەڕەوێتەوە . بۆ نەهێشتنی لێڵیی لە زماندا پێویستە شوێنی دیاری بکرێت .

هێز لەسەر هەموو بڕگەکانی وشە هەیە ، بەلاَم لەسەر هەریەکەیان بە پلە و ڕادەی جیاواز (وریا عمر امین ،(2009: 285)) . بە شێوەیەکی گشتی هێزی سەرەکی ( primary stress ) دەکەوێتە سەر دوا بڕگە ، بەلاَم لە وشەکانی (بەلاَم ، چونکە ، هێشتا ) ناوێزە دەکەوێتەوە ، چونکە هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم . ( بەلاَم ) دوو بڕگەیە ( بە +لاَم ) هەڵچوون لە بڕگەی یەکەمە ، ئەم هەڵچوونە لە ئەنجامی خێرا لەرینەوەی ژێیەکانە . (بڕوانە(211)).

(211)تەڕە = بەئاو

تەڕە = سەوزەی خواردن

گەر هێز لەسەر بڕگەی یەکەم بوو بەواتای (ئاو) دێت ،بەلاَم گەرهێز کەوتە سەر بڕگەی دووەم ئەوا بەواتای (سەوزەی خواردن ) دێت .

## 1/ 2 -1-3-1-2-1-1-1)جۆرەکانی هێز :

## 1/ 2 -1-3-1-2-1-1-1-1)هێزی ڕستە :

لە پێکهاتەی ڕستەدا وشە هێزی سەرەکی نامێنێت، چونکە دەبێتە دانەیەکی بچووك لە ناو دانەیەکی گەورەتردا. لەم جۆرەدا هێزی دابڕاوی وشە نامێنێت ، بەڵکو هێزە سەرەکییەکە دەکەوێتە سەر یەکێك لە وشەکانی ڕستە ، یان ئەو وشەیەی کە بەلای قسەکەرەوە گرنگ و جێی بایەخ و مەبەستە.

## 1/ 2 -1-3-1-2-1-1-1-1-1)جۆرەکانی هێزی ڕستە :

چەند جۆرێکی هێزی ڕستە خراونەتە ڕوو لەوانە :

### 1-هێزی ئاسایی :

لە چوارچێوەی ڕستەدا ئاسایی دوا وشەی کۆتایی ڕستەکە هێزە سەرەکییەکە وەردەگرێت ، بەتایبەتی ئەو بڕگەیەی ،کە هێزی سەرەکی خراوەتە سەر لەکاتی دابڕاوی لە وشەکەدا .

(212) محەمەد مارەکەی کوشت .

(213) ئازاد شیرەکەی ڕشت .

### 2-هێزی بەرانبەریی ڕستە:

لەم جۆرەدا قسەکەر بە پێی مەبەستی خۆی دەتوانێت هێز بخاتە سەر یەکێك لە وشەکانی ڕستەکە ، جا لە پێناو دووپاتکردنەوە ، یان نەفی کردنی دژەکانی بێت .( بڕوانە(214))

(214) محەمەد کارەکەی ئەنجامدا.

گەر هێزخرایە سەر وشەی ( محەمەد ) ئەوا مەبەست ئەوەیە کە تەنیا (محەمەد ) — نەك کەسێکی تر– کارەکەی ئەنجامداوە.

ئەم هێزە بۆ لێك جیاکردنەوەی واتا بە کاردەهێنرێت ، کە پێشبینی بکرێت و لەگەڵ واتایەکی تر بەراورد بکرێت ، کە دابڕاوە یان بەشاراوەیی وتراوە ، لەم بارەدا هێز لەگەڵ پلەی ئاوازەی بەرزدا پێکەوە کار لە یەك دەکەن.( بڕوانە (215 ،216)).

(215) باوکم لە گەنجیدا بە هێز بوو .

(216) لەکۆندا هەموومان بۆ سەیران دەچووین .

لەم دوو نموونەیەدا هێزی سەرەکی لە سەر وشەی (لە گەنجیدا ، لە کۆندا) دوپاتکردنەوە لەسەر کاتی ڕوو کارەکان لە ڕابردوودا دەکەن، بەڵام بۆ کاتی ئێستا ڕوودانی کارەکە نەفی دەکات و مەبەستەکە پێچەوانە دەبێتەوە ، بەم جۆرە :

– لەگەنجیدا بەهێز بوو ... واتای ئەوەیە ئێستا بێهێز بووە.

– لەکۆندا بۆسەیران دەچووین ... واتە ئێستا ناچین .

### 1/ 2 -1-3-1-2-2) ئاوازە (Intonation):

لەبەر ئەوەی ئاوەزە وەکو فۆنێمە ناکەرتییەکانی تر یەکەیەکی پێوانەیی سەراپایی نەبووە ، پێناسەی یەکانگیر و دابڕاوی بۆ نەکراوە ،ئەگەرچی کەرەستەیەکی هەستپێکراوە ، بۆیە چەندان پێناسە بۆ ئەم یەکەیە کراوە ، لەوانە :

" چۆن مەفهومی زەنگ لە خاسیەتی بیستنی دەنگدا شتێکی بنەڕەتی یە ، بەهەمان چەشن مەفهومی ئاوازیش لە خاسیەتی ڕستەدا شتێکی سەرەکی یە ، ئەویش چونکە ئاواز ، ساز و کێشی پێکهاتنی ڕستە دیاری دەکات ". ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ( 2004 : 14)) .

لە دروستبونی ئاوزەدا لەرینەوەی ژێیەکان ڕۆلێکی سەرەکی دەبینن ، ئەویش بە پێی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لەکاتی قسەکردندا ،چونکە لەکاتی گۆڕینی پلەی دەنگدا

خێرایی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکانیش دەگۆڕێن بەمەش ئاوازە پەیدا دەبێت ، کەواتە " ئاوازە ئەو بەرز ز نزمبوونی ئاخاوتنەیە ، کە کار لە واتای گوتراوەکە دەکات ".(Hornby, 2001 : 682)

### 1_ ئاوازەی وشە tone :

بەرزی و نزمی دەنگەکان لە سنووری وشەدا دەگرێتەوە .

### 2_ئاوازەی ڕستە Intonation:

قسەکەری هەر زمانێك بە گۆڕینی ئاوازی ڕستە دەتوانێت ، ناوەڕۆك و مەبەستەکەی بگۆڕێت ، چەمکی جیا جیا بە دەربڕینەکەی ببەخشێت ، وەك : (گاڵتە پێکردن ، توانج تێگرتن ، ناڕەزایی ، تورەیی ، سەرسوڕمان ... هتد ).هەروەهائاوازە دەتوانێت ئەرکی ( هەواڵدان ، وەڵامدانەوەی پرسیار ) جێ بە جێ بکات (بڕوانە (217)) .

(217) نەوزاد ئەمشەو ڕۆیشت .

به پێی ئاوازە ئەم ڕستەیە چەندین واتای جۆراو جۆر لە خۆدەگرێت ، بە جۆرێك گەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەرتاپای ڕستەکەدا وەکو یەك بوو ، ڕستەکە مانای (هەواڵدان ) دەگەیەنێت ، ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر ناوی (نەوزاد)بوو ، دەبێتە وەڵامی پرسیاری (کێ دوێنێ هات ؟ ).

بەڵام گەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (ئەمشەو) زیادکرا ، دەبێتە وەڵامی پرسیاری (نەوزاد کەی هات ؟)

کەواتە ئاوازەی ڕستە: بریتییە لە وەستان لەنێوان وشەکانی ڕستەیەك ئەو وەستانەش کە لەنێوان وشەکاندا هەیە لێڵیی دەرەوێنێتەوە . بە گۆڕینی ئاوازەی دەنگمان هەرجارەی واتایەك بە دەستەوە دەدەین , کە لەنووسیندا دەرناکەوێت تەنها لەکاتی قسەکردندا هەستی پێدەکەین ، چونکە ئاوازەش لەزماندا ، بەتایبەت لەنووسیندا ، نیشانەیەکی بۆ دانەنراوە .

ئاوازە لەکاتی قسەکردندا بەردەوام لە گۆڕان و بەرزبوونەوە ( هەڵس ) و نزمبوونەوە ( کەوت )دایە ، لە دەربڕینێکەوە بۆ دەربڕینێکی تر، لە هەڵوێست و بارێکی دەروونییەوە بۆ هەڵوێست و بارێکی دەروونی ترەوە دەگۆڕێت .

### 1/ 2 -1-3-1-2-2-1) ئاست و پلەکانی ئاوازە:

بەشێوەیەکی گشتی ئاوازە چوار پلەی هەیە ، هەر پلەیەکیش لە جۆرێکی ڕستەدا بە کاردێت :

1–جیناوازی بەرز : بەرزبوونەوەی چینی ئاواز ئەنجامی کاردانەوەی بیستنی هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراوە ، سەرسورمان دەبەخشێت .

(218) ئای لەو ئاوە چەند سازگارە !

(219) ئای لەو خانوە چەند خاوێنە !

2- چیناوازی ئاسایی :چینی ناوەڕاستە دەکەوێتە نێوان چیناوازی بەرز و نزم ، بەزۆری لە ڕستەی زانیاری هەواڵداندا دەردەکەوێت.

(220) منداڵەکە کەوت .

(221) ڕاوچیەکە نێچیرێکی گرت .

3- چیناوازی نزمە بەرز : لە نێوان چیناوازی بەرز و نزمدایە ، لە ڕستەی فرماندانـدا دەردەکەوێت .

(222)جارێکی تر نەچیتە سەیران .

(223) بڕۆ نانەکەت بخۆ .

4-چیناوازی بەرزەنزم : هەندێکجار دەکەوێتە دوای چینی ئاساییەوە ، لە ڕستەی پرسیاریدا دەردەکەوێت .(عبدالوهاب خالد موسا ، ( 2009 : 99-100)) .

(224)کورەکە لە ماڵە ؟

(225) منداڵەکە هات ؟

## 1/ 2 -1-3-1-3) یارمەتی دەری چوارچێوە:

لەم ڕێگایەدا بە کارهێنان هەندێك ئاوەڵکرداری کات هۆکارە بۆ ڕوونکردنەوەی تەمومژی ڕستە (سەلام ناوخۆش ، نەریمان خۆشناو ، (2009 : 243)) ( بڕوانە (226 )) .

(226) نانەکە خورا .

ئەم ڕستەیە کە ڕستەیەکەی کارا نادیارە تەمومژی ڕستەکە دەتوانین بەزیادکردنی هەندێ ئاوەڵکرداری کات وەکو (ئەمشەو ، هەرئێستا ، هەفتەی ڕابردوو ،پار ، دوێنێ ، کاتژمێرێك پێش ئێستا ) و دەربڕینی لەکاتی قسەکردندا گوێگر هیچ گرفتێکی تەمومژی واتایی بۆ دروست نابێت . (بڕوانە (227 -أ ) ، (227 -ب ) ، (227 -ج ) ، (227 -د ) ، (227 - ه) ، (227 - و))

(227 - أ )نانەکە هەر ئێستا خورا.

(227 - ب ) نانەکە ئەشەو خورا .

(227 - ج )نانەکە هەفتەی ڕابردوو خورا .

(227 - د )نانەکە پار خورا .

(227 - ه )نانەکە دوێنێ خورا .

(227 - و )نانەکە سەعاتێك پێش ئێستا خورا .

بەزیادکردنی ئەو ئاوەڵکردارانەی ، کە لە ڕستەکاندا خرانە ڕوو ، تەمومژی ڕستەکە دەڕەوێتەوە هەرچەندە ئاوەڵکرداری کاتی کەرستەیەکی سەربارە ، بەڵام ڕۆڵ لەڕوونکردنەوەی تەمومژی ڕستەدا دەبینێنێت . (بڕوانە (228 )) .

(228)سارا ناچێتە قوتابخانە .

دەبینین ئەم ڕستەیە تەمومژاوییە ، بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی پەنا دەبەینە بەر بەکارهێنان چەند ئاوەڵکردارێکی کاتی (ئێستا، ئەمڕۆ ، بەیانی ، ئەمساڵ ) ( بڕوانە (228– أ ) ، (228 – ب ) ،(228 – ج ) ، ( 228 – د )) .

(228– أ ) سارا ئێستا ناچێتە قوتابخانە .

(228 – ب ) سارا ئەمساڵ ناچێتە قوتابخانە .

(228 – ج ) سارا ئەمڕۆ ناچێتە قوتابخانە .

( 228 – د ) سارا بەیانی ناچێتە قوتابخانە .

دەبینین بەهۆی بەکارهێنانی وشەکانی ( ئێستا ، ئەمڕۆ ، بەیانی ، ئەمساڵ ) توانراوە تەمومژی ڕستەکە بڕەوێنرێتەوە . ( بڕوانە ( 229 )).

(229) ئارام دەچێت خانوو دەکرێت .

تەمومژی ئەم ڕستەیە بەزیادکردنی ئاوەڵکاری کات دەڕەوێتەوە ( بڕوانە ( 229 – أ )، (229 – ب )،(2299 – د)).

( 229 – أ )ئارام ئێستا دەچێت خانوو دەکرێت .

(229 – ب )ئارام ئەمڕۆ دەچێت خانوو دەکرێت .

(229 – د )ئارا بەیانی دەچێت خانوو دەکرێت .

## 1/ 2 -1-3-1-4) ڕێگای گروپ گروپکردن لەکەوانەدا :

یەکێکی تر لەڕێگاکان ، کە هۆکارە بۆ نەهێشتن یا ڕەواندنەوەی تەمومژی ڕستە ( ڕێگای گروپ گروپکردنە لەکەوانەدا) ، چونکە هەندێك جار ڕوون نییە ئەو وشانەی لە ڕستەکاندا هاتوون دەبنە دیارخەر بۆ یەك ناو یان دوو ناو ، بۆیە ئەم ڕێگایە بە کاردەهێنرێت بۆ ئەوەی تەمومژی ڕستەکە ڕوون بێتەوە ( بڕوانە (230 ، 231 )) .

(230) باوکی کوژراوەکەو بکوژەکە هاتن .

( باوکی کوژراوەکە ) و ( بکوژەکە ) هاتن .

لەم ڕستەیەدا وشەی (باوك ) تەنها دیارخەرە بۆ ( باوکی کوژراوەکە ) واتە باوکی کوژراوەکە هاتووە ، بەڵام باوکی بکوژەکە نەهاتووە .

( باوکی کوژراوەکە ) ( باوکی بکوژەکە ) هاتن .

بەڵام لە ڕستەیەدا وشەی باوك بۆ ( كوژراو) و( بكوژەكە ) بۆتە دیار خەر بۆ دوو ناو . واتە ( باوكی كوژراوەكە ) و ( باوكی بكوژەكە ) هەردووكیان هاتن .

(231)ژن و پیاوە ئازاكە ڕۆیشتن .

لە نموونەیەدا ( ژن ، پیاو ، ئازا ) لێڵییان دروست كردووە . چونكە نازانین ئاوەڵناوی ئازا دەبێتە دیار خەری ( ژن ) بەتەنها یان دەبێتە دیارخەری هەردوو ناوی ( ژن و پیاو ) .بەڵام گەر بەمشێوەیە گروپ گروپمانكرد، ( ژن ) و ( پیاوە ئازاكە ) ڕۆیشتن . لەم گروپكردنەدا ( ئازا ) تەنها بۆتە دیار خەر بۆ ( پیاو ) واتە سیفەتی ئازایەتی تەنها دراوەتە پاڵ پیاوەكە .( ژنە ئازاكە ) و ( پیاوە ئازاكە ) ڕۆیشتن . بەڵام لەم گروپكردنەدا وشەی ( ئازا ) كە سیفەتی ئازایەتییە بۆتە دیارخەر بۆ هەردوو ناوی ( ژن ) ( پیاو ) واتە سیفەتەكە دراوەت پاڵ ژن و پیاویش ، دەتوانین لێڵییەكە بڕەوێنینەوە .

## 1/2) پاری یەكەم /جۆرەكانی گوتار

### 1-1/2) گوتار ( Discours ):

لە پێناو ڕوونكردنەوەی لایەنە نادیارەكانی كردەی گوتن ، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە گرنگی بە هەندێك لە دانە گەورەكانی زمان درا، لەوانە ( گوتار ) بەرانبەر(Discours) ، ئەم گرنگی و بایەخ پێدانە بە هۆی ئەو پێشكەوتنانەوە بوو ، كە لەبواری واتادا ڕوویدا . هەربۆیە یەكێك لە كۆنترین جۆرەكانی ڕاگەیاندن كەتاوەكو ئەمڕۆ بەهای خۆی وەكو ڕەگەزێكی ڕاگەیاندن لەدەست نەداوە ( پشت بەشارەزایی و ئەزموون و بەهرەداری، جوان كاری دەربڕین و پتەوی و ریزبەندی لە بواری زمانەوانی و قسەكردن دەبەستێت ، لایەنە هونەرییەكانی نوسین ڕەچاو دەكات گوتارە) (هەڤاڵ ابوبكر حسین ،( 2007 : 88)) ، چونكە گوتاربێژ دەتوانێت لە ڕێگەی گوتارەكەیەوە كاریگەریی بەسەر گوێگرانیەوە بەجێبهێڵێت ، لە گوتاردا نووسەر بیرەكانی بە شێوەی زنجیرە دەخاتەڕوو بەجۆرێك ، كە بڕوا و متمانە لای خوێنەر دروست بكات ، چونكە لە گوتاردا سەلماندن و بەڵگە هەیە، گەرئەو بەڵگە و سەلماندنانە بەڕیزبەندی ڕێكخرا ، دەبێتە هۆی ڕاكێشانی سەرنجی گوێگر، ئەو بەڵگەو سەلماندنانەش لە توانست و پێشخانی زانیاریی كەسی نووسەر و بڕوا و بیرو ئایدۆلۆژیای

نووسـەرەوە سەرچـاوە دەگرێـت ، ئامـانجی سـەرەکی نووسـەریش لـە گوتـاردا خسـتنەڕووی لێکدانــەوە و ڕوونکردنــەوەی ڕووداو و بەڵگەکانــە ، بۆیــە گوتارەکــان( وابەســتەی ڕووداوە هەنووکەییەکان و گیرو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابوورییەکانە ،لەڕێی ڕاڤەکردن و باسکردنیانەوە ، بەشێوەیەکی جوان و سادە و سا کار دەردەبڕێن ، بۆ ئەوەی بەخێرایی بگاتە وەرگر)(محمد عبدالحكيم محمد ، (1999: 107)).لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم بنەمایە (گوتار) جۆراو جۆرەو لە بوارەکانی (سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی زمان ، فەلسـەفە ،... هتـد ) بـە کاردەهێنرێـت ، ئـەم بڵـاو بەکارهێنانــە وایکـردووە ، کەببێتــە بنەمایــەکی لێـڵ و ئـاڵۆز و لێکدانەوەی فراوانی هەبێت . بۆتێگەیشتن لە چەمکی ئەم بنەمایە ، واتە( گوتار) بـە پێویسـت دەزانرێت ئاماژە بەبۆچوونی چەند زمانەوانێك بدرێت .

1- "کەرەستەیەکی زمانییە ، کەلە کۆمەڵە ڕستەیەکی زنجیرەیی هاو پەیوەند پێـك هـاتووە ، لەکردەی پەیوەندیی کردندا بە کاردەهێنرێت "(Cook,(6:1989 )، پێشتر ئاماژەی پێدرا ، کە گوتار لەچەند پەرەگرافێك پێك دێت ، هەر پەرەگرافێکیش لە کۆمەڵێك ڕسـتە پێـك دێـت و دەبێت ئەم کۆمەڵە رستانە پەیوەندیی واتاییان بەیەکەوە هەبێت و یەکتری تـەواو بکـەن . کـە ڕسـتەکان پەیوەنـدییان بەیەکـەوە هـەبوو گـوێگر بەئاسـانی تێیـان دەگـات ، بەمـەش کـردەی پەیوەندیکردن دروست دەبێت .

2- "چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و لە چەند تێکستێکی ڕێکخراو پێکهاتووە" . ,(1992 :193 Firclough (Norman )).

3- " گوتار ڕووانگەیـەکی زمانەوانییـە ، بـۆپراکتیزەکردنی پرۆسـەیەك لـە پێنـاو گەیشـتن بـە ئامانجێـك ". ((9 : 2000) , Roy )، واتـە کەرەسـتە زمانییـەکان لـە دەربڕینەکانـدا بـە کــاردەهێنرێن ، پێکهاتەیــەکی زمــانی دروســتدەکرێت ، ئــەم پێکهاتــە زمانییــە واتایــەك لەخۆدەگرێت ، ئەم واتایەش لە پێناو گەیشتنە بە ئامانجێك ، جا ئەو واتایە ناوەڕۆکی سیاسـی بێـت ، یـان خسـتنە ڕووی کێشـەیەکی کۆمەڵایـەتی ، بـە ئامـانجی بـەئاگابوونی کۆمـەڵگا لـەو کێشەیە.

4- " دەقێکی بە کارهێنراوە لە دەوروبەرێکدا "( عەبدولواحیـد مشـیر , ( 2004 : 44 )) ، واتا گوتار یەکەیەکی پراگماتیکە ، لە بەر ئەوەی گوتار دەقێکی بە کارهاتووە لەدەورو بەرێکی دیاری کراودا .

5-" گوتار پەیامێکە لە نووسەرەوە بـۆ خوێنـەر ، پەیوەنـدیی لـە نێـوان دروسـتکەری دەق و خوێنــەری دەق بــەهۆی دەقەکــەوە دروســت دەبێــت ، زمــانیش هــۆی دروســتکردنی ئــەو پەیوەندییە"( جەلیلی جەلیل ،( 2006: 115-117)) . واتە نووسەردەیەوێت فیکرەیەك

یان تێڕوانینێکی دیاریکراو لە بارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە پێشکەش بکات ،کەواتە دەبێت گوتار لەسەر بنەمای فیکر بەرهەم بێت .

6– " گوتار بریتییە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و شوناس سازی زمان ". (ڕەهبەن محمود زادە : 2007 : 6 )) واتە گوتارەکە پێناسی ئەو زمانەدەکات کە تیایدا بە کار هاتووە . ئایا زمانیکی هەست ورژاندنە یان زمانی هەڕەشە و ترساندن ، خودی زمانەکەش لایەنی کۆمەلایەتی دەردەخات ، ئایا گوتاربێژ کەسێکی لەسەرخۆو هێمنە یان کەسێکی توندوتیژ.

7– " گوتار چراوگەی بیرێکی زارەکییە کەتیایدا ماناکان دەبنە ناوەڕۆك نەك ڕووداوەکان ". (نەجات حەمید ئەحمەد ، (2005: 4 )) . ئەوەی گرنگە لە گوتاردا خودی ئەو مانایەیە ، کە گوتار بێژ مەبەستێتی بیگەیەنێت بە وەرگر ، واتە دەشێت گوێگرەکان ئاگاداری ڕووداوەکان بن ، بەلأم نهێنیەکانی پشت ڕووداوەکان نەزانن ، بۆیە گوتار خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە لەپشت ڕووداوەکانەوەن. بەگشتی ئەم بنەمایە بریتییە لەوەی ، کە قسەکەر بیرێك (پەیامێك )ئاراستەی جەماوەر (گوێگر) دەکات ، قسەکەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئەم پەیامە دەرنابڕێت ، بەڵکو لە بۆنە و هەلکەوتێکی تایبەتدا، وەکو لەکاتی (هەڵبژاردن ، قەیرانی دارایی ، ڕوداوێکی ناوخۆیی و دەرەکی ، یان لە حاڵەتی ئاوارەبوون ...هتد )بەرهەم دەهێنرێت . واتە بۆنە و هەلکەوت ، ئەم گوتارە بەرهەم دێنێ و ئاراستەی جەماوەری دەکات ، تاوەکو بتوانێت ئامانجی خۆی جێبەجێ بکات ، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی گوتاریش رازیکردنی جەماوەرە ، (عیسی بن عودە برهومە ، 2007 : 125)

کەواتە گوتار بریتییە لەو پەیامەی کە قسەکەر لە کات و بۆنەیەکی دیاریکراودا پێشکەشی جەماوەری دەکات ، هەوڵدەدات لە ڕێگەی گوتارەوە ئامانجی خۆیی ، کە گەیاندنی ناوەڕۆکی پەیامەکە و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان و تێگەیاندن و ئاگادارکردنەوەی جەماوەرە ، لە لایەنە نادیارەکانی ڕووداوەکان ، بەدیبهێنێت . یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی گوتاریش زمانە، بە هۆی زمان و شێوازی دەربڕینەوە کە لە(2/4–9)ئاماژەی پێدراوە، قسەکەر دەتوانێت مەبەست و پەیامی خۆی بە جەماوەر بگەیەنێت .

## 1-1-1/2)تایبەتمەندییەکانی گوتار :

1_ یەکەیەکی زمانییە کە لە کۆمەڵێك ڕستە پێکدێت , ئەو ڕستانەش کەگوتارەکە دروست دەکەن پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و گونجاندن لەنێوانیاندایە , واتە دەبێت ڕستەکان یەکتر تەواو بکەن .

2_ ئامانجی هەر گوتارێك گەیاندنی پەیامی نووسەرە بە گوێگر و بەئومێدی هێنانەدی ئامانجەکەی , زۆرێك لەگوتارەکان ئامانجیان وروژاندن و ڕازیکردنی جەماوەرە .

3_ بۆئـەوەی پـەیامی هـەرگوتارێك بەباشـی بگـات , گوتاربێـژ پێویسـتە پەنابەرێتـە بـەر بەکارهێنانی هەندێك فاکتەری نازمانی وەکو ( ئاماژە , دەوروبەر ) ، واتە توانستی پراگماتیـك و توانای تێگەیشتن لەگوتار و چۆنێتی بەستنەوەی بەدەوروبەر , لەبـەر ئـەوەی هـەر گوتارێـك بەسـترا بەنموونـەی زینـدووی کۆمەڵـەوە ئـەوا گـوێگر باشـتر تێیـدەگات ، ئەوکاتـە پـەیامی گوتارەکەش دەگات.

4_ سەرچاوەی داهێنانی هەر گوتارێك تاکە کەسێکە ( نووسەر , قسەکەر ) , چـونکە نووسـەر یـان قسـەکەر هەوڵـدەدات لـە ڕێگـەی گوتـارەوە پـەیامی ( کەسـی , لایەنەکـەی ) بگەیـەنێت بەگوێگر. (شێرکۆ حەمە امین : 2009 : 37 ) .

کەواتە گوتـار دانەیـەکی زمـانی دروسـتکراوە , لەکۆمـەڵێك ڕسـتە پێکدێت , ئـەم ڕسـتانە پەیوەندیی واتاییان پێکەوە هەیە , ئامانجی ئەم ڕستانەش گەیاندنی پەیامێکەلە قسـەکەرەوە بۆ گوێگر , بەمەبەستی وەرگرتنی ئامانجی قسەکەر و جێ بەجێ کردنی لەلایەن گوێگرەوە .

گوتار هەندێکجار لەگەڵ دەقدا بۆیـەك مەبەسـت بـە کاردەهێنرێت هەرچـەندە جیـاوازی لەنێوانیاندا هەیە , دەق : بریتی یە لەپێکهاتەیەکی زمانی ، کە ناتوانێت دەوری ئـەو ناوەنـدە ببینێت ، کە پەیوەندیی لەنێوان بەرهەمهێنی دەق و خوێنەری دەقدا دروست بکات ،

بەڵام گوتار پەیوەندیی لەنێوان بەرهەمهێنی دەق و خوێنەری دەقدا دروسـت دەکـات , گوتـار لەسەر بنەمای فیکر دروست دەبێت . واتە لە دروسـت بـوونی گوتـار دەبێـت ( فیکـر , دەق ) ئامادەییان هەبێت , دەقەکە دەشێت دەقی نووسـراو یـا دەقـی زارەکـی بێـت چـونکە هـەردوو جۆرەکەی دەق دەتوانن هەڵگری فیکرو مەعریفە بن .

دەبێت قسـەکەر و گـوێگر بەشـداری لـەمانای فیکرەکـەدا بکـەن , واتـە ئـەو مانایـەی ، کـە قسەکەر لەڕێگەی زمانەوە دەریدەبرێت ، گـەر گـوێگر ئامـادەبوونی نـەبێت بـۆ وەرگرتنـی ئـەو مانایە ئەوا پەیوەندیی دروست نابێت ، ئەوکاتە دەق دروست دەبێت , دەبێتـە پێکهاتەیـەکی زمانی و ناتوانێ پەیوەندیی لەنێوان بەرهەمهێنی دەق و خوێنەری دەقدا دروست بکات , کەواتە دەق " ڕستەی یەك لەدوای یەکە و پەیوەنـدیی لەنێوانیاندانییـە , هـەموو قسـەکەرێکی زمـان نائاگایی پەنا بۆ دەق دەبات "( جوانـە ئەحمـەد حسـەین : 2014 : 108 ) . بـۆ نووسـینی هـەرگوتارێك پێویسـتە پلانێـك هـەبێت ، بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت بەشـێوەیەکی جـوان و گونجـاو بابەتەکەی لەسەر بنیات بنرێت .

1-دەبێت ناونیشانێکی کورت و پوختی هەبێت کـە نـاوەرۆکی بابەتەکـە لـەخۆ بگرێـت , واتـە ناوەرۆك ڕەنگدانەوەی ناونیشان بێـت , نابێـت نـاوەڕۆك باسـی بابـەتێك بکـات ناونیشـانەکەش بابەتێکی تر لە خۆ بگرێت .

2_ بەپێی ناونیشانی بابەتەکە ڕیز بەنـدی بـۆ ناونیشـانی لاوەکـی ، ڕەگـەزە سـەرەکییەکانی هەربابەتێك بکرێن, وتار نوس وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە .

3_ ئەگەر هەر زانيارييەك پێويستی بە درێژكردنەوە يان ڕوون كردنەوە هەبوو ، دەبێت گوتار نووس بەبەڵگەو ديكۆمێنت ، ڕوون كردنەوەكە بخاتە سەر زانيارييەكە, واتە گوتار نووس هەر بەڵگە و ديكۆمێنتێكی باوەر پێكراوی لەسەر بابەتەكە هەبوو بۆی زياد بكات .

4_ دەبێت گوتار نووس ئەو زاراوانە بە كاربهێنێت ، كە بۆ گوتارەكە پێويستن , هەروەها واتای زاراوەكان بزانێت , پێناسە و شيكردنەوە بۆ واتاكان بكات .

5_ بيرۆكەی بابەتەكە بەشێوەی زنجيرەی يەك لەدوای يەك بەزمانێكی سادە و ئاسان لەگەڵ بيروڕاكانی بخاتە ڕوو ، بەشێوەيەك هەموو كەس تێيان بگات .واتە لە شێوازی ئاڵۆز دوربكەوێتەوە.

## 2-1-1/2) جۆرەكانی گوتار :

پۆلكردنی گوتار بەپێی جياوازی سەرچاوەكانی گوتن و ئەو وەسفانەی گوتارەكان لەخۆيان دەگرن جياوازن، گەر هاتو گوتارەكە خستنە ڕووی دەردەكۆمەڵايەتييەكان بوو، ئەوا گوتارەكە دەچێتە چوارچێوەی گوتاری كۆمەڵايەتييەوە ، گەرئاماژەكردن بوو بە بابەتێكی هونەری ، وەكو باسكردنی (شانۆ ، دراما ) ئەوا گوتاری هونەری دەبێت ، بۆجۆرەكانی تری گوتار بەهەمان شێوە ، كە دواتر ئاماژەی پێدەدرێت ، ناوەڕۆكی گوتارەكان برپيار لەسەر جۆری گوتارەكان دەدات .بەشێوەيەكی گشتی و باو لای زۆربەی نەتەوەكان گوتار بۆ دووجۆری سەرەكی دابەشدەكرێت :

1-2-1-1/2) گوتاری بابەتی.

2-2-1-1/2) گوتاری خودی .

هەريەكە لەم دوو جۆرە چەند جۆرێكی تری لێدەبێتەوە :

### 1-2-1-1/2)گوتاری بابەتی :

لةم جؤر انة ئيَك ديَت :

### 1-1-2-1-1/2)گوتاری كۆمەڵايەتی :

كێشە وگرفت و دياردەكانی ناو كۆمەڵگە دەبنە ناوەڕۆكی ئەم جۆرەی گوتار، (ئامانج لێی كاركردنە سەر ڕەوشتی كۆمەڵگا بە ئاڕاستەی گۆڕان ).(سالار عوسمان ، 2009 : 104) واتە هەوڵدان بۆ گۆڕينی بير و باوەڕی تاكەكانی كۆمەڵ بەرانبەر بە هەندێك دياردەی كۆمەڵايەتی ، كە ڕەنگە هەندێكجار ئەو دياردەيە زيان بە كۆمەڵگا بگەيەنێت ، بۆنموونە دياردەی (ژن بە ژن )كە لەسەردەمێكی كۆندا لە ناو كۆمەڵی كوردەواريدا باو بوو .تاكەكانيش لێی زەرەر مەند بوون ، واتە بابەتەكانی ئەم جۆرە گوتارە لە ناخی كۆمەڵەوە هەڵدەقوڵێت وەكو دياردەكانی (هەژاری ، نەزانی ، خێڵايەتی ...هتد)،گوتارنووسيش ڕای خۆی لەبارەی هەريەك لەم دياردانەوە دەخاتە ڕوو ، هەروەها دەتوانێت ڕێگە چارەش بۆ ئەو كێشانە بدۆزێتەوە.بۆنموونە

له سیستەمی خێڵایەتیدا ناتوانرێت باس لە مـەدەنی بـوون و دیموکراسـی بکرێـت ، چـونکە لـە هەرەمی خێڵایەتیدا دەسەلآت و فرماندان بەدەستی تەنها کەسێك بوو،ئەو کەسـانەش (سـەرۆك خێل ، شێخی عەشیرەت ) بوون هەر فەرمانێکیان دەربکردایە ، هیچ کەس مافی ڕەتکردنەوەی نەبوو ، (عەتا قەرەداغی : 1999 : 127). زمان لەم جۆرە گوتاردا زمانێکی ڕۆشنبیری باوە .

## 2-1-2-1-1/2) گوتاری سیاسی :

دەرکەوتوترین و کاریگەرترین جـۆری گوتـارە، بەشـێوەیەکی قـووڵ و فـراوان بابەتـەکان شـرۆڤە دەکـات، ئـەو دیاردانـە شـیدەکاتەوە ، کـە ڕای گشـتییان سـەرقاڵکردووە، سیاسـەت بەهەموو لایەنەکانییەوە بابەتی ئەم جۆرە گوتارەن. (فاروق عەلی عومـەر ، (2005: 154))، بۆنموونە یەکێك لە بابەتە سیاسییەکانی ئەم سەردەمە ، بابەتی (پـرۆژەی دەسـتوری هـەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمە )ئەم بابەتانە لـەم ئـان و سـاتەدا سـەرنجی خـەڵکی کوردستانیان ڕاکێشاوە ، لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بابەتێکی زینـدووە ، لـە ڕووپـەڕی ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانیشدا ئەم بابەتانە بازاڕیان گەرمە ، تاکەکان گوزارشتی خۆییان بەرامبەر بەم بابەتـە سیاسی و نەتەوەییە دەخەنە ڕوو. بۆیە ئەم جۆرە گوتارە بەشێوەیەکی گشتی تیشك دەخاتە سـەر ئـەو بابەتانـەی کەلـە سـەردەمدا بـوونی هەیـە، یـان شـیکردنەوە بۆهەنـدێك هەڵوێسـت و ڕووداوی مێژوویی دەکات ، بۆنموونە هەندێك گوتار لە سەر حکومەتەکەی (شێخ محمود ) ، یان میرنشـینەکوردییەکان ئامـادە دەکـرێن ، هەریەکـە لەمانـە پێویسـتییان بـە ڕوونکردنـەوە و دەرخستنی لایەنە نادیارەکـان و شـێوازی گێڕانـەوەی بەسـەرهاتەکان و ڕوداوەکانـە. دەکرێـت بوترێت زۆربەی گوتارە سیاسییەکان بۆ وشیارکردنەوەی خەڵك و ڕزگاربوونە لە جەور و ستەم ، گوتارنووسەکان لـە گوتارەکانیانـدا بـۆ وشـیارکردنەوە ڕەمزیـان بـە کاردەهێنـا ، ئـەو ڕەمـز و هێمایانە لێکدانـەوەی فرەواتایـان گەیاندووە(بۆنموونـە شەمشـەمەکوێرە بـە واتـای دوژمـن ) ، ڕاستەو ڕاست واتای فەرهەنگی لە گوتارەکاندا نەدەوترا ، بۆنموونە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا پێشمەرگە وشەی وەکو (زەماوەند گێرانیان )بۆ هێرشکردنە سەر حیزبی بەعس بە کاردەهێنا . دەکرێت بوترێت لە گوتاری سیاسیدا یاری بەواتای وشەکان دەکرێت .

## 3-1-2-1-1/2) گوتاری ئاینی :

لقێکی گوتاری بابەتییە ، هەموو دەق و فەرمودە و بیروڕا ئاینییەکان وشیکردنەوەی بابەتە ئاینییەکانی وەکو (چۆنیەتی نوێژکردن ، زەکات ، حەجکردن ... هتد) دەچنە چوارچێوەی ئەم

جۆرە گوتارەوە، هەروەها ئەو گوتارانەی کە مامۆستایانی ئاینی لە خوتبەکانیاندا یان لە کاتی بوونی کێشەیەك لە کۆمەڵدا (دزیکردن ، مەشروب خواردن ...هتد) لەم جۆرە گوتارەن .

هەندێك لە گوتارە ئاینییەکان ڕاست و دروستن کە مەبەست لێیان ئاڕاستەکردنی هاوولاتییانە ، بە ئاڕاستەی خوا پەرستی و دروستکردنی تاکێکی خواپەرست ، بەلام هەندێکجار گوتارە ئاینییەکان لەمەبەسی خوا پەرستی لادەدرێن و بۆبەرژەوەندی سیاسی بە کاردەهێنرێن ، کە هەوڵی کۆکردنەوەی هاولاتییان لە دەوروبەری گروپێکی سیاسی ئیسلامیی دەدات، بە ئامانجی گەیشتن بە مەبەستە حیزبی و سیاسییەکانیان ، هەندێکجار گوتارەکان هانی توند و تیژی و تیرۆر دەدەن ، بۆ دروستکردنی تاکێکی توندڕەو ، ئەم جۆرە پێچەوانەی جۆرەکەی ترە ، کە هەوڵ بۆ دروستکردنی تاکێکی ئاینی دەدات ، (بڕوانە (242)).

(242)( ئەوگەنجەی دێت بۆ مزگەوت و ناچێت بۆ عارەق خواردنەوە و شەرواڵ پیسی و ڕەشبەڵەك ، ناچێت بۆ دین فرۆشی و عەقڵ فرۆشی ... هتد ئەوانە عاقیبەت خێرن )(ئەحمەد عەبدولوەهاب ،(CD : 2005)).

بە ئاوڕدانەوە لە گوتارەئاینییە کوردییەکان بۆمان دەردەکەوێت ، ئەو زمانەی لە گوتاری ئاینیدا بە کاردەهێنرێت ، زمانی ورژاندن و هاندانە بۆ دورکەوتنەوە یان ئەنجامدانی کارێك ، بۆنموونە هاندانی لاوان بۆ ڕوو لە خوداکردن و دورکەوتنەوە لە ڕەفتاری ناپەسەند لە کۆمەڵگادا .

## 4-1-2-1-1/2) گوتاری هونەری:

گوتاری هونەری لە هەموو بوارە جۆر بە جۆرەکانی هونەر وەکو( سینەما ، دراما ، شانۆ، وێنەکێشان ، موسیقا...هتد) دەدوێت ، گوتاری هونەری کوردی پتەوە ئەمیش پەیوەندیی بە ڕەسەنایەتی هونەرەکەیەوە هەیە ، کە لەدێرزەمانەوە کورد خاوەن هونەرێکی بەرز بووە ، لە مێژوویەکی کۆندا مرۆڤی کورد وێنەی جۆراو جۆری لە پێداویستیەکانی ناوماڵدا کێشاوە ، کە ئەمە جۆرێك بوو لە هونەر و دەست ڕەنگینی ، گوتاری هونەری کورد لە کۆندا لە قاوغێکی داخراودا بوو ، تەنها بایەخی بە هونەری خۆی دەدا و هونەری میللەتانی تری پشتگوێ خستبوو ، ئێستا دەبینین لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا گوتار لەسەرشاعیران و بەرهەکانیان ،لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بەرهەمە جیهانییەکان لە بواری شانۆ و درامادا دەخرێنە ڕوو. ئەمانە نموونەن لەسەر گوتاری هونەری.

## 5-1-2-1-1/2)گوتاری زانستی :

کایە زانستییەکانی وەکو(کیمیا ، ئەندازیاری ، پزیشکی ، دەرونزانی... هتد) هەوێنی نووسینی ئەم جۆرە گوتارەن . گوتارنووس هەوڵدەدات لە ڕێگەی بیردۆز و زانیاری و دۆزینەوە زانستییەکانەوە باس لە بابەتیکی زانستی بکات و شیکاریان بکات ، ئەنجامە زانستیەکان و تازەترین دۆزینەوەکان دەخاتەڕوو ، جێگەی ئاماژە بۆکردنە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەزانکۆکاندا گۆڤاری زانستی بلاۆودەکرێتەوە ، وەکو ( گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ...هتخ) و لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانیشدا بەهەمان شێوە گۆڤار دەردەکرێت وەکوگۆڤاری (زانستی سەردەم)* کە گۆڤارێکی زانستییە و تیایدا بابەتە زانستییەکان شیدەکرێنەوە . ئەوگوتارانەی تیایاندا بلاو دەکرێنەوە جۆرێکە لە گوتاری زانستی و هۆکارە بۆگەشەسەندن و زیاتربوونی گوتاری زانستی .

زمانی ئەم جۆرە گوتارە پەنابردنەبەر دەستەواژەی زانستی ، بۆنموونە لە گوتاریی( پزیشکی و فیزیادا) ئەو وشە و زاراوانە بە کاردەهێنرێن کە تایبەتن بە بابەتەکانی ئەو زانستانە ، واتە پزیشکی و فیزیا، بۆنموونە زاراوەی ( ڕەچەتە ، کانوڵا ، ئازاری پشت ، ڕەبۆ ، تەنگەنەفەسی ...هتد ) لەگوتاری زانستی پزیشکیدا بە کاردەهێنرێن ، هەروەها لەگوتاری زانستی فیزیادا زاراوەکانی ( نیوتن ، هێزی کێش کردن ، داین ،... هتد ) بەکاردەهێنرێن . زمان لەم جۆرە گوتارەدا سۆز و ئەندێشە و خەیاڵی تێدا نییە ، زیاتر ڕاستی و دەرئەنجامە زانستیەکان دەخرێنە ڕوو .

---

* طؤظارى زانستى سةردةم : طؤظاريَكى زانستي وةرزيية ، بابةت و تويَذينةوة زانستييةكانى تيَدا بلاَو دةكريَتةوة

## 6-1-2-1-1/2)**گوتاری ئابووری:**

ئەم جۆرە جۆرێکی نوێیە ، نووسەری بابەت کێشە ئابورییەکان دەخاتەڕوو ، هەوڵدەدات زۆرترین زمانی ژمارە وەکو بەڵگەیەك بەمەبەستی باوەڕپێکردن و دڵنیابوون بە کاربهێنێت (جمیلە ئەحمەد، ( 2008: 67))، بابەتەکانی جوڵەی بازرگانی وباشی باری ئابووری وڵات ، گەرمیی بازار (مامەڵەی کالاَبازرگانییەکان) بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی بەردەوامی نرخی دراوەکان ،گەشەی بەردەوامی ئاوەدانکردنەوە هۆکاری پەرەسەندنی ئەم جۆرە گوتارەن، بۆنموونە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردیدا بابەتەکانی (نرخی سوتەمەنی و قەیرانی دارایی ... هتد) هەوێنی نوسینی چەندەها گوتاری ئابوورین ، کەواتە گوتاری ئابووری پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو بابەتانەداهەیە ، کەپەیوەندییان بە ژیان و گوزەرانی

خەڵکەوە هەیە، بۆنموونە باسکردنی قەیرانی سوتەمەنی ودابەزینی نرخی نەوت لە ئەمڕۆی کوردستاندا کاری کردۆتەسەر دواکەوتنی بوجە و مووچەی خەڵك .
زمان لەم جۆرەی گوتاردا زیاتر پەنا دەباتە بەر ئەو وشە و زاراوانەی، کەڕۆژانە لە دیاردە و قەیرانە ئابوریيەکاندا بە کاردەهێنرێن ، واتە زمانی گوتاری ئابووری وابەستەی زاراوە ئابوورييەکانە وەکو ( بێ کاری ، قەیرانی دارایی ، نرخی دراو ، نرخی سوتەمەنی ... هتد )

## 7-1-2-1-1/2)گوتاری ئەدەبی :

پرسە ئەدەبییەکان و حاڵەتە ئەدەبییەکان هۆکاری دروستبوونی ئەم جۆرە گوتارەن ، شیعربوونی گوتاری ئەدەبی، هۆکاری جیابوونەوەی ئەم جۆرەی گوتارە لە جۆرەکانی تر. سەبارەت بە شیعربوونی گوتاری ئەدەبی (فایەق مصگفی، (2008 : 28-41 )). دەڵێت:"شیعریبونی گوتاری ئەدەبی لەم حەفت بنەمایە کۆدەبێتەوە". (خۆیەتی ، لەخۆوە ، وێنە ، تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە ، ترپە ، دەقئاوێزان ، گێڕانەوە )، واتە شیعر ڕەگەزیکی سەرەکی ئەم جۆرە گوتارەیە ، وتارنوس هەوڵدەدات بەزمانێکی بەرزو و ژێرەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی لەبارەی بابەتێکی ئەدەبی بخاتە ڕوو ، بۆنموونە گوتارنووس گوتارێك لەبارەی بەرهەمەکانی (نالی) شاعیرەوە دەنوسێت ، تیایدا بەقووڵی و بەزمانێکی ئەدەبی ، ناوەڕۆك و مەبەستی شاعیر لە نوسینی هەر شیعرێکی دەخاتەڕوو، خوێنەر لە مەبەستەکانی شاعیر ئاگادار دەکاتەوە ، هەندێك جاریش لەلایەن وتارنووسێکی ترەوە وەڵام دەدرێتەوە بە ئەرێنی یان نەرێنی . واتە یان بیروبۆچونەکانی گوتار نووس بە زانستی و پەسەند لەقەڵەم دەدرێن ، یان ڕەخنەی لێدەگیرێت و ڕەتدەکرێتەوە .

گوتاری ئەدەبی چەند لق و پۆلێکی لێدەبێتەوە :
1-(گوتاری داڕشتنی ئەدەبی )ئەم جۆرە بایەخ بە جوانی ڕووخسارو زارەوەکان و زمان و پتەوی داڕشتن دەدات ، واتە بایەخ بەلایەنی ڕووخسار دەدات .
2- (گوتاری وەسفی ئەدەبی )کە لە ڕێگای وەسفکردنەوە لایەنێکی ئەدەبی وەکو: وەسفکردنی دیمەن و کەس و حاڵەت دەکات ، هەروەکو چۆن گۆران لە شیعرەکانیدا وەسفی دیمەنی سروشتی هەورامان و قەرەداخ دەخاتەڕوو ، ئەم وەسفانەش دەبنە هۆی سەرنج ڕاکێشان، یان چۆن نالی لە شیعرەکانیدا وەسفی (حەبیبەی ) خۆشەویستی دەکات، لقێکی تر (گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی )بەئەرکی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی لایەنی جوانی دەق دەدات و دەچێتە قوڵایی دەقەوە ، واتە پەی بە تاریکاییەکانی ناو دەق دەبات.

## 8-1-2-1-1/2)گوتاری مێژوویی:

جۆرێکی گرنگی گوتاری بابەتییە , ئەم جۆرە گوتارە پێویستی بە بەڵگەو ئەو پەڕی بێلایەنی و وردبینی گێرانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووە . ئەو گوتارە مێژووییانەی لەلایەن گوتار نووسانی کوردەوە نوسراون دووجۆریان لێ بەدی دەکرێت ئەوانیش :

### 1- ( گوتاری مێژوویی لایەندار ) :

گوتار بەهۆی لایەنگرییەوە وادەکات کە گوتارەکان لە رێڕەوی خۆیان لابدەن و بەگوتاری مێژوویی نازانستی دابنرێن , دەکرێت بوترێت زۆربەی گوتارە مێژووییەکان لەم جۆرەن ، کە گوتار نووس بەهۆی لایەنگری بۆ کەس و حیزبەکان ڕووداوە مێژووییەکان لەبەرژەوەندیی حیزبەکەی و کەسایەتییەکانی حیزبەکەی دادەڕێژێت .

### 2-جۆری دووەم ( گوتاری مێژوویی بێلایەن ) :

ئەم جۆرەیان ڕووداوەکان وەك خۆی دەهێنێتە بەرباس , بۆیە بەگوتاری مێژوویی زانستی دەناسرێت , گوتار نووسی ئەم جۆرە ، ئەو گوتار نووسانەن کە کاریگەری کەس و حیزبەکان ناکەوێتە سەریان و لەگێرانەوەو باس کردنی ڕووداوە مێژووییەکان ناچنە ژێرسایەو سێبەری بەرژوەندیی لایەنی و کەسییەوە .( پێویستە بوترێت کە زۆربەی گوتاری مێژوویی کورد لەلایەن خەڵکی بیانییەوە نوسراوە ، ئەمیش ناچێتە ناو گوتاری مێژووی کوردییەوە ) ( سالار عوسمان ، ( 2009 : 108 – 109 ) ). واتە ئەگەر گوتارەکان بەزمانی کوردی نوسرابن ئەوا دەچنە خانەی ڕۆشنبیری کوردییەوە ، بەڵام ئەگەر بە زمانی بێگانە، جا بە چ زمانێك نوسرابن دەچێتە خانەی ڕۆشنبیری ئەو زمانەوە .

## 2-2-1-1/2) گوتاری خودی:

جۆرێکی سەرەکی گوتارە ، لەم جۆرەدا گوتار نووس هەست و سۆز و ڕامان و ئەندێشە وبیرو هزرەکانی خۆی بەشێوەیەکی ناسك و سەرنج ڕاکێش ، دوور لەوشەی ڕەق و بریندارکەر ، دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو یان چەند بابەتێکی نزیك لەیەك دەخاتەڕوو(عەزیز گەردی : 1987 : 32) ، واتە نووسەرخۆی بابەتێك دەخاتە ڕوو هەوڵیش دەدات چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە ، باشتر وایە گوتار نووس لە گوتارەکەیدا پەیڕەوی یەك ناوەڕۆکی بکات ، چونکە گەرگوتارەکەی ناوەڕۆکێکی فرەبابەت بوو، ئەوا گوتارنووس ماندوو بێزاردەبێت ، هەروەها کاریگەریشی لەسەر باشی و خراپی گوتارەکە هەروەها ئامانجی گوتارەکەش دەبێت ، گەر ناوەڕۆکی گوتار یەك بابەت بوو گوتارنووس دەتوانێت هەموولایەنەکانی ئەو بابەتە بە پوختی و

بێ کەمو کورتی بخاتەڕوو ، خوێنەریش بە ئاسانی تێیدەگات، سوود و چێژی لێوەردەگرێت ، گەر هاتوو فرەبابەت و پەرش و بڵاو بوو ، هەرجارەی ئاماژەی بە بابەتێك دا، ئەوا گوێگر تووشی کردەی تێنەگەیشتن دەبێت ، گوتارنووسیش ناتوانێت کاریگەریی بەسەر گوێگرانەوە جێبهێڵێت و ئامانجەکەی بپێکێت . بەگشتی گوتاری خودی بەپێی ئەوناوەڕۆکەی کە گوتارەکە هەیەتی ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

## 1/2-1-2-2-1)گوتاری ژیاننامە :

باسکردنی ژیانی کەسێك بنەمای نوسینی ئەم جۆرەی گوتارەیە ، لەم جۆرەدا (گێڕانەوە، سۆز )دوو توخمی زاڵن ، چونکە باسکردنی کەسایەتییەك پێویستی بەگێڕانەوەیە ، بۆ وێنە باسکردنی ژیانی شێخ محموود پێویستی بەگێڕانەوەیە ، پێویستە گوتارنووس زانیاری لە بارەی ئەوکەسایەتییانە و کاریگەرییان لەکۆمەڵدا هەبێت کاتێك گوتاری لەسەر دەنوسێت ، چونکە گەر زانیاری و بەڵگەی تەواوی لەبەردەستدا نەبوو ، لەوانەیە بکەوێتە هەڵەوە ، بۆنموونە گەر گوتار نووس زانیاری لەسەر شێخ مەحمود و کارەکانی و شەڕەکانی نەبێت ، یان گوتاربێژ زانیاری و بەڵگەی تەواوی لەسەر شاعیرێکی ، وەکو ژیانی نالی و بەرهەمەمەکانی نەبوو ناتوانێت گوتارێکی پوخت و بەسوود ئامادە بکات.

## 1/2-1-2-2-2)گوتاری کەسی :

لەم جۆرەدا گوتار نووس لە ڕوانگەی تێڕانینی خۆیەوە ،بۆچوونەکانی سەبارەت بە دیاردەکانی کۆمەڵگا دەخاتەڕوو، واتە نووسەر ئاگاداری دیاردەکانە،ڕاستەوخۆ لەناوکۆمەڵگاوە دیاردەکان دەبینێ و سوود لە گێڕانەوە نابینێت ، بۆنموونە (شاهۆ سعید ،( 8/ 2/ 2015 : ماڵپەری knn ))گوتارێکی لەبارەی گروپی توندڕەوی داعش بەناوی(ئامێزگای توندڕەوی)نووسی ، گوتار نووس ئاگاداری کردەوەکانی ئەم گروپەیە و لە ڕوانگەی خۆیەوە (بە تێگەیشتنی لە کردەوەکانی ئەم گروپە) بۆچوون و تێڕامانی خۆی بە نەرێنی دەربڕیوە . گوتارنووس لەم گوتارەیدا بۆچوونی خۆی لەبارەی نەمانی سەردەمی بەهاری عەرەبی و خێراپەیدابوونی ئەوگروپە توندڕەوە دەخات ڕوو.

## 1/2-1-2-2-3)گوتاری ڕامانئامێز :

ڕامان و قوڵبوونەوە و لێکۆڵینەوە هۆکاری نوسینی ئەم جۆرەن لەگوتار ، واتە گوتارنووس هەوڵدەدات ڕامان وتێڕوانینی خۆی لەبارەی کێشەکانی ژیان و گەردوون وژیانی مرۆڤەوە بەقووڵی بخاتە ڕوو ، لێکۆڵینەوەشیان لەسەربکات.

## 1/2-1-2-2-4) گوتاری وەسفی :

وەسفکردن ڕێگایەکی سەرکەوتووە بۆ تێگەیشتن لە بیرو بۆچوونەکان بەتایبەتی گەر بابەتێك ئاڵوز و وشك بیت . هەروەها وەسف هۆکارە بۆ چەسپاندنی هەربۆچوونێك .

لەبەرئەوەی گوتار بەهـەموو جۆرەکانییـەوە پەیامێکـە لـە قسـەکەرەوە بـۆ گـوێگر یـاخود گەیانـدنی پـەیامی قسـەکەرە بـۆ گـوێگر ، بۆیـە دەبێتـە هۆیـەکی پەیوەنـدیکردن ، لـەم پەیوەندیکردنەشـدا چـەند ڕەگـەزو بنەمایـەك ڕۆڵ دەبیـنن ، ئـەم بنەمایانـەش سـەرەکین و مامەڵەکردن (پەیوەندیکردن ) پێیانەوە بەندە ، هەروەها ڕەگەزی سەرەکی نوسین و گۆکردنی هەر گوتارێکن ، لێرەدا لەبەر پێویستی تێگەیشتن لەو ڕەگەزانە ، بە پێویست دەزانرێت ئاماژە بەو بنەماو ڕەگەزانە بدرێن ، لەوانە:

## 3-1-1/2)ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن :

پەیوەندی کردنـی تاکـەکانی کۆمـەڵ لـە پینـاو تێگەیانـدن و بەدەسـتهێنانی پێداویسـتییەکانی ڕۆژانە لە ڕێگەی چەند ڕەگەزێکەوە دەبێت ، ئەوانیش :

### 1 ) **نێرەر** ( Sender ):

یەکەم بنەمای پەیوەندیکردنـە، بـەهۆی ئـەم ڕەگـەزەوە کـردەی پەیوەنـدیکردن خێراتـر و کاریگـەرتر و سـوود گەیەنـەرتر دەبێـت ، دەکرێـت بوترێـت بـەبێ ئـەم ڕەگـەزە کـردەی پەیوەندیکردن کەلێنی تێدەکەوێت، واتە نێرەر وشە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بابەتێك دابرێـژێت ، دواتر کەبابەتەکە دەگاتە گوێگر وەریدەگرێت و لێکی دەداتەوە، بەمەش پەیوەندی لە نێوان قسەکەر و گوێگر دروست دەبێت، واتە نێرەر ئەوکەسەیە کـە دەیـەوێت لەڕێگـەی گـوتن ، یـان نوسین یـان پـەڕەی نازمـانی (جوڵانـدنی دەسـت ، لێوقوچـاندن ، چـاو تروکانـدن ...هتـد ). ، بەرامبەر(گوێگر)بورژێنێت و مەبەست وئامانجی خۆی بەرامبەر بابەتێك جێ بەجێ بکات، جا بۆ ئـەوەی نێـرەر پەیامەکـەی کاریگـەرتربێت ، بەشـێوازێکی کاریگـەر پەیامەکـەی بگەیـەنێت ، دەکرێت بوترێت کە شێوزای (دەربڕین ، نوسین)، کاریگەریی لەسەر ورژاندنی بەرامبەر هەیـە ، بۆنموونـە هەنـدێکجار مامۆسـتایەکی ئـاینیی لـە خوتبـەدا پەنادەباتـە بـەر هەنـدێك شـێواز و هەڵبژاردنی هەندێك وشەو ڕستە وایان لێدەکات بکەونـە گریـان ، ( بۆنموونـە باسـی چـۆنیەتی شێوازی مردنی منداڵەکانی پێغەمبەر محمد (د.خ) کاریگەری زۆر لە ئامادەبووان دەکات)، یـان گروپی توند ڕەوی داعش لە ڕێگەی هەندێك شـێوازەوە یـان لـە گوتـارێکی سیاسـیدا لایـەنگری بۆخویان پەیدا دەکەن ، نێرەر پەنادەبرێتە بەر هەنـدێك شـێواز بـۆ بەدەسـتهێنانی لایـەنگری. (بڕوانە (243)) .

(243)مسعود بارزانی "لە کارەساتی ئەنفالدا دایکی شەهید و ئەنفالکراوەکان بە دایکی خـۆی دەچوێنێت" . بەمەش سەرنجی ئامـادەبووان بـەلای خۆیـدا ڕادەکێشـێت .( kurdistan tv: 2013:4/16 ) ،( کـە واتـە لەبەرهـەمهێنانی هـەر گوتارێکـدا نێـرەر تـوخمی تەوەرەیـە ) (عبـدالهادی بـن **طـافر** ، ( 2004 : 11))، دەکرێــت بوترێــت کــردەی بەرهـــەمهێنان (دروستکردن ) ی گوتار تاڕادەیەکی باش پەیوەندیی بە نێرەرەوە هەیـە ، چـونکە گـەر نێـرەر

نەبێت ئەوا بیرو بۆچون و سیاسەتی گوتارەکە کاریگەریی نابێت (محمود عکاشـە ، ( 2005: 26)).

## 2 ) وەرگر (Receiver ) :

ڕەگـەزێکی تـر لـە بازنـەی پەیوەنـدکردن و دەربڕینـی گوتـاردا وەرگـرە، چـونکە وەرگـر ئەوکەسەیە یان ئەوکەسانەن کـە پـەیامێکیان ئاڕاسـتە دەکرێـت و دەورژێنـرێن ، دەشـێت ئـەو وەرگرانە( ژن ، پیاو ، هەرزەکار)بن، ئەگەر وەرگر هەرزە کار بوو دەتوانرێت زیاتر بورژێنرێت و کاریگـەریی لەسـەردابنرێت ، چـونکە بـە پێـی توێژینـەوەکان هـەرزەکار زووتـر دەکەوێتـە ژێـر کاریگەرییەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کـە توێـژی هـەرزە کـار پێشـینەیەکی ئـەوتۆی لەبارەی ژیان و دیاردەکانی ژیانەوە نییە ، بۆیە بە ئاسانی بۆچوونەکانی دەگۆڕێت ، هەرلەبـەر ئەمەشە بەتایبەتی لە دروستبوونی بزوتنەوەیەکی سیاسیدا زۆربەی لایـەنگرانی توێـژی گـەنج و هەرزە کارە ، هەربۆیە سەرۆکی بزوتنەوەکان زیاتر هەوڵدەدەن گوتارەکانیان بۆ هەرزە کاربێت ، بەڵام گوێگری بەتەمەن بەئاسانی ناتوانرێت کاریگەری لەسەر دابنرێت ، چونکە ئەزموونی لە بارەی بزوتنـەوەکان و ژیانـەوە هەیـە ، بۆیـە بەئاسـانی ناوروژێنرێـت و ناتوانرێـت کاریگـەری لەسەر دابنرێت . دەکرێت بوترێت ڕۆڵی وەرگر تەواوکەری ڕۆلی نێرەرە، چـونکە گـەر وەرگـر نەبێت ، پەیام و نێرەر رۆڵیان کارا نابێت .

## 3 ) پەیام ( Message ) :

پەیام یەکێکە لە بنەماکانی پرۆسـەی پەیوەنـدیکردن لـە نێـوان نێـرەر و وەرگـردا، چـونکە ئەگـەر نێـرەر پـەیامێکی نـەبێت ناتوانێـت هـیچ بیرۆکەیـەك بگەیـەنێت بـەوەرگر، واتـە پـەیام ئەوبیرەیە کە نێرەر بۆ وەرگری دەگوازێتەوە ، ئەو بـیرەی کـە نووسـەر (نێـرەر )مەبەسـتێتی بیگەیـەنێت بـە گـوێگر(وەرگر)پێی دەوترێـت (پـەیام) یـاخود گەیانـدنی مەبەسـت و ئامـانجی نووسـەرە لـە بـارەی بابـەتێکی دیـاریکراوەوە، یـان وشـیارکردنەوەی وەرگـر لـە بەرانبـەر دیاردەیەك. ( گەرهاتوو پەیامی گوتارەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سادە و ئاسان بوو ، ئـەوا وەرگر بەئاسانی و خێرایی لێیتێدەگات ، بەڵام بە پێچەوانەوە گەرهاتوو پەیامەکـە بـە شـێوەی ناڕاسـتەوخۆ ولێـڵ و ئـاڵۆز بـوو ، لـەم حاڵەتـەدا وەرگـر پـەنا دەباتـە بـەر لێکدانـەوەی واتـای فەرهەنگی وشەکان و بەراوردکردن بەو دەوروبەرەری ، کە گوتارەکەی تێدا دەوترێت ، یـاخود گەڕانەوە بۆ زانیاری کەسی و کلتوری بۆ تێگەیشتن) . (جمعە سـید یوسـف، ( 1990 : 128 )) ، ئەم هەنگاوانـەی تێگەیشـتن پێشـتر لـە ڕوونکردنـەوەی واتـای لێڵـدا خراونەتـە ڕوو. واتـە هەرکات پەیامەکان بە شێوەیەکی جوان و زنجیرەیی و هەڵبژاردنی وشـەی گونجـاو بـوو ، ئـەوا کاریگـەری لـە سـەر وەرگـران دەبێـت ، هـەروەها هەوڵـدەدرێت بەلگـەی ڕاسـت و ئاوەڵنـاوە گەرمەکان بە تایبەت لە گوتاری بیستراودا( بەشێوازی قسەی ڕاستەوخۆ) بە کاربهێنرێن ، واتە

بەڵگەی ڕاست و ئاوەڵناوەکان دەتوانن کاریگەری زۆریان لەگەیاندنی پەیامەکەدا هەبێت ، بۆ نموونە سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ ورژاندنی هێزی پێشمەرگە چەندین دەستەواژەی سەرنج ڕاکێش دەردەبڕێت ، وەکو (پڵنگی چیاکانی کوردستان ، پارێزەری سەروماڵی هاوولاتیان، ڕۆڵە گیان لەسەر دەستەکانی گەل ...هتد ) واتە هەڵبژاردنی وشەی گونجاو و سەرنج ڕاکێش کاریگەری زۆری لە کردەی ورژاندندا دەبێت .

### 4 ) هۆکار ( ئامراز ):

هەموو ئەو هۆکار و کەرەستانە دەگرێتەوە کە دەبنە پردێك بۆ گەیاندنی مەبەست و واتا لەنێرەرەوە بۆ وەرگر ، وەکو ( هێمای زمانی ، نازمانی ، هۆیەکانی ڕاگەیاندن (ڕادیۆ ، تەلەفزیۆن ) ) ، لە گوتاری نوسراویشدا ، ( پێنوس ، پەڕە ...هتد ) ئەم کەرەستانە دەبنە هۆکاری گواستنەوە . لەناو تەلەفزیۆن و هۆیەکانی ڕاگەیاندنیشدا ، دەکرێت گوتاری سیاسی لە بەیاننامەی پارت و ڕێکخراوە حیزب و ڕۆشنبیریەکانەوە یان لێدوانی کەسە بالاَکانی ناو ئەم حیزب و ڕێکخراوانەوە وەربگیرێن .

## 2/2) پاری دووەم / زمان لە گوتاری سیاسیدا.

ئامرازی پەیوەندیکردن زمانە ، زمانیش لە کردەی ڕاگەیاندن و دەربڕینی هەرگوتارێکدا بەکاردەهێنرێت ، لەبەرئەوەی گوتاریش ڕەگەزێکی ڕاگەیاندنە و ڕۆڵی لە پەیوەندیکردندا هەیە ، بۆیە پێویستە لەم توێژینەوەیە دا ئاماژە بە زمان و ڕاگەیاندن بکرێت .

### 1-2/2) زمان وڕاگەیاندن :

لەبەرئەوەی گوتار بەگشتی و گوتاری سیاسی بەتایبەتی ڕەگەزی ڕاگەیاندن ، نابێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن پشتگوێ بخرێت ، ڕاگەیاندن هەر لەگەشەکردنییەوە ، بە سیاسەتەوە بەستراوە، ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی زمانی فراوانترکردووە ،کە زمان تەنها بۆ لێکتر گەیشتن نەبێت ، بەلکو بۆ

ئاراستە گۆڕین و کاریگەری کردنە سەر جەماوەریش بە کاردێت ، ( هەروەها لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە و بەهۆی گۆڕینی هەست و زانیارییەکان بۆ وشەی (بینراو و نوسراو و بیستراو )، لەڕێگەی هۆکارێك لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن پەیامی ڕاگەیاندراو بگەیەنرێتە جەماوەرێکی زۆر ) (عبدالواحید مشیر دزەیی ، ( 2000: 32)).

زمانی ڕاگەیاندن نابێت بە کارهێنانێکی لە خۆوە و بێسانسۆر بێت ، بەڵکو دەبێت زمانێکی ئاسانبێت ، هەموو خەڵکی لێی تێبگات و مەبەست و ئامانجەکان هەستیان پێبکرێت ، چونکە ڕاگەیاندن شتێك نییە تایبەت بێت بە توێژێکی دیاریکراوەوە ، بۆیە دەبێت هەموو خەڵك تێی بگات هەروەها دەستەواژەی ئاڵۆزو تێکچڕاژاوی تیدا بە کارنەهێنرێت ، پەنا نەبرێتە بەر زاراوەودەستەواژەی بێگانە ، هەر دەستەواژەیەك گومان لە تێنەگەیشتنی هەیە ، پێویستە نێرەر دووبارەی بکاتەوە، چ لەهەمان دەوروبەری دەربڕین یان لەدەوروبەرێکی تری زمانی ، کە هەمان واتا بگەیەنێت ، بۆ ئەوەی وەرگران لە واتاکە بگەن و هیچ ناڕوونییەك لەلایان نەمێنێتەوە ، بۆ ئەوەی زمانی ڕاگەیاندن زمانێکی کاریگەربێت و زۆرترین کەس تێی بگات پێویستە ، ئیدیەم و بکەر نادیاری و لێڵیی و وشەی بێگانەی تێدا بە کارنەهێنرێت ، هەروەها وشەو دەربڕینەکان بەشێوەیەکی جوان دەنگەکانیان بدرکێنرێن ، واتە دان بە دەنگەکانی دەربڕینەکاندا بنرێن ، چونکە هەندێکجار شوێنی دروستبوونی هەندێك لە دەنگەکان لەیەکەوە نزیکە یان هەمان شوێنە ،گەر بەباشی دانی پێدا نەنرا ئەوا ڕەنگە گوێگر دەربڕینەکان بە شێوەیەکی تر وەربگرێت ، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر واتا و نەگونجاندنی هەندێك دەربڕین لەگەڵ پێکهاتەی دەقەکەدا ، (هەروەها نابێت زمانێك بێت بەوپەڕی وردی هەواڵ وبیرو بۆ چوونەکان بۆ جەماوەر بڵاو بکاتەوە) (نەوزاد ئەنوەر عومەر ، (2014 : 45)) ، بەڵکو دەبێت بواری گەڕان بە دوای هەواڵ و زانیارییەکان بۆ جەماوەر بهێڵێتەوە ، گەر وانەبوو ئەوا ئەو زمانە ڕۆڵی لە تەمبەڵکردنی خەڵکدا دەبێت ، چونکە گەر هەواڵ و بیرو بۆچوونەکان

بەوردی خرانە ڕوو ئەوکاتە جەماوەر پشت ئەستور دەبێت لە دەستکەوتنی زانیاری ورد دا ، هەروەها خودی جەماوەر هەوڵنادات بۆ چنگخستنی زانیاری, واتە دەبێت زمانی ڕاگەیاندن زمانێکی یارمەتی دەربێت .

## 2-2/2) گوتاری سیاسی :

دەسەڵاتی سیاسی بە بەرهەمهێنەری گوتاری سیاسی دەژمێردرێت . واتە دارشتنی هەرگوتارێکی سیاسی دەسەڵاتێکی سیاسی لەپشتەوەیە ، ( تەنانەت هەندێك لەوباوەڕدان کە گوتاری سیاسی , گوتاری خودی دەسەڵاتە ) (مختار النجاری ، ( 1993 : 31 )) دەتوانین بڵێین گوتاری سیاسی لە دەسەلات جیا نابێتەوە،بەڵکو پەیوەندییەکی تەواو کاری و پێویست

پێکەوە گرێیان دەدات، هەرگوتارێکی سیاسی رەنگدانەوەی بیرو ئایدۆلۆجیای ئەو لایەنەیە کە گوتارەکەی داڕشتووە ، واتە داڕشتنی گوتاری سیاسی پابەندە بە ئایدۆلۆجیاوە , هەر لایەنێکی سیاسی کاتێك دەیەوێت گوتارێك دابڕێژێت و بەرهەمی بهێنێت ، پێویستە بەپێی ئەو ئایدۆلۆجیایە دایبرێژێت کە هی لایەنەکەیە ، بەو پێیە نابێت هزر و بیرو بۆوچونی وتارەکە پێچەوانەی ئایدیای حیزبەکان بێت , چونکە گوتار لە هەنگاوی یەکەمیدا پەیوەندی لە نێوان نێرەر و وەرگردا دروست دەکات ، ئامانجی هەر گوتارێکی سیاسی رازیکردن و کاریگەری کردنە سەر جەماوەرە بە ئامانجی زۆربوونی لایەنگرانی لایەنەکە بڕوانە (224)، بۆهێنانە دی ئەم ئامانجەش (ڕازیکردن، کاریگەری کردنەسەر جەماوەر ) لەسەردەمانی پێشوودا جەختیان دەکردە سەر زمانی سروشتی ، بەڵام لەتوێژینەوە نوێیەکاندا ئاماژە بەگرنگی پەرە زمانی (جوڵاندنی دەست و دەم و چاو ، لێو هەڵقرچاندن ، چاوتروکاندن ... هتد) شانبەشانی زمانی سروشتی دراوە ، گوتاری سیاسی بنەمایەکی سەرەکی پەیوەندیکردنی سیاسییە , نێرەری سیاسی لەرێگای گوتارو چەند تەکنیکێکەوە , ئایدۆلۆجیاو بەرنامەی پارت یان دەسەڵات یان رێبازەکەی دەگەیەنێتە جەماوەر , چونکە هەر کیان و لایەن و پارتێك خاوەن ئایدۆلۆجیای خۆیەتی , پێویستە نێرەری سیاسی توانایەکی زۆری لەداڕشتنی دەربڕیندا هەبێت , واتە هەوڵبدات لەڕووی دەربڕین و هەڵبژاردنی وشەی گونجاوەوە بەتوانا بێت , دەبێت نێرەری سیاسی بتوانێت لەرێگەی زمانی سیاسییەوە کاریگەرییەکی زۆری لە بەدەستهێنانی ڕای گشتی جەماوەردا هەبێت چونکە هەر زمانە وادەکات قسەکەر بیر بوروژێنێت و سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی رابکێشێت.

ئەم جۆرە گوتارە دەکرێت بەگوتاری حیزب و لایەنەکان ناوببرێت ، چونکە هەر بیر و بۆچوون و هزری لایەنەکان و بابەتی سیاسییەکانە دەبنە هەوێنی دروستبوون و داڕشتنی ئەم جۆرەگوتارە ، واتە گەر حیزبەکان و ئایدۆلۆجیاکانیان نەبێت ، ئەم جۆرە گوتارە فەراهەم نابێت . چونکە گوتاری سیاسی دەبێتە بارهەڵگرێك بۆ گواستنەوەی ئایدیای حیزب و دەسەڵات و ناوەندەکانی دەسەڵات و لایەن و فراکسیۆنی پەرلەمان و تەنانەت بەرپرسی پارتەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراو بۆ جەماوەر .

(244) عەلی حەمە صالح لە گوتارێکیدا بە مەبەستی ورژاندن و کاریگەری کردنە سەر جەماوەرو ڕازیکردنیان دەڵێت " پێڵاوی منداڵانی شەهیدان دەخەینە سەر چاومان ". ( Nrt : 25/3/2015 : 7/50 )

## 1-2-2/2) ئەرکی گوتاری سیاسی :

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا ، لەبەر ئەوەی گوتاری سیاسی ، تاڕادەیەك بەگوتاری دەسەڵات دادەنرێت ، لایەنەکان ڕۆڵ لە داڕشتنیدا دەبینن ، هەروەها ئەم جۆرە گوتارە زیاتر هەوڵی

نێرەری سیاسی و دەسەڵاتی تێدایە بۆ ڕازیکردن و کارکردنە سەرخەڵك ، بەپێی هەوڵەکان گوتاری سیاسی ئەرکی هەمەجۆری هەیە :

1 ) **کپکردن و سەرکوتکردن** ( Coercion) :

لەم ئەرکەدا دەسەلاًت بە هێنانەوەی یاسا و حوکم و ڕێنماییە یاساییەکان و هەڕەشە و هێرشکردنە سەر و سەپاندنی فەرمانە وەزارییەکان ، ئەرکەکە جێ بەجێ دەکات ، بۆنموونە لەکاتی خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستاندا ،لایەنی دەسەلاًت بۆ ڕێگرتن لە خۆپیشاندان یاسای خۆپیشاندانەکان دەکاتە داردەستێك بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی جوڵەی خۆپیشاندانەکان.

2 ) **سە پاندنی شەرعیەت و پاککردنەوەی لایەنەکانی تر :**

لەم جۆرەدا دژیەکییەك لە نێوان ئەو لایەنەی ، کە گوتارەکە دەنوسێت لەگەڵ لایەنەکەی تر بەدیاردەکەوێت ، بەوەی ئەولایەنەی کە گوتارەکە دەنوسێت شەرعیەت بەخۆی دەدات ، لایەنەکەی تری نەیاری ناشرین دەکات و تاوانباری دەکات ، بۆنموونە لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی ساڵی 2010 ی هەرێمی کوردستاندا ، ژمارەیەك ئەندام پەرلەمان پەسەندکردنی بودجەیان بە نایاسایی لە قەڵەم دەدا بەوەی کە پەسەندکردنی بودجەکە ناڕوونی و ناشەفافی تێدایە ، بەلاًم لایەنەکانی تر کە پەسەندکردنی بودجەیان تێپەڕاند کاتێ گوتاریان دەنوسی ، ئەندام پەرلەمانە دەرچووەکانی هۆڵی پەرلەمانیان تاوانباردەکرد بەوەی کەنایانەوێت لە ماوەیەکی کەمدا بودجە تێپەڕێنرێت و هاوولاًتییان ماف و مووچەی خۆیان وەربگرن .

3 )**بەرگریکردن و ڕووبەڕووبونەوە** ( Resistance and oppasition) :

هەرکاتێك گوتارێك دووربوولەئامانجی دادپەروەری و بەها مرۆڤایەتییەکانەوە ، ئەوا بۆ باشتربوونی ، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ یەکسانی یاسایی هەوڵدەدرێت ، بۆ نموونە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکدا یاسا بۆ چینی مام ناوەندی و چینی خوارەوەیە ، بەلاًم بۆ چینی دەسەلاًتداری کۆمەڵگا لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکدا جێ بەجێ ناکرێت .

4- **هەڵخەڵەتاندن** ( Dissimulation ) :

لەم ئەرکەدا هەوڵدەدرێت هەندێك لایەنی ڕاستی ڕوداووەکان بە شێوەیەکی سەرپێیی ئاماژەی پێبدرێت ، بێ ئەوەی ڕوونکردنەوە لەسەر ڕووداوەکان بکرێت و بۆ ڕای گشتی ڕوون بکرێتەوە ، مەسەلە بنچییەکانی ئەو ڕووداوانە دەشاردرێنەوە ، ئەمەش وادەکات کە وەرگر باوەڕ بهێنێ ، بێ ئەوەی ئاگاداری وردە کاری و هەڵوێستی ئەولایەنەبێت کە گوتارەکەی نوسیووە ، لە چۆنییەتی بەشداریکردنی لە ڕووداوەکان ، ئایا بەشداریکردنی لە ڕووداوەکان لە بەرژەوەندیی خەڵك بووە یان لایەن و حیزبەکەی ؟

5 ) **پەیداکردنی پەرۆشی ( ورژاندنی خەڵك ) :**

زمان ڕۆڵی سەرەکی لەم ئەرکەدا دەبینێت ، نێرەر لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێت جەماوەر بورژێنێت و پەرۆشییان لا دروست بکات ، هانی خەڵکی بدات بۆ شەڕو شۆڕ بەپێچەوانەشەوە بۆ بەرگریکردن لە خاك و نیشتمان ، بۆ نموونە لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆردا دەوترێت ( بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییان دەبێت هەمووان پێشمەرگەی نیشتیمان بین ) ، ئەم گوتەیە والە هاووڵاتیان دەکات ، کە خاك و ماڵ و نیشتمانیان بپارێزن ، یان دەوترێت( هەرگیز سەرشۆڕی و زەلیلی دەستی بێگانە نابین ) ئەم گوتەیە وا لە ڕۆڵەکانی نیشتیمان دەکات کە لە پێناو نشتیماندا گیانی خۆیان بەخت بکەن .

### 6 ) توانای ( پێکەوە گرێدان ) ئاشتەوایی کۆمەڵگا :

نێرەر لەم ئەرکەدا بەیارمەتی زمان و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان توانای ئەوەی هەیە ،هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و برایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دروست بکات ، واتە دەتوانێت تاکەکانی کۆمەڵ والێبکات یەکگرتووبن ، لە پێناو ئارامیی کۆمەڵ ، بەوپەڕی تواناوە ڕووبەڕووی ناحەزان ببنەوە.بە کارهێنان وشەو دەستەواژەکان بۆ ( ئاشتی و شەڕ) بابەتێکی گرنگی گوتاری سیاسی یە ، کە دواتر هەولدەدرێت ئاماژەیان پێبدرێت .

**جگە لەو ئەرکانەی ، کە لەسەرەوە باسکران ، دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە گوتاری سیاسی چەند ئەرکێکی تریش بە جێدەهێنێت :**

1) ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو ڕووداوانەوەی کە سەردەمیان سەرقاڵکردووە و دەرخستنی ڕەهەند و دەلالەت و هۆکارە جیاجیاکان، واتە خستنەڕووی ڕوداوەکانی ڕۆژ ، ئەمەش یارمەرمەتی خوێنەر دەدات لێی تێبگات و بەدواداچوونی بۆ بکات .

2)شیکردنەوەی ڕووداوە جیهانییەکان و هەڵوێست و ئاراستەکان و دەرخستنی کاریگەرییەکان ، ئەوبڕیار و سیاسەتانەی کە دەوڵەت لەژیان و گوزەرانی خەڵکدا هەیەتی ، وەکو هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەی (شارلی هیبدۆ).*چۆن لەلایەن نەتەوەکانەوە پێشوازی لێ کراوە یان سەرکۆنەکراوە .

3) دەربڕین و خستنە ڕووی سیاسەت و ئاراستە باوەکانی کۆمەڵگا , تێڕوانینی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات کە ڕۆژنامەکانی لێوە دەردەچێت .

4) شیکردنەوەی ئاراستەی هێزە سیاسییە جیاوازەکان و ڕاڤەکردنی لەلایەن جەماوەرەوە .

### 2-2-2/2) تایبەتییەکانی گوتاری سیاسی : *

هەرجۆرێك لە جۆرەكانی گوتار تایبەتمەندیی خۆی هەیە ، هەڵبەتە ئەم جۆرە گوتارەیش لەو تایبەتمەندییانە بێبەش نییە ، لەبەر ئەوەی ئەو زمانەی لەم جۆرە گوتـارەدا بـە كاردەهێنرێـت زمانی ئاسایی رۆژانەی خەڵك نییە ، ئەمەش وایكردووە ، كە چەند تایبەتمەندییەكی جیاواز بـە دەربڕینەكانی ئەم جۆرە گوتارە ببەخشرێت:

1)ئەورستانەی لە گوتاری سیاسیدا بە كاردەهێنرێن ، لە جۆری ڕستەی میتافیزیكین ، كەمتر ڕستەی شیكاری و لێكدانەوە بە كاردێن .

(245) پێشمەرگە شێر ئاسا هێرش دەبەنە سەر مولگەی چەكدارانی داعش.

( Gk : 17/2/2015 : 7/15 )

2) لێكدانەوە بۆ واتای ڕەمزەكان بە پێی مەبەستی نێرەری گوتـاری سیاسـی دەبێـت ، واتـە گەر نێرەری گوتاری سیاسی مەبەستی بوو ڕەمزێك واتایەكی جوان و پەسەندكەرانەی هەبێت ، ئەوا واتای ئەو ڕەمزە لای وەرگر والێدەكات واتایـەكی پەسـەندی هـەبێت، بەپێچـەوانەوە گـەر مەبەسـتی نێـرەری سیاسـی ناشـیرینكردن و پەسـەندنەكردنی ڕەمزێـك بێـت لای وەرگـر، ئـەوا هەوڵدەدات ئەو ڕەمزە واتایـەكی ناشـیرین و پەسـەندنەكەرانەی هـەبێت و وادەكـات گـوێگر لـە بابەتەكە دوور بكەوێتەوە. بۆنموونە لەكاتی خۆپیشاندانەكەی (17/ شوبات )دا خۆپیشاندەران لەلایـەن حكومەتـەوە بـە ئـاژاوەگێڕو تێكـدەری ئـەمن و ئاسایشـی وڵات و نـاودەبران ، بـەڵام لەلایـەن ئۆپۆسـیێۆنەوە بـە خۆپیشـاندەر وشۆڕشـگێڕ و داواكـەری حـەق و مـافی هاووڵاتیـان ناودەبران .

* چـارلی هیبـدۆ ڕۆژنامەیـەكی كاریكـاتێر ئـامێزی فەرەنسـییە ، لـە سـاڵی (2014) لەلایـەن تیرۆرسـتانەوە هێرشكرایە سەری ، ژمارەیەك لە ڕۆژنامە نوسەكانی كوژران.

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تایبەتییەكانی گوتاری سیاسی بڕوانە (دیار عەلی كەمال ، 2009 : 24) .

3) بەشێوەیەكی گشتی زمانی گوتـاری سیاسـی پـەنا دەباتەبـەر بـەكارهێنانی لێڵیـی زمـانی ، بەتایبـەت لێڵیـی واتـایی ، چـونكە دیـاردەی لێڵیـی بـوارێكی باشـە بـۆ پاشـگەزبوونەوە و خـۆ پاراستن لە مەترسی .

4) ئامانجی گوتاری سیاسی هێنانەدی ئامانجی ستراتیژی نێرەرە ، بۆهێنانەدی ئەم ئامانجەی پەنادەباتــە بــەر ڕەمــز و دەربڕینــە زمانییــەكان و هەوڵــدەدات ســوود لــە ڕەمــز و ڕووداوە مێژووییەكان و ئەفسانەی قارەمانێتی كەلتووری زمانەكەی وەربگرێت، هەوڵدەدات بەجۆرێك بە كاریبهێنی ، تاوەكو ڕەوایەتی بدا بە گوتارەكەی و هێنانە دی ئەو ئامانجەی مەبەستێتی .(دیار عەلی كەمال ، ( 2009 ، ( 24–25)) ( بڕوانە (246)) .

(246) بەهێزی مامەڕیشە دوژمن دەکەین بە شیشا.

## 3-2-2/2) جۆرەکانی گوتاری سیاسی :

### 1)گوتاری دەسەڵات :

ئـەم جـۆرەی گوتـاری سیاسـی لەلایـەن سـەرکردە و خـاوەن بڕیارەکـانی نـاو دەوڵـەت وەکو(سـەرۆکی دەوڵـەت ، وەزیـر ، پاشـا، ... هتد)بەمەبەسـتی کارکردنەسـەر جـەماوەر و ڕازیکردن ئاراستەی جەماوەر دەکرێـت ، گوتـاری سیاسـی لـەم جـۆرە گوتـارەدا فـراوانترە لـە گوتاری ئۆپۆزسیۆن .

### 2 )گوتاری ئۆپۆزسیۆن :

لـەم جـۆرەی گوتـاری سیاسـیدا پـارت و لایەنـەکان و کۆمەڵـە سیاسـییەکان ڕێنمـایی و ڕێنیشاندەری دەسەڵات دەبن ، تاوەکو بتوانن ڕۆڵی چاودێری کردنی دەسەڵات ببینن.

بەتێڕوانین لە گوتاری سیاسی و خستنەڕووی تایبەتمەنـدیی ئـەرك و بوارەکـانی لێکۆڵینـەوەی گوتاری سیاسی دەتوانرێت ئەوە بخرێتە ڕوو کە :

1)دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت گوتارێکی سیاسی بەهێز بەرهەم بهێنێت.

2)ئامانجی هەرگوتارێکی سیاسی ( کار کردنەسەر جەماوەرە بۆ هاندان بۆ ئەنجامدانی کارێك وەکو خۆ پیشاندان یان واز هێنان و دورکەوتنەوە بێت لە ئەنجامدانی یان ڕازیکردن)ە.

3)گوتارە سیاسییەکان دەبنە پارێزەری دەسەڵاتی سیاسی ، چونکە گەر هەر دەسـەڵاتێکی سیاسی گوتاری نەما ئەوا ئەو دەسەڵاتە بەرەو لەناوچوون دەچێت . هەروەها گوتاری سیاسی بەرهـەمی شـەرعیەت و بـوونی دەسـەڵاتی سیاسـییە ، بۆنموونـە لەگـەڵ نـەمانی دەسـەڵاتی حکومەتەکەی قەزافی و عەلی عەبدوڵاسالح ، گوتاری سیاسیشیان نەما .

4) ناوەڕۆکی گوتاری سیاسی لەگەڵ کێشەوگرفت و مەسەلەکانی گەل و گرنگـی پێدانـەکانیان مامەڵە دەکات ، واتە ئەو مەسەلانەی ، کە ڕای گشتی دەورژێنێت .

## 4-2-2/2) زمانی گوتاری سیاسی:

زمان ڕەگـەزێکی سـەرەکییە لـە دەربڕینـی هـەرجۆرێك لـە جۆرەکـانی گوتـار ، دیـارە ئەوەی لێرەدا مەبەستە زمانە لە هەڵگرتنی پێناسە سیاسییەکەیدا ، زمان لە چوارچێوەی ئەوزانیاریانەی دەیگوێزێتەوەو ئەو ژینگەیەی کە کـردەی گەیانـدنی تێـدا دێتـەئاراوە دەبێتـە ئامرازێکی سیاسی ، سیاسەت گۆڕەپـانی کـراوەی بـەکارهێنان زمانـە، چـونکە لـە سیاسـەتدا دەتوانرێـت یـاری بـە وشـەکان بکرێـت ، لـە سیاسـەتدا زمـان کـەمتر وێنـە جوانـەکانی خـۆی وەردەگرێت ، ڕۆڵی سەرەکی لە دەربڕینی هەرمەبەستێکی شاراوەدا دەبینێت.

له هەڵوێستی خوازراودا ئەو چەمك و زاراوانە بە کاردەهێنرێن ، کە بگونجێت بۆ هەندێك جار، دەمامك بە بەر زماندا دەکرێت وئەو ڕاستییانە دەشارێنەوە ، کە گوتاربێژ مەبەستێتی دەریان ببڕێ .

واتە زمانی گوتاری سیاسی زمانێکی تویێکڵدارە و لە پێناو مەبەستدایە،(1) لەڕووی مەبەست و ئامانجەوە بەرزترە لە زمانی ئاسایی ، ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و دەسەڵات وەرگرتن و ڕازیکردن ... هتد ، داڕشتنێکی ئاڵۆزی هەیە و بۆ مەبەستێك داڕێژراوە، لە ڕێگای زمانەوە باس لە کارکرد نەسەر گوێگر دەکات ، وەکو بەکارهێنان هونەری هاندان ( بڕوانە (247)) .

(247) سەڵاحە دین دەمیرتاش لە گوتارێکدا ، لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لیستەکەی ، لە یەکێك لە شارەکان دەڵێت :( گەر دەربچم دەنگی هەژاری دەکەمە دەنگی باڵندە ).

( knn, nrt , Gk : 8:20: 11/6/2015 )

لێرەدا دەیەوێت بڵێت کە دەبێتە هۆیەك بۆ گواستنەوەی ناڕەزایی و نیگەرانی نەبوونی حزمەتگوزاری وکەم دەرامەتی .

زمانی گوتاری سیاسی زمانی لایەنێکی دەسەڵاتدارە لە ڕووی سیاسی و پارت و حکومەتەوە بەرامبەر لایەنێکی نزم ، گەرهاتو ئەم زمانە لە ئاستێکی ڕەوانبێژی باشدابوو، هەروەها لەڕووی وردبینی لە هەڵبژاردنی وتەی هەست دەربڕ، دەستەواژەی کاریگەر ، ڕیزبەندی وشەی ئامانجدار ، لەگەڵ شێوازی ڕستە و دەستەواژەکان لە ئاستێکی بەرزدابێت ،ئەوا قسەکەر (گوتاربێژ) دەتوانێت کاریگەری زمانی سیاسی بەسەر کەسانی تر(وەرگر) ەوە بەجێ بهێڵێت .

(1) لەبەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بەو لێڵیی و توێکڵدارییە دەکرێت.

چونکە زمانی گوتاری سیاسی زمانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو زمانێکی تۆکمەیە و هەڵگری کۆمەڵێك مەبەست و واتایە ، تەنانەت گوتاربێژی گوتاری سیاسی دەبێت کەسێکی بەتوانابێت ، تابتوانێت کاریگەری هەبێت . (بڕوانە (248)) .

(248) سەلاحەدین دەمیرتاش دەڵێت: "سەیرە خەڵکی هەژار ، چەقۆکانیان بەرز ناکەنەوە "

( knn, nrt , Gk : 8:20: 11/6/2015 )

لێرەدا ئەوەی مەبەستە بوترێت ئەوەیە وشەی (چەقۆکانیان ) ئەو زاراوەیە لە بواری سیاسیدا بۆ واتای شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووی نادادیی لە کۆمەڵگادا ببنەوە.

هەروەها بۆ نموونە لە ڕیزبەندی وشەدا دەبێت ڕیزبەندییەکە بەپێی لایەنگری لایەنی دەسەڵات بێت ، بۆنموونە کەسێك لایەنگری حیزبی یەکێتی نشتیمانی کوردستان بیت ، لە گوتارەکانیدا

نالێت ( مسعود بارزانی و جەلال تاڵە بانی ) ، بەڵکو دەڵێت (جەلال تاڵەبانی و مسعود بارزانی )، هەروەها هەوڵدەدات ئەو وشە و ڕستانە بە کاربهێنێت ، کە زۆرترین کاریگەری بەجێبهێڵێت ، چونکە وشەکانی زمان لە گەیاندنی واتادا وەکو یەك نین هەیانە کاریگەری زیاترە ، هەشیانە کەمتر کاریگەری جێدەهێڵێت ، هەروەها دەتوانێت مانای مەبەستدار . واتە ئەو مانایەی مەبەستێتی (هەڕەشە ، ترس ، ئاشتی یان ئاگادار کردنەوە ...هتد ) بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بگەیەنێت (مەم بورهان قانع ، ( 2007: 99–100))، واتە زمانی گوتاری سیاسی زمانێکی کاریگەر و ڕازیکەرە، پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت یەکێك لەو شێوازانەی ، کە قسەکەر لە کاتی پێشکەشکردنی گوتاردا پەیڕەوی دەکات شێوازی ڕازیکردنە( شێرزاد صەبری عەلی ، ( 2012 : 47)). ئەویش لەڕێگەی خستنەڕووی ڕاستی و هەڵبژاردنی ئەو وشە و دەستەواژانەی ، کە کاریگەری ئیجابی لەسەر گوێگر جێ دەهێڵن ، خودی ڕازیکردنیش ( کارامەیی بە کارهێنان وشەکانە ، بۆگۆڕینی بیر و هەست و ڕەفتاری کەسانی تر ) ، واتە هێما زمانییەکان ڕۆڵ لە ڕازیکردندا دەبینن (شێرزاد صەبری عەلی ، ( 2012 : 47)) ئەو توێژەر و تیۆریانەی ، کە بایەخ بە سیاسەت دەدەن ، ناتوانن دەست بەرداری زمان بن ، چونکە پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان ئەو دوو زانستەدا هەیە ، کە پەیوەندییەکی کۆن و لە مێژینەیە ئەم پەیوەندیەش ناگەڕێتەوە بۆ پێویستی زانستی زمان ، بەڵکو لە مێژەوە زۆربەی زاناکان لە پێناو خزمەتکردن بە زانستەکانی خۆیان لە زمانیان کۆڵیوەتەوە ، کە قۆناغی هەوڵی کارەکی بووە ، چونکە زمان بنەمایەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە بنەما و یاسا و پرەنسیپەکانی زانستەکانی تر. کەواتە زمانی گوتاری سیاسی ، زمانێکی توێکڵدار و بەمەبەستە ، لە پێناو هێنانەدی مەبەستێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی شاراوە و فرەواتا ، هەروەها زمانێکی کاریگەر و ڕازیکەرە ، بەشیوەیەکی ئاڵۆز دادەڕێژرێت ، لەگەڵ وردی لە هەڵبژاردنی وشە، وشەی کاریگەر ، ڕێزبەندی وشەی ئامانجدار ، هەروەها شێوازی دەربڕین کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر لایەنی کاریگەری گوتارەکە . دواتر ئاماژە بە شێوازەکان دەدرێت.

## 5-2-2/2) گرنگیی زمانی گوتاری سیاسی :

وەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا ئەو زمانەی ، کە لەگوتاری سیاسیدا بە کاردەهێنرێت ، زمانێکی سادە نییە ، بەڵکو زمانێکە پێویستی بە قوڵ بوونەوە و تێڕامانە ، بۆ تێگەیشتن لێی پێویست بە چەند هۆکارێك دەکات ، لەوانە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر و شوێنی دەربڕین ، هەربۆیە ئەو زمانەی ، کە لە گوتاری سیاسیدا بە کاردەهێنرێت گرنگیی خۆی هەیە لەوانە :

1– گەر گوتاری سیاسی خستنەڕووی بابەت یان گرفتەکانی کۆمەڵگا بێت ، وەکو بابەتەکانی جەنگ , ئاشتی نەتەوە , ئاسایشی ئابووری ، یان چارەسەر کردنی گیروگرفتە هەنووکەییەکان بێت ، ئەوا بۆ ژمارەیەکی زۆر لەتاکەکانی کۆمەڵ گرنگە ، چونکە ئەم

بابەتانە  بابەتی تاکەکانی کۆمەڵن و پەیوەندیی بە ژیانی تاکەکانەوە هەیە . ( عبدالواحید مشیر دزەیی , شێرزاد صەبری عەلی : 2013 : 29 ).

2- گرنگیی زمانی سیاسی لەگرنگیی پێگەی سیاسیی ئەو کەسانەیە ، کە لە پێگەی سیاسی بەرزدان , لەبەر ئەوەی زانیاری و بوونی بەڵگە لای ئەو کەسانەیە ، کە لە پێگەی سیاسیی بەرزدان , بۆ نموونە : بەڵگەو زانیاریی دروست لای سەرۆکی هەرێم یان وەزیرێك زیاترە، وەك لە تاکێکی ئاسایی چونکە بوونی بەڵگە و زانیاری دروست لای ئەو کەسانە ، خۆراکی کارو پیشەی رۆژانەیانە .

3- زمانی سیاسی , لە بنەڕەتدا زمانی بڕیار و دەسەلآت و یاساو گفتوگۆ و دەنگوباسە ورووژێنەرەکانە بۆنموونە : باس کردنی دەستور , ئاپۆڕا و خۆپیشاندان , بەهێز کردن و زۆربوونی ریژەی لایەنگرانیان , هەر بەو زمانەش بانگەشە بۆ جەنگ و ئاشتی دەکرێت ، بۆ نموونە : سەرۆکی هەرێم لەڕێگەی زمانە سیاسییەکە خۆی دەتوانێت وا لەخەڵك بکات کە یەکگرتوو بن و ئاشتی و تەبایی لە نێوانیان بەرقەرار بێت هەر بەو زمانەش دەتوانێت ڕق و کینە لەنێوان تاکەکاندا بچێنێت و وەك نەیار تەماشای یەکتر بکەن , هەروەها لە کاتی هەڵبژاردندا زمانی سیاسی کاریگەری لەسەر ئارام کردنەوەی لایەنگرانی حیزبەکان یان هاندانیان بۆ بەگژدا چوونەوەی یەکتر هەیە.

4- زمانی سیاسی بەشدارە لە ڕەواییدان بە هەر سیستەمێکی سیاسی , ڕەوایی دەدات بە یاسا و دەستوور , هەر بەو زمانەش سیاسەتی دەوڵەت لە جەنگ و ئاشتیدا دادەرێژێت ، ( عیسی عودە برهومە ، ( 2007 : 131 - 132 )) ، چونکە هەریەکە لە بابەتەکانی جەنگ و ئاشتی ، سیاسەت و هونەری تایبەت بە خۆیان بۆ ڕوو بە ڕووبونەوە هەیە .

## 6-2-2/2) بوارەکانی لێکۆڵینەوە لەزمانی سیاسیدا :

1- زمانی هەڵبژاردن : لێکۆڵینەوەیە لەو زمانەی کە لایەنە سیاسییەکان لەکاتی هەڵبژاردندا بە کاری دەهێنن ، چونکە ئەو زمانەی کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بە کار دەهێنرێت زمانی سەرنج ڕاکێشانە بۆ بەدەست هێنانی دەنگی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە .

2- زمانی شەڕ : شیکردنەوەی ئەو وشەو دەربڕینانەیە کە لەکاتی شەڕدا بە کاردەهێنرێن ، چونکە ئەو وشەو دەربڕینانە هەڵگری واتایەکی شاراوەن ، بارگاوی و گەیەنەری واتای توند و تیژی و زەبر و زەنگ وسەرکوتکردنە , زمانی جەنگیش چەند تایبەتمەندییەکی هەیە :

أ) زبری : سیمایەکی سەرەکییە لە سیما واتاییەکان بۆ زمانی جەنگ , خـۆی لـە وشـەکانی ( وێران کاری , کوشتن و بڕین , قڕکردن ... هتد ) دەبینێتەوە .

ب) ئەو وشەو دەربڕینانەی کە ئاماژە بە واتای ( ئاژاوە ) دەکەن , لە ئەنجامی جەنگەوە پەیدا دەبن وەکو ( تاڵان کاری , کارەساتی مرۆیی ، هێرشی جەستەیی ، وێران کاری ... هتد) .

ت) بڵاو کردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ وەکو:( هەڕەشە , لەناوبردن )...هتد

پ) زیادە ڕەوی : هەر کردەیەك ، کە سـەربازەکان ئـەنجامی دەدەن بـەم سیفەتانە وەسـف دەکـرێن وەکـو :( قەسـابخانە , کـە لـە پاچـەکردن ،گـۆمی خـوێن ،کـەلاك ... هتـد ). لـە وەسـفکردنی لەشـکردا ئـەم وەسـفانە بـە کـاردەهێنرێن وەکـو : ( گەلـەگورگ , شەمشـەمە کوێرەکان ) ... هتد .

ج) پڕوپاگەندە هەر لایەنێك پرو پاگەندە بۆ خۆی دەکات ، بۆنموونـە کاتێـك ئـەمریکا عێراقـی ئازادکرد ، هەندێك لە زاراوەکـانی وەکـو (پرۆسـەی ئـازادکردنی عـیراق ،یارمـەتی مرۆڤایـەتی ، ڕووبـە ڕووبونـەوەی تـیرۆر ...هتـد)، ئـەو هێـزەی کـە پێشـتر دەسـەڵاتی هـەبووە و وڵاتـی بەڕێوەبردووە ناودەبرێت بە (ستەم کار ، خوێن مژ ، چەوسێنەرەوە ، دڕندە، دژی مرۆڤایەتی ... هتد ).

ح) بە کارهێنانی وشە هاودژەکان لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو سوپای دژ بەیـەك : کاتێـك هەریەك لە سوپاکان هەوڵدەدات سەرکەوتن بە دەسـت بێنێـت و شکسـت وچـۆك بـە سـوپاکەی بەرامبەری دابدات ، هەندێك وشەو زاراوەی دژبەیەك بە کاردەهێنێت ،لەوانە( (حەق X ناحەق ) ،( بەخشـندە X دڕنـدە )، (بـەتاڵان بـردن X پاراسـتنی سـەرو مـاڵ)، (دۆسـت X دوژمـن )...هتد).

7 – زمانی ڕێو ڕەسمەکان : ئەو زمانەیە کە لە کاروباری ڕامیاریدا بە کار دەهێنرێت , وەکـو : ڕاسپاردنی سەرۆکێك بـۆ سـەرۆکایەتی کردنـی وڵاتێـك , ڕاسـپاردنی کەسـێك بـۆ پۆسـتێك یـان وەزارەتێکی دەوڵەت وەکـو : دانـانی سـەرۆکی دەسـتەی دەسـت پـاکی حکومـەت یـان دانـانی قائیمقام ... هتد .

8- ( ڕووداوەکان کاردەکەنە سەر زمان ، گۆڕانکاری لە واتای وشەکاندا دەکەن . کاریگەری ڕووداوەکان لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە , هەندێ لە وشەکان لەناو دەچن ، هەندێکی تریان بەهاونرخیان وەك خۆی دەمێنێتەوە ) ( شێرزاد صەبری عەلی, عبدوالسلام نجمەدین عبدوڵڵا ، (2011: 26 – 27 )) ، شیکردنەوەی گۆڕانە واتاییەکان بوارێکی دیکەی لێکۆڵینەوەی سیاسیە .

9- وشـەو زاراوەکـان سیسـتەمە سیاسـییە جیاوازەکـان دادەڕێـژێت . هـەر سیسـتەم و دەسەڵاتێکی سیاسی و ئەدەبیاتی هەر حیزبێك زاراوەو وشەی خۆی هەیـە , واتـە هـەر وشـەو زاراوەکانە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان بەدەر لە ئایدۆ لۆژیاکان .

10– زمانی بانگەواز كردن بۆ ئاشتی : ئەم زمانە پێچەوانەی زمانی شەڕە زمانێكی نەرمە و نەتەوە بەئاراستەی لێك نزیك بوونەوە و پێكهاتن و دووركەوتنەوە لەجەنگ و ماڵ كاولی دەبات , هەروەها وشەكان گوزارشت لە دادپەروەری و یارمەتیدان و گەشەسەندن و خۆش گوزەرانی ... هتد , دەكەن ( محمد محمد داود ، (2003 : 7 )) . ئەمانەی خوارەوە ضەند تايبەتمەنديیەكی زمانی ئاشتین :

أ– یەكێك لەسیما واتاییەكان بۆ زمانی ئاشتی نەرمییە وەكو لە وشەكانی ( پێكەوە ژیان , دانوستان , مرۆڤایەتی , گفتوگۆ كردن ... هتد ) دا دیارە .

ب– بە كارهێنان ئەو وشەو دەربڕینانەی كە دەبنە هۆیەك بۆ بڵاو كردنەوەی ئاشتی لەوانە ( سەركەوتن , پیرۆزبایی , گیانی لێبوردەیی ، نەهێشتنی دەستی تێكدەر , هەوڵدان بۆ ئاسایشی نەتەوە , ئاوەدانی...هتد ) .

پ– گیانی پرۆپاگەندە : هەرلایەنێك دەیەوێت لە زمانە سیاسییەكەیدا وا خۆی پیشان بدات ، كە ئامانجیان ئاشتی یە و لەگەڵ شەڕدا نین ، وەكو لە وشەكانی ( با دەست لەناوەست بین , ئامانجمان یەك بخەین , دژی شەڕ و كوشتاربین ، بەسەر كێشەكاند ا زاڵ دەبین ...هتد ).

ت– زیادە ڕۆیی : هەر سیاسەتمەدارێك بۆ ئەوەی بەهاو نرخی ڕێكەوتنی لەگەڵ لایەنێكی تردا لەلای جەماوەر زیاد بكات پەنا دەباتە بەر بەكارهێنان هەندێك وشەو دەستەواژەی وەك ( باوكی ئاشتی , چەتری پێكەوە ژیان ... هتد ).

ح–دەربڕینی ئەو وشانەی ئاماژە بۆ هەستی مرۆڤایەتی دەكەن وەكو:( هاوكاری گەلان ، پاراستنی مافی مرۆڤ ، نەهێشتنی برسێتی ، نەهێشتنی ڕەگەز پەرستی ...هتد).

## 7-2-2/2) تايبەتمەندییەكانی زمانی گوتاری سیاسی :

هەر گوتارێكی سیاسی كە دادەڕێژرێت ، ئەو زمانەی كە لە گوتارەكەدا بەكاردەهێنرێت چەند تایبەتمەندییەكی هەیە ، ئەمانەی خوارەوە لە تایبەتەندییەكانی زمانی گوتاری سیاسین :

1– داڕشتنی گوتاری سیاسی ، داڕشتنێكی ئاڵۆزە و بیركردنەوەی پێش وەختی پێوە دیارە ، واتە هەندێكجار نێرەری گوتاری سیاسی هەوڵدەدات بیركردنەوەی پێشوتر لە گوتارەكەیدا بخاتەڕوو ، واتە گوتاری سیاسی پێویستی بە بیركردنەوە و بیرهێنانەوەی ڕووداوەكانی پێشووە.

2– گوتاری سیاسی شەرعیەت بە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕابردوو و ئێستا و ئایندە دەدات ، ڕەخنە لەلایەنێكی تر دەگرێت ، واتە ئەو لایەنەسیاسییەی گوتار دادەڕێژێت ، هەوڵدەدات

ئـەزموونی ڕابـردووی وەبـیر گـوێگر بهێنێتــەوە و بیسـەلمێنێت کـە لـە کـۆن و نوێـدا خـاوەن سەروەری بووە ، لایەنی تری لاپەسەند نییە.بۆنموونە هەندێك لـە حیـزب ولایەنـەکانی هـەرێمی کوردسـتان وای پیشـاندەدەن ، کـە مێژوەکـەیان پرشـنگدارەو خـەبات و قوربانیـدان لەلایـەن ئەوانـەوە بـووە ، بۆنموونـە پلـە بـەرزەکانی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان دەڵـێن ( بڕوانـە ( 249)).

( 249) "سەروەری و ئازادی و ئارامی و خۆش گوزەرانی چەندین دەستکەوتی لەمە گرنگتر و پرۆژەی گەنجان و پاراستنی خەڵکی هـەرێم و خـاوەن شـەهید و قوربانیـدانین و بـەرگریمان لـە دەستکەوتەکان کردووە ".(Gk: 16/4/2014 : 3:20 )

3- ئامانجی زمانی گوتاری سیاسـی ئاراسـتەکردنی تاکـە بـە پۆزەتیـف و نێگـەتیف لـە پێنـاو جێبەجێکردنی پلانەکەی ، تاوەکو بتوانێت کار لەجەماوەربکات و هەمیشە لەژێر چەتری خۆیدا بیهێڵێتەوە.

4- لەبەر ئەوەی گوتاری سیاسی لە حیزب و حکومەت و لایـەنی دەسـەلاّتەوە دەردەچـێت بـە ئاڕاستەی جەماوەر , واتە لە لایەنێکی بالآدەستەوە بۆ لایـەنێکی نـزمتر، بۆیـە زمـانی گوتـاری سیاسـی بـە زمـانی فەرمانـدان دادەنرێـت ، جـا بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ئاشـکرابێت یـان ناڕاستەوخۆ و شاراوە، بە شێوەیەکی گشـتی زمـانی گوتـاری سیاسـی زیـاتر لێڵـە و نائاشـکرا مەبەست دەردەبڕێت ، سیاسەتمەدارەکان زۆرجار لە وەلاّمدانـەوەی پرسـیاردا سـەبارەت بـە کێشـەیەك بـە لێڵیـی و نـاڕوونی وەلاّم دەدەنـەوە ، وەکـو وەلاّمـی نائاشـکرا ، یـان وەلاّم نادات‌ەوە و هیچ ناڵێت ، وەکو لە پرسیارێکی کەناڵی کوردسات لە ئەندامێکی مەکتـەبی سیاسـی (ی . ن . ك ) ، یەکێتی بۆ باڵی تێدا دروست بـوو؟ لـە وەلاّمـدا وتـی گەشـبینین ، هۆکارەکـە ڕوونەکرایـەوە ، دەکرێـت بوترێـت ئـەم جـۆرە وەلاّمدانەوانـە بووەتـە بەشـێك لـە سیاسـەت و فەلســەفەی لایــەنی دەســەلاّتدار بــۆ خۆدوورخســتنەوە لــە مەترســی و پەردەپۆشــکردنی ڕاستییەکان .

5- گوتاربێژی گوتاری سیاسی وای پیشاندەدات ، توانای چارەسـەرکردنی کێشـەکانی هەیـە ، لـە پێنـاو ئارامکردنـەوەی جـەماوەر و دروسـت نـەبوونی گـرژی وئـاڵۆزی . بۆنموونـە لـەکاتی دروســتبوونی قــەیرانی دارایــی هەرێمــدا لایــەنی دەســەلاّتدار هەمیشــە وای دەردەخــات کــە چارەسەری کێشەکان دەکات و دەتوانێت بەسەر کێشەکاندا زاڵبێت ، لە پێنـاو بەرزکردنـەوەی لایەنی مەعنەوی هاوولاّتیان.

## 8-2-2/2) ئەرکی زمانی گوتاری سیاسی :

**1-بڵاّوکردنەوەی زانیاری :**

ڕوونکردنــەوەی سروشــتی سیاســەتی حیــزب و لایەنــەکان لەلایــەن سیاســەتمەدارەکانەوە ئەرکی زمـانی گوتـاری سیاسـییە ، جـا ڕاسـتەوخۆبێت ، یـان شاراوەوناڕاسـتەوخۆ . ئەوانـەی خەریکی سیاسەتن بۆ بەدەست هێنانی هەستە پۆزەتیڤەکانی جەماوەر و وەرگرتنی پلە و ڕۆڵی سیاسیی بەرز لەکۆمەڵدا هەوڵدەدەن کار و چالاکییە سیاسییەکانیان لـە ڕێگـەی کەناڵـەکانی ڕاگەیاندنەوە بخەنەڕوو ، تاوەکو جەماوەر ئاگاداری کارەکـانی بێـت ، مـرۆڤیش بـە سروشـتی بوونەوەرێکی عاتیفییە بە ئەنجامدانی کارێکی باش ، دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە ، بۆنموونـە کەسایەتییەکی سیاسی دەشێت چەندین کاری نابەجێ و ناپەسەندی لە کۆمەڵدا ئەنجامدا بێت ، بەلاَم کاتێك لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە کارێکی باشیان دەخرێتە ڕوو ، بۆنموونـە مـاڵی هەتیوێك بەسەردەکاتەوە و یارمـەتیان دەدات ، بـەم کـارەی سـەرنجی خـەڵك ڕادەکێشـێت و هەسـتە پۆزەتیڤـەکانی جـەماوەر بـە دەسـت دێنیٚ،کەواتـە ڕاگەیانـدن ڕۆڵـی بەرچـاوی لـە بلاَوکردنــەوەی زانیارییــەکان و خســتنەڕووی چـالاکی لایەنــەکان هەیــە ، یــان کاتێــك باســی چاکسازی و دەسکەوتەکانی پارتەکەیان دەکەن ، پەنا دەبەنە بەر دەرخسـتن و ئاشـکراکردنی کەموکورتییــەکانی ئۆپۆزیســیۆن . بۆنموونــە لــە ڕۆژگــاری ئــەمڕۆدا حیزبــە دەســەلاَتدارەکان کەموکورتییەکانی لایەنەکانی تر دەردەخەن وەکو باسکردنی ( شـەڕ و ئـاژاوەگێڕی لایـەنگرانی گـۆڕان ، موچـەخۆری بـن دیوار...هتـد). ئـەم کەمووکورتیانـە دەخەنـەڕوو ، بـەئامانجی کـەم بوونەوە و دوورخستنەوەی جەماوەر لەو لایەنانە.

## 2-**ڕێکخستنی ئەجێندا** (**بەراییەکان**) (Settin-agenda) :

گوتارەکە تاچەند لەتوانایدایە ئەو مەسەلە و کێشە و گرفتانـە دیـاری دەکـات ، کـە بـەلای گەلەوە گرنگن و پێـوەی سـەرقاڵن ، واتـە بابەتـەکانی گوتـار بنـەمای ڕێکخسـتنی ئەجێنـدان ، گوتاربێژ هەوڵدەدات بابەتەکانی گوتارەکە لە گرنگترینەوە بۆ گرنگتر پاشان بۆ گرنگ ریزبکـات ، بەمەش زنجیرەیەك دروست دەکات ، دەبێتە هۆکارێك بۆ ڕاکێشانی جەماوەر و ئامـادەبوون بۆ وەرگرتنی پەیامی گوتاربێژ و گوێگرتن ، چونکە گوتاربێژ هەست دەکـات کـام بابـەت زۆر گرنگە زۆرترین جەماوەر ئامادەیی گوێگرتنیان هەیە پاشان خستنە ڕووی بابەتەکانی تر کـە جەماوەرێکی کەمتر لە بابەتی یەکـەم ئامـادەیی گوێگرتنیـان هەیـە , هـەروەها بـە شـێوەیەکی سروشتی مرۆڤەکان سـەرەتا توانـای وزەی گوێگرتنیـان زیـاتر و باشـترە وەك لـە کـاتی نزیـك بوونەوە و بەرەو کۆتایی گوێگرتن لە بابەتەکە . بۆ نموونە : مەسعود بارزانی لە گوتارەکانیـدا هەوڵیداوە لە سەرەتادا ئاماژە بە بابەتی شەڕی پێشمەرگە لەگـەڵ چـەکدارە تونـدڕەوەکانی داعش بکات , پاشان بەرەو باسـکردنی بـاری ئـابووری هـەرێم , دواتـر دروسـتبوونی هـەرێمی سەربەخۆی کوردستان بڕوات , ڕیزبەندیکردنی ڕوودا و بابەتـەکات بـەپێی گرنگـی بابەتەکانـە

لـەلای جـەماوەر , هـەروەها کـاتیش ڕۆڵ دەبینێـت , واتـە کـام ڕووداو سـەرنجی زۆرتـرین جەماوەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و هەستیان دەجولێنیّ دەبێت بە بابەتی دەستپێك .

**3- شرۆڤە کردن و بەستنەوە** ( link age and interpretation ) **:**

سیاسەتمەدارەکان , وەرگر بەرەو چەند مەسەلەیەکی دیاری کراو ڕادەکێشن , بۆئـەوەی بتوانن بڕواو متمانەی جەماوەر بەدەست بهێنن هەوڵدەدەن ئەو بابەتانـەی ، کـە گوتارەکـەیان پیّ دارشتووە , بە بەلگەی پێویست راڤەیان بکەن و بە هەندێك ڕستە و دەربـڕین و دروشـم و ڕیکلام و چەند بەلگەیـەکی ڕازیکـەر ببەسـتنەوە ( دەقـی ئـاییـنی , پەنـدی پێشـینان , قسـەی نەستەق , ڕووداوی مێژوو , وتـەی نـاوداران ... هتـد ) , بۆنموونـە : سـەلاحەدین دەمیرتـاش هاوسەرۆکی هەدەپە لە گوتارێکیدا دەلێت : (بڕوانە (250)).

(250)" سەبری ئەیوبمان سنووردارە " . لێرەدا ( سەبری ئەیوب هێمایـە بـۆ زۆر تـرین دان بەخۆداگرتن لە بەرامبەر ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیان ) . (Gk : 20/6/2015/ 8:20 )

لە گوتارێکی دیکەدا ڕۆژ نوری شاوەیس دەلێت: ( بڕوانە ( 251)).

(251) ( لێکدانەوەی جیاواز بۆ قورئانی پیرۆز دەکرێت ، ئیتر چۆن لێکدانـەوەی جیـاواز بـۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد ناکرێت ).( سەرچاوەی پێشوو )

لێرەدا گوتاربێژ مەبەستێتی ئەو تاوانبارکردنانە لەسەر هـەرێم لاببـات ، کـە دەوتـرا هـەرێم پابەندی ڕێکەوتن نییە. وشەی ( لێکدانەوەی جیاواز ) وایکردووە کە گومان دروست بکات ، کە ئایا مەبەست لەوە هەرێم بەرپرسیاری قەیرانی داراییە ؟ یان بەغداد بەرپرسیارە ؟

هێنانـەوەی هـەر بەلگەیـەك لـە ئاخـاوتنی سیاسـەتمەدارەکاندا ڕۆلـی گـرنگ لـە کـردەی ڕازیکردندا دەبینێت , چونکە ئـەم بەلگانـە لەلایـەك بـواری ڕازیکـردن زیـاد دەکـات , لەلایـەکی دیکـەوە شـەرعیەت بەقسـەی سیاسـەتمەدارەکان دەدات هەنـدێك جـار بـۆ پاکانـەکردن لـە هەلوێستێکی نەشیاوی خۆیان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنان ئەم بەلگانە , چونکە ئەم بەلگانە لە ویژدانی جەماوەردا خـاوەن هێمـای تایبـەتی خۆیـانن , بـۆ نموونـە ( یاسـر عرفـات ) سـەرۆکی فەلەستین کاتێك ویستی پەیوەندیی لەگـەڵ جولەکـەکان ڕێـك بخـات هەولـەکانی بـۆ ئـەو ڕێکخستنە ناونا ( ئاشتی سـەلاحەدین ) . ( محمـد حسـن عبـدالعزیز ، ( 2009 : 166 )) .

هەروەها ( صدام حسین ) بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال دژی نەتەوەی کورد پەنای بـردە بـەر هێنانەوەی سورەتی ئەنفال لە قورئانی پیرۆزدا (**یسئلونك عن الانفال لله والرسول فاتقوا الله واصلحوا ذات بینکم واطیعوا الله ورسوله ان کنتم مؤمنین** ) . (سورةت الانفال : (1) )

پەنا بردنە بەر بەلگەکان لەلایـەن سیاسـەتمەدارەکانەوە لـەلای زۆربـەی نەتـەوەکان وەکـو یەکە , گرنگی ئەم بەلگانە لەوەدایە ، کە کاردەکەنە سەر گۆڕینی بۆچوونی خەلك و دەتـوانن ڕەفتاری خەلك بگۆڕن بەرەو ئەو ئاڕاستەیەی دەیانەوێت , پێویستە بوترێت ئەم بەلگە و زاراوە

و دەربڕینانە تا چەند کورت و ئاسان و بلاو بن ئەوەندە کاریگەرییان زیاتر دەبێت , چونکە گەر بلاو بوو جەماوەر تێیدەگات و زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە , ئەو دەربڕینانەی کەزوو لەبەر دەکرێن و کاریگەرییان زیاتر دەبێت , بۆنموونە : لە دروشمی کوردەکان ( کەرکوك دڵی کوردستانە , کۆبانێ ڕەمزی بەر خودانە , یا کەرکوك و خانەقین یا تا ماوین دەجەنگین... هتد ) .

4- **وێناکردنی ڕابردوو و ئاینده** ( past and projection to future ):-

سیاسەتمەدارەکان لەپێناو ڕازیکردن و بەدەستهێنانی هەستی جەماوەر زۆرجار لەگوتارەکانیاندا پەنا دەبەنە بەر باسکردنی ڕابردوو بە ( خۆشی , ناخۆشی ) یەکانییەوە, هەروەها باسی ئەو گرفتانە دەکەن ، کە تووشیان بووە , پاشان ئاماژە بەوە دەکەن ، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو ناخۆشییانە دەبن بە خۆشی , بۆنموونە هەندێك لە لایەنەکان لە گوتارەکانیاندا باسی ئەو شەڕانە دەکەن ، کە لەگەڵ دوژمنەکانیان کردوویانە و دەرئەنجامی سەرکەوتنەکانیان لە شەڕەکاندا دەخەنە ڕوو .

پەنا بردنە بەرباسکردنی ڕابردوو بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووە ، بەو ئامانجەیە نەوەی نوێ بە ڕابردووی خۆیان ئاشنا بکەن , هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە بۆ وروژاندنی هەستی خەڵکە , لەپێناو بەدەستهێنانی ڕای خەڵکی , لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئاسوودەیی ئایندە دەکەن بەمەبەستی وشیارکردنەوەی خەڵك لە هەر ڕووداوێك ، کە ڕەنگە ڕوویدات یان بۆ هێشتنەوەی خەڵکە لەژێر ڕکێفی سیستەمی دەسەڵاتی خۆیان .

5 – **هاندان بۆ کارکردن** ( action stimulation ) :

دوا ئەرك ، کە فراوانترین ئەرکی زمانی سیاسییە ، ئەرکەکانی دیکە لەم ئەرکەدا کۆ دەبنەوە ، چونکە ئەرکەکانی تر ئامانجیان ئەوەیە جەماوەر یا خەڵك هانبدەن تا کارێك ئەنجامبدەن ، جا هاندان بێت یان پاشگەز بوونەوەی جەماوەر لە بەئەنجامگەیاندنی کارێك بێت ، بۆنموونە هاندان بۆ خۆپیشاندان یا وەستاندنی خۆپیشاندەران بێت , هێرشکردنە سەر بارەگای لایەنێك یا حکومەتێك . ئەم ئەرکە لەڕێگەی بە کارهێنانی ئەو پەیامە دیاری کراوانەوە دەبێت ، کە جەماوەر دەوروژێنێت . لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك چەمك لە خودی خۆیاندا هەڵگری چەمکی هاندان و وروژاندنن وەکو ( گورج بن , هەڵمەت بەرن , نیشانی بدەن , بیسەلمێنن , پێویستە ... هتد ) . سیاسەتمەدارەکان بۆ ئەوەی جەماوەر بوروژێنن هەوڵی بە کارهێنان ئەم وشەو دەربڕینانە دەدەن , لەگەڵ چەند شێوازێك ، کە بەهۆیەوە دەتوانن هانی جەماوەر و خەڵك بدەن و بیان ورژێنن بەو ئاراستەیەی کە مەبەستیانە.

## 9-2-2/2) شێوازەکانی دەربڕین :

له هەموو جۆرەکانی گوتار بەشێوەیەکی گشتی , لەگوتاری سیاسیدا بەتایبەتی کۆمەڵێك شێوازی دەربڕین هەن کاریگەرییان لەسەر ڕازیکردن و کار کردنە سەر جەماوەر هەیە , کە ئەمە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکی و گرنگەکانی گوتار بەگشتی و گوتاری سیاسی بەتایبەت . شێوازی دەربڕین یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکان، کە قسەکەر دەیەوێت بە هۆیەوە جەماوەر ڕازیبکات . شێوازی دەربڕین لەگەلێك ڕوانگەوە پێناسە کراوە , لە ڕوانگەی قسەکەرەوە بریتییە لە دیاریکردنی بیر و هزری قسەکەر, لەڕوانگەی گوێگرەوە بریتییە لەو فشارەی دەکەوێتە سەر وەرگر, کارتێکردنیش لە ئەنجامی ئەو فشارەوە پەیدا دەبێت .

پێویستە بوترێت مەبەست لە دەربڕینە وورووژێنەرەکان ئەو دەربڕینانەن ، کە بەبەراوورد بەدەربڕینە ئاساییەکان هەست و سۆز و هەڵچوونی زیاتریان تێدایە, دەشکرێت ئاماژە بەوەبدرێت ، کە دەربڕینە وورووژێنەرەکان بنەمایەکی سەرەکی گوتاری سیاسین , چونکە ئەو وشانەی هەست وروژاندنیان تێدایە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر جەماوەر دادەنێن و هەڵچوونیان تێدا دروست دەکەن , کەواتە دەربڕینە وورووژێنەرەکان یەکێك لەئەرکەکانی زمان جێ بەجێ دەکەن، کە هەست وروژاندنە و وا لە بەرامبەر دەکات ڕازیبکات و هەستی بوروژێنێت , ئەمەش لەگوتاری سیاسیدا بەڕوونی دەردەکەوێت ، لەگەڵ شێوازی دەربڕینەکان و ئاوازی دەربڕین وادەکات کە گوتارەسیاسییەکان کاریگەرییان زیاتر بێت و ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاراستە کردنی جەماوەردا ببینن .

لەگوتاری سیاسیدا گەلێك جۆری شێوازی دەربڕین , ڕۆڵی گرنگ لە ڕازیکردن و کاریگەری کردنە سەرجەماوەر بە ئاراستەی پۆزە تیڤ و نێگەتیڤ دەبینن , لەوشێوازانە :

## 1 ) شێوازی نەرم :

لەم شێوازەدا قسەکەر( گوتاربێژ ) پەنا دەباتە بەر هەڵبژاردنی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە هەلگری واتایەکی نەرم و سەرنج ڕاکێشن ، دەروونی گوێگر ئارام دەکاتەوە و دوورن لە بریندارکردنی جەماوەر ، ڕێگەیەکیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ، ئامانجی ئەم شێوازە ئەوەیە سەرنجی جەماوەر ڕابکێشێت و کارلە دەروونی جەماوەربکات ئەم شێوازە لەگەڵ زمانی ئاشتیدا بەکاردەهێنرێت، (بڕوانە ( 252)) .

مسعودبارزانی لە گوتارێکیدا دەڵێت : (252)" میللەتی کورد خۆی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی دەدات ".( Kurdistan tv : 12/2/2015/ : 7:5) .

هةلَبةتة ئةم شيَوازة، ضةند شيَوازيَكى هةية لةوانة:

### 1- أ ) شێوازی سۆزپەیداکردن :

لەم شێوازەدا قسەکەر هەوڵی بە دەست هێنانی سۆز و خۆشەویستی جەماوەر دەدات ، ئەمیش بۆ مەرامی سیاسی قسەکەر دەگەڕێتەوە، بۆنموونە لەکاتی هەڵبژاردندا لایەنی

دەسـەڵاتدار بـۆ بەدەسـتهێنانی سـۆزی جـەماوەر خـۆی بـە بـاوکی شـەهیدان ئـەژمار دەکـات ، هەروەها ئەم شێوازە هیچ ناخۆشی و نیگەرانییەك لە نێوان قسەکەر و جەماوەردا ناهێڵێت.

**1 – ب ) شێوازی وەسفی ( پەسنی ):**

یەکێکە لە شێوازە کاریگەرەکان ، چونکە دەتوانێت باری هەڵچوون لـە جـەماوەردا دروسـت بکات ، ئەویش لە ڕێگەی وەسفکردنەوە ، چ وەسـفکردنی کەسـایەتییەك بێـت یـان ناوچـەیەك ، بێگومان قسەکەر دەتوانێت بە وەسفکردنی کە سایەتییەکە سۆز و هەڵچوونی لایـەنگرانی ئـەو کەسایەتییە بەدەست بهێنێت ، واتە بە وەسفکردنی کەسایەتییەك ، جـەماوەری کەسـایەتیەکە خۆشەویستی و هەڵچوونیان بۆ ئەو قسەکەرە زیاتر دەبێت ، کە وەسفی کەسایەتییەکە دەکات، بەهەمان شێوە وەسفکردنی ناوچەیەك وادەکـات کـە هەڵچـوونی خـەڵکی ناوچـەکە بـۆ قسـەکەر زیاتر بێت. وەکوو( چەمچەماڵ مەڵبەندی شەهید و ئەنفال ، لانکەی شۆرش و خەباتە ) .

لێرەدا قسەکەر ستایشی خەڵکی چەمچەماڵ دەکات ، بۆیە باسی چەمچەماڵ دەکرێتـە بابـەتی باس، چونکە چەمچەماڵ خاوەنی ژمارەیەکی زۆری شەهید و ئـەنفالکراوە ، زۆربـەی دانشـتوانی ئەم ناوچەیە خەڵکێکی خەبات گێرن و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خەبات و بەرگریکردن لە خـاك ومیللەتیانـدا بـوون ، بـەم باسـکردنە قسـەکەر دەتوانێـت کاریگـەری لـە سـەر جـەماوەر جێبهێڵێت .

دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت ، کە لەم شێوازەدا تاڕادەیەك زیادەڕۆیی تێدا دەکرێـت ، ڕادەی زیادەڕۆییەکـەش بـە پێـی بـارودۆخ و قسـەکەری گوتارەکـە دەبێـت ، ئایـا قسـەکەر تاچـەند زیادەڕۆیی دەکات ؟ واتە بە پێی سروشتی قسەکەرە.

کەواتە شێوازی وەسفکردن پشت بەو سیفاتە دەبەستێت کە کەسایەتییەکان یان ناوچەکانی پێدەناسرێتەوە ، بەڵام هەندێکجار زیادەڕۆیی لەو وەسفانەدا دەکرێت کە ئامانج لێی ورووژاندنە. شێوازی نەرم چەند شێوازیکی تری هەیە بەڵام لەبەر پێویستی ئەم توێژینەوەیە تـەنها شـێوازی ئاماژە پێکراو بە پێویست دەزانرێت.

**2 )شێوازی توند ( ڕەق ):**

ئەم شێوازە پێچەوانەی شێوازی نەرمە ، چونکە قسـەکەر پەنادەباتـە بـەر بـەکارهێنان هەندێك وشە و دەستەواژەی توند ،کـە ڕەنگـە بـە کارهێنانیـان توند وتیـژی لێبکەوێتـەوە ، قسەکەر مەبەستێتی بە دەربڕینی توند کار لەجەماوەربکات جا چ بۆ ئەنجامدانی کارێك یـان دوورکەوتنەوە لێی و ئەنجام نەدانی ، لەڕێگەی ئەم شێوازەوە قسەکەر دەیـەوێت کاریگـەری لە سەر جـەماوەر دابنێـت ، ئـەم شـێوازە لەگـەڵ زمـانی شـەڕ یەکدەگرێتـەوە .( هەنـدێکجار قسەکەر لە ئەنجامی هەڵچوونی باری دەروونیدا پەنا دەباتە بەر بەکارهێنان ئـەم شـێوازە لـە دەربڕینـــدا ، مەبەســـتی برینـــدارکردنی بەرانبـــەرە (گـــوێگر)، دەیـــەوێت لـــە ڕێگـــەی

دەربڕینەكانییەوە ئەو تەنگەژە دەرونییەی هەیەتی بەرانبەر (گوێگر ) دەریببڕێت ) (هێمن عبدولحەمید شەمس، ( 2006 : 108 ))، هەروەها هەندێكجار قسەكەر لە هەندێك باردا ، وەكو لەكاتی هەڵبژاردن یان لە كاتی ناكۆكیەك ، پەنادەباتە بەر هەندێك دەستەواژە ی توند ، كەواتە شێوازی توند بۆ كاریگەری دانانە. بۆنموونە لە كاتی كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدادا ، هەرێم پەنا دەباتە بەر بە كارهێنان هەندێك دەربڕین كە تیایدا هەست بە توندی و دژایەتی كردن دەكرێت (بڕوانە (253)) .

(253)( گەر بەغداد پابەند نەبێت بە ڕێكەوتننامەكەی لەگەڵ هەرێم و بودجەی تەواوەتی نەنێرێت ئەوا هەرێم سەربەخۆ و بێ گەڕانەوە بۆ بەغداد نەوتی خۆی دەفرۆشێت ).( kurdistan tv : 25/4/2015 : 4/20 ) شێوازی توندیش جۆرێكی سەرەكی هەیە كە فەرماندانە :

## 2 - أ )شێوازی فەرماندان :

شێوازێكە لە شێوازەكانی فەرماندانی توند ( ڕەق ) , لەم شێوازەدا كاری دەربڕینەكان لە شێوازی فەرماندا دەبێت ، فەرماندانیش یان ڕاستەوخۆ و ئاشكرادەبێت یا نا ئاشكرا و ناڕاستەوخۆ ، لەم شێوازەدا قسەكەر فەرمان بە جەماوەردەكات ، بۆ ئەنجامدانی كارێك ، یان نەكردنی (بڕوانە (254)) .

(254) مسعود بارزانی : " دەبێت حكومەتی عێراق پابەندی ڕێكەوتننامەكە بێت " .
( kurdistan tv : 25/4/2015 : 8: 20 pm )

لێرەدا دەبینین كاری ( دەبێت ) لەسەرەتای دەربڕینەكەدا هاتووە ، لە پێناو هێزدانە بۆ ئەنجامدانی كارەكە و كاریگەری دانان.

یەكەم/ شێوازی فەرماندانی ئاشكرا :

لەم شێوازەدا كاری دەربڕینەكان لەشێوەی فەرماندانە , وەكو ( پارێزگاری لەگەل و میللەتی خۆتان بكەن ) .

دووەم / شێوازی فەرماندانی نائاشكرا :

لەم شێوازەدا قسەكەر بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ و بە فۆڕمێك ، كە كاری دەربڕینەكە فرماندان نییە , داوای ئەنجامدانی كارێك لەگوێگر دەكات . كاری ئەم شێوازەی فەرماندان بە زۆری لە كاری ڕانەبردووی دانانییە (بڕوانە(255)).

(255) مسعود بارزانی : ( نابێت بهێڵین دوژمنانی گەلی كورد ئارامی ولاتەكەمان بشێوێنن ).

(kurdistan tv : 15/2/2015/ 12:00pm) ، لـەم نموونەیـەدا قسـەکەر داوا لـە هاووڵاتییان دەکات کە هاوکاری یەکتر بن بۆ پاراستنی گەل و خاك و میللەت .

**2 - ب ) شێوازی ترس ( تۆقاندن ) :**

شێوازی ترس کە بوارێکی کۆمەڵایەتییە , مەبەست لێـی سـڵەمینەوە , یـان نـەکردن و واز هێنانە لە کارێك , واتە قسەکەر لەگوتارەکەیدا جەماوەر بەبابەتێکی دیاری کراو دەترسێنێت , جا ئامانجی کردنی کارێك بێت یان نەکردنی جەماوەر لـە ئەنجامەکـەی ئاگـادار دەکاتـەوە , واتــە لەشــێوازی ترســدا ئاگادارکردنــەوە و هۆشــداری تێدایــە , ( بڕوانــە (256 ، 257 )).

(256)( گەر هەوڵنەدەین سەرکەوتوو نابین ) .

(257)( نابێـت حەیـدەر عـەبادی بەرێگەکـەی نـوری مالیکیـدا بـڕوات ) : zagrostv ) 8/6/2015 : 9:40 pm)

دیارە لێـرەدا قسـەکەر دەیـەوێت ئـەوە دەربڕێـت گـەر عـەبادی بەهـەمان ئـەو سیسـتەم و کارنامانەی کە لەسیاسەتی مالیکیدا بوونی هەبووە دەرهەق بەکورد بگرێتە بەر ، ئەوا ماوەی حوکمڕانییەکەی عەبادیش غەرقی کێشەو ململانێی سیاسی و تائیفی دەبێت و ئەمـەش خزمـەت بە بەرژەوەندی گشتی ناکات .

**3 )شێوازی ڕاستەوخۆ:**

لەم شێوازەدا بەکارهێنان هەردوو جێناوی ( من ) بۆ قسەکەر و ( ئێوە ) بۆ گوێگر،زیندوێتی و کارابوون و چالاکییەکی زیاتر بە گوتار دەدات ،هەروەها زیاتر ڕاستی بە گوتاردەبەخشێت ، ئەم شێوازە زیاتر لە گوتاری ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا دا دەبینرێت( بڕوانە(258 ، 259)).

(258) (کۆمەڵێك ئەرکمان خستە سەر شانی ئێوە، بە لاّم من سەربەرزم کە لە حزوری ئێوەدام و خەڵکی ئەم ناوچەیە شاییەنی زۆر لەوە زیاترە ).

(259) ( ئێمە لە دەسەلاّت بوینایە لەماوەی نیـو رۆژدا ئەنجامـدەری تەقینەوەکـەمان ئاشـکرا دەکرد ) . ( Knn :21/7/2015 : 11:15pm )، لەم نموونانەدا بە کارهێنان جێناوەکانی ( من ، ئێوە ) ، ڕۆڵ لە ڕازیکردن و کاریگەری کردنە سەرجەماوەر دەبینێت ، چونکە هەروەکو ئاماژەی پێدرا ئەم جێناوانـە کـارابوون و زینـدوبوون و چـالاکی و ڕاسـتی زیـاتر بـە گوتارەکـە دەبەخشن . واتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە بە کارهێنان ئەم جێناوانەیە.

**4 ) شێوازی زیادەڕۆیی :**

لەم شێوازەدا دەربڕینـی زۆرتـرین زانیـاریی بـەهای زیـاتر دەدات بـە بابەتەکـە و بابەتەکـە مـەزنتر دەکات.واتـە گوتاربێـژ پەنادەباتـە بـەردەربڕینی زانیاریـەکی زۆر لـە پێنـاو ڕازیکردنـی جەماوەر و بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر.

لەبەرئەوەی ئەو شێوازانەی کە ئاماژەیان پێدرا لە گوتاری سیاسیدا بە کاردەهێنرێن ، خودی ئامانجی گوتاری سیاسیش ورژاندن و ڕازیکردن و کاریگەری کردنەسەر جەماوەرە ، بۆیە ئەم شێوازانەش بۆ ئەو مەبەستانە بە کاردەهێنرێن . لەبەر ئەوەی لە گوتاری سیاسیدا ئەو ئامانجانەی هەن ، ئامانجەکانیش لە ڕێگەی کومەڵێك کەرەستەی زمانی و نازمانییەوە دەبێت کە پێیان دەوترێت ( سمبولّ ) ، چونکە گوتاری سیاسی دەربڕی واتایەکی لێڵە ، بە پێویست دەزانرێت ئاماژە بە سمبولّی لێڵیی (تەمومژی ) و (سمبولّی ترساندن ) بدرێت، واتە سیاسەتمەدارەکان سمبولّەکان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بە کاردەهێنن ، خودی سمبولّە سیاسییەکانیش بریتییە لە یەکە زمانییەکانی (وشە ، کردار ) و یەکە نازمانییەکانی ( وێنە ، ڕووداوەکان) ، کە کاریگەرییان لەسەر هەست و سۆز ورژاندن هەیە .

هەر کەسایەتییەك ڕۆڵێکی باش (ئیجابی) لە ئاوەدانکردنەوە و ئازادی وبەختەوەری ژیانی تاکەکانیدا بینی ئەوا دەتوانێت ببێت بە سمبول بۆ و میللەتەکەی . بۆنموونە ( عبدوللاّ ئۆجەلان ) سمبولّە بۆ بەرگریکردن لە مافی کوردانی تورکیا و بەدەست هێنانی مافەکانیان.

## 10-2-2/2)سمبولّە لێڵەکان ( تەمومژاوییەکان ): *

مەبەست لە بە کارهێنان ئەم جۆرە سمبولّە ئەوەیە کە سیاسەتمەدارەکان بۆ ئەوەی خەڵك و لایەنگرانی لە دەست نەدات ، ڕووبەڕووی گرفت نەبێتەوە ئەوا هەولّدەدات ئەم سمبولە بە کاربهێنێت ، چونکە ئەم سمبولە خاوەن چەمکێکی ناڕوونە و لێکدانەوەی جۆرا و جۆر هەڵدەگرێت ، بۆنموونە حکومەت لەکاتی بوونی کێشەیەکی وەکو کەمی بەنزین یان کێشەی یەکەی نیشتەجێبوون پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرەی سمبولّەکان ، تاوەکو وای پیشان بدات کە حکومەت خەمخۆری میللەتەکەیەتی و هەولّی چارەسەرکردنی کێشەی چینێکی دیاریکرا و هەژاری میللەتەکەی دەدات ، بەلاّم لە واقیعدا تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندن و ئارامکردنەوەی خەڵکە لەکاتێکی دیاریکراودا.

## 11-2-2/2) سمبوولەکانی ترساندن :*

لەم جۆرەدا حکومەت پەنادەباتە بەر ئەو سمبولانەی کە خاوەن واتایەکی ترسێنەر و لای هاوولاّتییان هەلگری واتای سەرکوتکردن و چەوساندنەوەن ،بۆنموونە ڕژێمی بەعس بۆ ترساندنی هاوولاّتیانی عێراق سمبولەکانی ( قوات خاصه ، أمن ، مدیریه عامه ، تحدی ...هتد ) بە کاردەهێنا .

دەکرێت ئەوە بخرێتەڕوو ، کە هەندێکجار ئەم سمبولانە دڵەڕاوکێ لای جەماوەر دروست دەکەن ، بۆنموونە یاسای حوکمی عورفی ، کە بۆ حاڵەتی کوتوپڕی کێشەکانە و حکومەت بۆ

کـۆنترۆڵکردنی ئاسایشــی وڵات دەریـدەکات ، دڵــەڕاوکێ لای تاکــەکانی وڵات دروســتدەکات . بەهەمان شێوە یاسای حکومی عورفی لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا بەشـێوەیەکی بەرچـاو بـە کاردەهات و هاووڵاتییانی تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو.

* بۆزانیـاری دەربـارەی سمبولــەکان بڕوانــە ، عبدالواحیـد مشـیر دزەیـی ، شێرزادصـەبری عـەلی ،زمانــەوانی سیاسی ،2013 .

## 1/3)پاری یەکەم / ڕوونی واتای

### 1/3 - 1 ) چەمکی واتا :

لێکۆڵینەوە لە چەمکەکانی زانستی زمان بە گشتی و ئاستی واتاسـازی بـە تایبـەتی ئـاڵۆزە و خاوەنی فرە لێکدانەوەن ، دیارە ئەمەش بۆ ئەو هۆ کارە دەگەڕێتەوە ، کـە چـەمکەکانی ئـەم ئاستە لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە ، کەوتوونەتە بەر تیشـکی لێکۆڵینـەوەی زاناکـانی ئـەم ئاسـتە (واتاسازی)، هەر زانایەکیش بە پێی ئەو تێـورەی لـە کارەکانیـدا پـەیرەوی کـردووە بۆچـوونی

خۆی بۆ ناساندن و جۆری جیاوازی هەرچەمکێکی خستۆتە ڕوو ، چەمکی واتاش بە هەمان شێوە خاوەن لێکدانەوەی جیاوازە ، بە پێویست دەزانرێت ئاماژە بە چەمکی واتا بکرێت.

هەر بۆیە باسکردنی واتا وەك ئاستێکی سەربەخۆ و بەرجەستەبووی زمان ، بەر لە زمانەوانەکان جێگەی بایەخی فەیلەسوف، یان ژیربێژەکان بووە ، هەروەك سەرەتا مۆریس ساڵی ( 1938 ) باسی لەم ئاستە کردووە ، مۆریس بە کاریگەری Peirce لە دیاریکردنی ئاستی سیمانتیکدا سێ ڕەهەند دەستنیشاندەکات:

(نیشانە، شت، کەس) ((F. R. palmer , (1981 : 19 ، ( , Evans and green (2006 : 217)) ، ( Geoffrey leech , (1996 : 38 ) ) بە شێوەیەك کە ئەم پەیوەندییە سیانییە کە (هۆی نیشانە Sign vehicle، ناونراو –شت Designatum، وەرگر Interpreter) ن ، بنەمای سێمیۆتیك Semantical Dimension Semiosis پێکدەهێنن.( هەروەها هەرچی پەیوەندیی دوانی (نیشانەو بە کارهێنەر)ە بنەمای پڕاگماتیك Pragmatical Dimension Semiosisپێکدەهێنێت .

بەم پێیە مۆریس جیاوازیی سیمانتیك بۆ چەشنی ڕەهەندی پەیوەندییەکە دەگەڕێنێتەوە، بەجۆرێك لە سیمانتیکدا رەهەندی نێوان نیشانەو شتە، بەڵام لە پڕاگماتیکدا پەیوەندیی ڕەهەندەکە لەنێوان نیشانەو بە کارهێنەردایە.

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا ، لەبەرئەوەی چەمکی واتا لای زۆربەی زاناکانی هەر زاستێك بۆچوونی لەبارەوە خراوەتە ڕوو ، هەروەها لەبەرگرنگی و ڕۆڵی واتا لە زانستەکاندا بە تایبەت لە زماندا ، گەلێك بۆچوونی جۆراو جۆر بۆ واتا کراوە ، لەم توێژینەوەیەدا هەندێکیان دەخرێنە بەرچاو :

1– ئەرستۆ : " واتا وێناکردنە لە مێشکی مرۆڤدا " ئەرستۆ سێ شتی جیاکردۆتەوە ئەوانیش ( شتێك ، کە لە دونیا دەرەوەدایە ، وێناکردن "التصورات" ، پاشان دەنگەکان ). (أحمد مختار : 1982 : 17).

2–"واتا لێکدانەوەی دیوی ناوەوەی هێمایە و ئەو کۆمەڵە وێنە هۆشەکییەیە کە بە وشە یان گوتن دەنوێنرێت ".( عزمی اسلام : 1985 :55) .

3– فێرس دەڵێت : " واتا بریتییە لە پەیوەندیی دەوروبەر " ( علی زوین، ( 1986 : 174)) . واتە واتا بەوە دەستنیشان دەکرێت .کەلە کۆمەڵێك پەیوەندیی تێکچرژاوی دەوروبەر پێك دێت.

4–" واتا بریتییە لە مەبەست و ناوەڕۆکی ئەو وێنە هۆشەکییانەی کە بە هێما دەنوسرێن یان بە دەنگ دەوترێن " . (گالیب حسین علی ، (1998 : 26)) .

دەکرێت بوترێت واتا : بریتییە لەو بیر و تێگەیشتنەی کە لە مێشکی تاکەکاندا بەرانبەر هەر دەربڕینێك هەڵگیراوە ، لە ڕێگەی دەربڕینی کەرەستە زمانییەکانی وشە و ڕستەوە بیرەکان بۆ

بەرانبەر دەگوازرێتەوە. کەواتە کەرەستە زمانییەکانی وەکوو وشە و ڕستە هەریەکەیان دەبنە ئاستێك بۆ گوزارشتکردن لە واتا ، بۆیە ئاستەکانی واتا ئەمانەن :

### 1/3 - 2 )ئاستەکانی واتا :

زاناکانی زمان لە دەستنیشانکردنی ئاستەکانی واتادا بۆچوونی جیاوایان هەیە ، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر زمانەوانێك گرنگی بە یەکێك لە کەرەستە زمانییەکان داوە وەکوو دانەیەکی واتای سەربەخۆ . هەندێك زمانەوان پێیان وایە کە واتا لە خوار ئاستی وشەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دانەی زمانی گەورەی وەکوو ( وتار ، دەق ) ، بەلاَم هەندێکی دیکەیان پێیان وایە کە ئاستی سەرەکی واتا ئاستی ( سینتاکس ، سیمانتیك ، پراگماتیکە ) ، ئەویش بە گەرانەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە وشە واتای سەربەخۆی نییە ، بەڵکوو بەهاوڕێیەتی کردنی لەگەڵ دانەی تردا لە پێکهاتەی گەورەتری وەکوو ( فرێز ، ڕستە ، وتار ، دەق ...هتد ) دەگۆڕێت و واتای دیکە پەیدا دەکات .

بەشێوەیەکی گشتی دوو ئاستی سەرەکی بۆ واتا دیاریکراوە ئەوانیش : ( سیمانتیك ، ثراطماتيك ).

### 1/3 – 2-1 ) ئاستی سیماتیك :

ئەم ئاستە لە واتای فەرهەنگی هێما زمانییەکان و پێکەوەهاتنی هێماکان لە بۆتەی دروستەی گەورەتری وەکوو فرێز و ڕستە و پەیوەست بە ڕێزمانی زمانەکان دەکۆڵێتەوە . واتە واتای دەربڕینەکان لەم ئاستەدا جگە لە ئاستی مۆرفۆلۆژی ، کە وشەکانی زمان دەگرێتەوە ، واتا بەرئەنجامی نوسین و دەربڕینی ڕستەکانیشە.

بنەمای واتا لە ئاستی سیمانتیکدا :

1- هێما : زنجیرە دەنگێکی ڕێکخراوە و وشە پاشان ڕستە پێکدێنێ .
2- دیاردە : شتی دەرەوە کە تەن و ڕووداو و شت و کەس پێکدێنێ .

واتە سیمانتیك خەریکی لێکدانەوەی واتایە لە چوارچێوەی پەیوەندیی هێما بە تەنەکە و ئایا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای بیرەوە بەیەکەوەیان دەبەستێت ، واتە پەیوەندیی لە نێوان ڕیزە دەنگەکە لەگەڵ ئەو واتایەی دەیگەیەنێت ڕاستەخۆیە یان ناڕاستەوخۆ ، بۆ نموونە پەیوەندیی نێوان نوسین و دەربڕینی دەنگە سروشتییەکان ڕاستەخۆیە ، بەلاَم لە چەندین وشەی تردا وەکوو ( ژیان ، چیا ، هەوا ...هتد) پەیوەندییەکە ڕاستەخۆ نییە ، بەڵکو پەیوەندیی بە ڕێکەوتنی تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە لەسەر واتا پێدانی ئەو وشانە ، دەکرێت بوترێت واتای سیمانتیکی لێکدانەوەی هێماکانە لە چوارچێوەی واتا باوەکەی ناو کۆمەڵ .

### * 1/3 – 2-2 )ئاستی پراگماتیکی :

ئەم ئاستە خەریکی لێکدانەوەی ئەو دەربڕینانەیە کە لە زماندا هەن ، بەڵام ئاستی سیمانتیك و فەرهەنگی زمان ناتوانێت لێکدانەوەیان بۆ بکات ، بۆ لێکدانەوەی واتای ئەو دەربڕینانە ( دەوروبەر ، کات ، بەشداربووانی ئاخاوتن ) بەشداری دەکەن ، هەربۆیە پراگماتیك بە ( لێکدانەوەی واتا بە پێی دەوروبەر ) پێناسە دەکرێت . بە ئاوڕدانەوە لەو بۆچونانەی سەبارەت بە چەمکی واتای پراگماتیکی خراونەتەڕوو دەگەینە چەمکێکی هاوبەش ، کە (لێکدانەوەی واتایە پەیوەست بە دەوروبەر ) .

## بنەماکانی واتا لەم ئاستەدا :

لەبەر ئەوەی واتای پراگماتیکی وەکوو پێشتر خراوەتە ڕوو لێکدانەوەی گوتنە لەڕوانگەی بەکارهێنەری هێماکەوە ، بۆیە پەیوەست دەبێت بە چەند بنەمایەکەوە ، ئەوانیش : ( قسەکەر ، گوێگر ، بابەت ، دەوروبەر ). هەریەکە لە بنەماکانی ( قسەکەر ، گوێگر ، بابەت ) لە (3–1–1/2) ڕوونکراونەتەوە ، هەروەها بنەمای دەوروبەر لە ( 1/ 2 –1–3–1) ڕونکراوەتەوە .

## 3- 1/3 ) جۆرەکانی واتا

بە شێوەیەکی گشتی واتا دابەش دەبێت بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە :

### 1-واتای فەرهەنگی denotative meaning :

ئەم جۆرە بە فۆرمی بنجی <<base form>> و واتای << بنجی ، هۆشەکی >> ناسراوە ، لە فەرهەنگدا بەرامبەر هەر دەربڕاوێکی زمانی واتایەك تۆمار دەکرێت . ئەم جۆرەی واتا واتایەکی سەرەکییە و لە جۆرەکانی تری واتا کەمتر گۆڕانی بەسەردا دێت ، قسەکەرانی زمان لەسەر ئەم جۆرەی واتا کۆکن ، لەناو مێشکی قسەکەرانی زمانەکەدا جێگیر و چەسپاوە . ( بێستوون حەسەن ئەحمەد ، دارا حمید محمد ، ( 2014 : 207 )).

### 2- واتای بارکراو ( تویکڵە واتا ) connotative meaning :

کۆی هەموو ئەو واتا زیادانە دەگرێتەوە ، کە قسەکەر و گوێگری زمان بەدەر لە واتا بنجیەکە (کرۆکە واتا ) ، بۆ هەردانەیەکی زمانی زیادی دەکەن . ئەم جۆرەش ( واتای بیرەکی ، تێکەڵ ، شێوای لاوەکی ... هتد ) دەگرێتەوە .

### 3 - واتای ئیدیۆمی Idiom meaning :

لەبە کارهێناندا زۆرجار قسەکەر مەبەست و واتایەکی دیکە بەدەربڕینێك دەبەخشێت ، کە جیاوازە لە واتای فەرهەنگی ، لەواتای ئیدیۆمیدا ، واتای دەربڕینەکان لە واتای دانە دانەی یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە دەستناکەوێت (بڕوانە (240)).

(240) دارەکی لە ڕووحی دام ! واتا زیانێکی زۆری پێگەیاندم و ئازارێکی زۆری پێگەیاندم .

## 4- واتای گراماتیکی ( ڕێزمانی ) :

ڕسته یەکێکە لە دانە سەرەکییەکانی واتا ، مەبەست لە واتای ڕستە واتا سیمانتیکییەکەیەتی ، کە تیایدا وشە دانەیەکی بنجی واتایە و بە شێك لە واتای ڕستە لە خۆدەگرێت ، واتای ڕستەش تەنها بە زانینی واتای وشەکان بە دەست نایەت ، بەڵکو گرنکیی ڕیزکردنی وشەکان کاریگەری زۆری بەسەر واتای ڕستەوە هەیە . ئەمیش بەسەر (3) جۆردا دابەش دەبێت :

أ- ئەرکی : ئەو واتایەیە ، کە کەرەستەزمانییەکان بە هۆی ئەرکەکانیانەوە لە پێکهاتەی ڕستەدا وەریدەگرن .

ب- باسمەند : ئەم جۆرەی واتا لە ئەنجامی گۆڕان کاری لە پاش و پێشخستنی کەرەستەکان لە ڕستەدا بەدەستەوە دێن . بڕوانە : (260)

( 260) محەمەد قاپەکەی شکاند ← ئەوە دەگەیەنێت کە کەسێك ناوی ( محەمەد) و قاپەکەی شکاندووە .

قاپەکە محەمەد شکاندی ← واتە شتێك شکاوە کە (قاپ )ە لە لایەن (محەمەد) ەوە .

ج- ناوەڕۆك : ڕستە بە پێی ناوەڕۆك چەند واتایەك لە خۆدەگرێت . لەو ناوەڕۆکانە : 1-هەواڵی 2- پرسیار 3- هەستدەربڕین 4- هەست ورژاندن 5- فەرماندان 6 – ڕاپەڕاندن 7- جیٚ خۆشکردن . ( محەمەد معروف فتاح ، ( 1990 : ).

**5- واتای پراگماتیکی :** ئەم چەشنە واتایە بە هۆی دەوروبەرەوە واتاکەی وەردەگیرێت و لێکدەدرێتەوە ، یان ئەم ئاستەی زمان لە مەبەستی گوترا و نوسراوە زمانییەکان ، پەیوەست بە کۆمەڵێك بنەمای نازمانییەوە دەکۆڵێتەوە بەتایبەت دەوروبەر . بۆیە دەکرێت بوترێت بەشدارنەبوونی ڕاستەوخۆی >> دەوروبەر << لەدەقی نوسراو بەتایبەتی وتاردا ، هۆکارەکەی ئەوەیە ، کە زمان دەربڕینێکی ئاڵۆزە و خوێنەری ئاسایی بە دروستی مەبەستەکانی بۆ شیناکرێتەوە ، ( ئەگەر پێشینەیەکی پراگماتیکی نەبێت . دەشێت >> دەوروبەر << بەشێوەیەکی نادیار و شاراوە لە پشت دروستە میتافۆرەکانەوە دەربکەوێت ، لەکاتێکدا لە دەقی گوتراودا دەوروبەرەکان ئاشکران ، بۆیە زانیاری و ڕۆشنبیری دەبێتە خاڵی بەراوردکردنی دەقی نوسراو / گوتراو) . ( تریفە عومەر ئەحمەد ،2008 : 37 ) . واتە قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا بە کەرەستەی زمانی کەم واتای زۆرتر دەردەبڕێت . سەبارەت بە پێناسەی پراگماتیك چەندین بۆچوون خراوەنەتە ڕوو :

1- " واتای پراگماتیکی واتایەکی نائاسایییە و پابەندی (چالاکی ) و (بنەما) یە و یاسا دەبەزێنی بۆ واتایەکی قوڵتر ، تا لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ ڕستە ناپەسەندەکان بکرێت ، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەری گوتنەکە بگونجێ " . Diane larsen .(77 : 1980 ) .

2- " واتای پراگماتیك لەدەوروبەرەوە وەردەگیرێت ، واتاکەی لەدەرەوەی واتای وشە و ڕستەکانە و باس لە زۆر شت دەکرێت ، بەلاَم بەڕاستەوخۆی دەرنابڕێت ، بۆیە زانیاری پێشتر گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتنی ئەم جۆرە واتایە ".(جمعە سید یوسف ، ( 1990: 20 ) ).

3- " پراگماتیك بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مانای قسەکەر " .( سازان ڕەزا معین : 2005 : 32) .

دەکرێت بوترێت هەریەکە لە واتای ( واتای فەرهەنگی ، واتای سیمانتیك (ڕێزمانی ) ، واتای پراگماتیك ) ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە لێکدانەوەی واتای ئەو دەربڕینانەی کە لە سەرووی ئاستی وشەوەن ، باسکردنی ئەم جۆرانەی واتا لەم تویۆژینەوە لە پێناو خزمەتکردنە بە هەردوو جۆری ( واتای ڕوون ، واتای لێڵ ) کە دواتر ئاماژەیان پێدەدرێت ، خودی ئەم جۆرە واتایاناش( واتای ڕوون ، واتای لێڵ ) یەکێکن لە خاڵەجیاکەرەوەکانی واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی .

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پراگماتیك بڕوانە ، تریفە عومەر ئەحمەد ، 2008 . 37

### 1/3 - 4 ) ڕوونی واتایی :

ئەم جۆرەی واتا ئەو واتایانە دەگرێتەوە ، کە گوێگر بێ گەڕانەوە بۆ هیچ هۆ کارێکی ڕەوانەوە هەست پێدەکەن ، واتە ئەو واتایەیە کە لە واتای فەرهەنگی وشەکانی زمان و ڕیزبوونیان بە پێی یاسا ڕێزمانییەکان دێتەبەرهەم ، ڕیزبوونی وشەکان ئاماژەبە پەیوەندیی ئاسۆیی نێوان وشە و ڕیزەکان دەدات ، لە چوارچێوەی دانەی گەورەتردا .

پرۆسەی پێکهێنانی دانە گەورەکانی زمان لە ڕێگەی ڕیزبوون و ڕێکخستنی ( کەرەستەکان پشت بەست بە ڕەگەزەکانی ڕستە و ئەرکی ڕێزمانی ڕستەکان ، ڕیزدەکرێن ، ڕیزبوونی

کەرەستەکان لە زمانی کوردیدا بە پێی ئەرکی ڕێزمانیی بۆ ڕستەیەك کە کارەکەی تێپەر بێت ( بکەر + بەر کار + کردار) . بۆ ڕستەیەکیش ، کە کارەکەی تێنەپەڕ بێت ڕیزبوونەکە بەم شێوەیەی لێدێت ( بکەر + کردار ) . واتە ڕیزکردنی وشەکان کاریگەریی بە سەرواتای پێکهاتەکەوە هەیە ، ( واتای ڕیزکردنیش کە کاریگەری ڕێزمانی دەگرێتەوە ، بریتییە لە شوێنی وشەکە لە پێکهاتەی ڕستەدا ). (Jean Aitichison : 1993 : 89 ) ، ( تالیب حسێن عەلی ، 2014 ، 15-16)). (وەکوو لە (241) دەردەکەوێت . ئەو دوو ڕستەیە واتایان جیاوازە ، چونکە ڕیزبوونیان جیاوازە .

بە شێوەیەکی گشتی کەرەستەکان (وشەکان ) بە دووجۆر ڕیز دەبن :

1- ڕیزبوونی ضەسثاو : بەگشتی ئەوەیە ، کەرەستەکان پابەندی ڕیزبوونیانن بە پێی یاساکانی ڕێزمان ، گۆڕینی شوێنی وشەکان لە ڕستەدا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ئەرکی سینتاکسی ڕستەکە و لێکدانەوەی واتای کەرەستەکان دەگۆڕێت ( تالیب حسێن ، (2009 : 38)) . ئەم جۆرە بە زۆری لە جێناوەکاندا بەرجەستە دەبێت .(بڕوانە(261)).

(261) من ئەوم بینی .

ئەو منی بینی .

2- ڕیزبوونی ئازاد : ئەم جۆرە بە زۆری لەو کەرەستانەدا بەرجەستە دەبێت ، کە لە ڕستەدا کەرەستەی سەربارین ، واتا پاش و پێش خستنیان کاریگەریی لەسەر گۆڕانی واتا نابێت ( بڕوانە (262)).

(262) ئازاد بەدەست نانی خوارد

ئازاد نانی بەدەست خوارد .

لە واتای ڕووندا پێویستە ئەوەی دەردەبڕدرێت ، ئەوە مەبەست بێت ، جا جۆری ڕستەکە هەرچییەك بێت ( پرسیاری ، هەواڵی ، سەرسوڕمان ، ...هتد ) ، تەنها ئەو واتایە دەگەیەنێت کە بەڕاشکاوی گوتراوە و هیچ جۆرە واتایەکی دیکە ناگرێتەوە و لە چوارچێوەی ڕستە دەربڕاوەکە دەرناچێت . پێویستە بوترێت گرفتێك کە دێتە بەردەم ڕوونبوونی واتا لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکاندا بوونی دیاردەی ( هاوبێژی و فرەواتاییە ) کە لە (1/1-1-1-5) ، (1/1-1-1-6) ڕونکراونەتەوە .

لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات چەند نموونەیەك لەو گوتارەسیاسییە کوردییانە بخاتە ڕوو، کە واتاکانیان ڕوون و ئاشکران ، گوێگر بە وەرگرتنیان بەئاسانی تێدەگات و بۆ لێکدانەوەی واتاکانیان پێویست بە گەڕانەوە بۆ هیچ هۆیەکی ڕوونکردنەوەی واتایی ناکات .

(263) قوباد تاڵەبانی : " لە چوار چێوەی یاسادا ، داوای قەرزی دەرەکیمان کردووە "
( Nrt : 2015 / 4 / 23 : 6 :47 )

(264) وەزیری بەرگری ئەڵمانیا : " بەردەوام دەبین لە هاو کاری پێشمەرگە ".
( Rudaw : 2015 / 10 /27 : 12 : 12 pm )
(265) بی بی سی : ( Knn : 2015 / 10 /28 : 12 :20 pm )
" چوار لایەنەکە دەیانەوێت پرسی سەرۆکایەتی لە پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە ".
(266) مسعود بارزانی : " چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکان ڕزگارکردنی ناوچەکانیانە " .
( Rudaw : 2014 / 11 / 9 : 7 : 05 )

لەم گوتارەدا دەبینین واتاکەی ڕوون و ئاشکرایە و گوێگر بە ئاسانی هەست بە مەبەستی قسەکەر دەکات و لێی تێدەگات .

(267) ) مسعود بارزانی : " شەڕی دژی داعش شەڕی دژ بە تیرۆرە " .
( Nrt : 2015 / 11 / 9 : 6 : 50 )

واتای ئەم گوتارە ڕوونە ، چونکە لای گوێگران ئاشکرایە کە داعش گروپێکی تیرۆرستییە ، بۆ تێگەیشتن لەم گوتارە پێویست بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتارەکە ناکات ، چونکە زانیاریی پێش وەخت دەربارەی ئەو گروپە لای گوێگران هەیە .

(268) فواد حسێن : ( Rudaw : 2014 / 11 / 9 : 7 :05 )
" هێشتا زووە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای حکومەتەکەی عەبادی بەرانبەر هەرێم بکەین "
(269) نێچیرڤان بارزانی : ( Zagros tv : 2014 / 11 / 12 : 12 : 47 pm )
" بازرگانی کردن لەگەڵ داعش بە هەموو پێوەرێك خیانەتی نیشتیمانییە " .

دەبینین لە گوتاری (263 تا 269) دەتوانرێت بە ئاسانی لە واتای گوتارەکان تێبگەین ، چونکە لەوگوتارانەدا هیچ هۆکارێکی دروستبوونی لێڵیی کە لە (2/3-2-1) ئاماژەی پێدەدەین بە کارنەهێنراوە ، هەروەها گوێگر دەتوانێت واتای گوتارەکە لە دانە پێکهێنەرەکانی گوتارەکەوە هەڵبهێنجێنێت بێ ئەوەی پەنابەرێتە بەر هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەی لێڵیی ، کە لە ( پاری دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا ) ئاماژەی پێدراوە .

## 2/3 ) **پاری دووەم / لێڵیی لە گوتاری سیاسیدا :**

### 1-2/3 ) **لێڵیی واتایی:**

وەکوو پێشتر ئەوە ڕوونکرایەوە لێڵیی واتایی ، بەو دیاردەیە دەوترێت کە وشەیەك یان فرێزێك یان ڕستەیەك لە زماندا هەڵگری زیاتر لە واتایەك بێت ، لەم لێڵییەشدا دوو فاکتەری سەرەکی ڕۆڵ دەبینن ئەویش ( زمانی و نازمانی ) ن لە(1/ 2 –1–3–1–1 ) , (1/ 2 –1–3–1–2) ئاماژەیان پێدرا .

لێڵیی سیمایەکە لە سیماکانی ناردنی زمان ، پەیوەندیی بە گوێگرەوە هەیە نەك قسەکەر ، لێڵیی کاتێك دێتە کایەوە ، کە واتا لە بازنەی هەستەوە بگوازرێتەوە بۆ بازنەی ( الحدس ) درککردن ، واتاکەی یەکسەر تێناگەین ، تەنها بە درککردنێکی ڕاستەوخۆ نەبێت ، بۆ واتای وشەکان دەگەڕێینەوە بۆ ئەوێ تا واتاکەیمان دەست بکەوێت ، ئەو واتایانەی لەم جۆرەدا دەستمان دەکەوێت لە بازنەی هەستەکاندا هیچ لێڵییەکمان نایەتەڕێ ، بەڵام گەر واتاکان بگوازینەوە بۆ بازنەی (الحدس) ئەوا ڕێگای لێکدانەوەی واتایمان لێدەگیرێت و توشی لێڵیی واتایی دەبین . وەکو پێشتر لە (1/2-1-2) ئاماژە بە هۆکاری لێڵیی زمانی درا ، لێرەدا هەوڵدراوە هۆکاری لێڵیی زمانی لە گوتاری سیاسیدا بەنموونەوە بخرێتە ڕوو :

### 2-2/3 ) لێڵی زمانی گوتاری سیاسی :

بە سەرنج دان لە گوتارە سیاسییە کوردییەکان ، دەگەینە ئەوەی ، کە چەند هۆکارێك هەیە ، وایان لە گوتارەسیاسییەکان کردووە ، کە لێکدانەوەی جیاواز و جۆرا و جۆر لە خۆبگرن . لێکدانەوەی جۆرا و جۆر و جیاوازیش مانای گوتارێکی لێڵ دەگەیەنێت ، لێرەدا بە پێی نموونەکان هۆکاری لێڵیی گوتارەکان دەخەینە ڕوو:

### 1-2-2/3 ) هۆکارەکانی لێڵی زمانی گوتاری سیاسی :

### 1-1-2-2/3 ) ڕۆڵی جێناوەکان لە دروستبوونی لێڵیدا :

وەکوو پێشتر لە هۆکارەکانی لێڵی لە (1/2-1-2) ڕوونکرایەوە ، هەندێکجار بە کارهێنانی هەندێ جێناو دەبێتە هۆی دروستبوونی لێڵیی (تەمومژی )لە زماندا .بۆنموونە لەم نمونانەی خوارەوە (ئەو _ئەم ) لێڵیی دروست دەکەن . دەکرێت بوترێت جێاوی (ئەوان ) یش بەهەمان شێوەی ( ئەو – ئەم ) بەشدارە لە دروستبوونی لێڵیدا .

**1- ئەو :**

(270) فراکسیۆنی پارتی : ( Rozhana news : 2015 / 4 / 10 : 8 : 47 am )

" مالیکی سوپاسی ئەو لایەنانەی کردووە ، کە هاو کاریان کردووە لە جێ بە جێ کردنی ئەو پلانە و پشگیری کردنی لە دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستان ، هەندێك کەس و لایەن بە پێدانی زانیاری دەربارەی دان بەخۆداگرتنی خەڵکی کوردستان بەرانبەرقەیرانەکان هاوکارم بوون " .

ئاشکرایە لەم گوتارەدا ئاشکرانییە ، کە مەبەست لە ( ئەو ) کام لایەنانانە یە ؟ هەروەها مەبەست لە ( ئەو ) کام پلانەیە ؟ جگە لەم هۆ کارە هۆکاری پراگماتیك ڕۆڵی لە دروستبوونی لێڵیی ئەم گوتارە هەیە . دواتر لە (2/3–2–1– ٤) دەخرێتە ڕوو.

(271)ئەحمەد چەلەبی : " ئەو لایەنەی دەرگای هەولێری بۆ سوپای عێراق کردەوە گەلی کورد نەبوو تەنها پارتێکی کوردی بوو ، بەرپرسیارە بەرانبەربە مێژوو ، چونکە هێنانی هێز بۆ ناو نیشتیمان و بۆ بەڕوو بەڕوو بونەوە و سەرکوتکردنی تاکەکانی نیشتیمان بە هەموو پێوەرێك دەچێتە خانەی خیانەتەی نیشتیمانییەوە " .( Rudaw : 2015/ 4/24: 5:15 pm ).

لەم گوتارەدا هێنانی سوپای عێراق بۆ ناو پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ سەردەمێکی پێشتر دەگەڕێتەوە . هەرلەبەر ئەمەشە کە بەشێك لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بەهۆی کەمی تەمەنیانەوە ئاگاداری کاتی ئەو ڕووداوە نەبوون ، بەبیرهێنانەوەی ئەو مێژووە لە لایەن ئەوکەسانەی کە ئاگاداری کاتی ڕوداوەکە بوون یارمەتی دەردەبێت بۆ دەسکەوتنی زانیاری دەربارەی ڕووداوەکە ، بۆ یە زانیاری پێشینە هۆکارە بۆ ڕەواندنەوەی لێڵیی ئەم گوتارە ، دیارە لێرەدا قسەکەر مەبەستێتی گوێگران بە بکەرانی ڕووداوەکە ئاشنا بکات ، مەبەست لە بکەری ڕووداوەکەش ( پارتی دیموکراتی کوردستانە ).

(272) دەمیرتاش : " ئەوانەی وتیان لە تورکیا کێشەی کورد نییە ، لە ناوچە کوردنشینەکان دەنگییان نەهێنا " . (Nrt : 2015/ 6/7 : 10:20 pm)

لێرەدا جێناوی (ئەوان) لێڵیی لەم گوتارەدا دروستکردووە ، چونکە گوێگر بەئاگا نییە لەوەی ، کە مەبەست لە ( ئەوان ) کێیە ؟ بەلأم هەروەکوو چۆن ئاماژە بەوەدرا ، کە دەوروبەر هۆکار و ڕێگایەکە بۆ ڕەواندنەوەی لێڵیی بۆ بە هاتنە ناوەوەی دەوروبەر نوسەر درك بەوە دەکات ، کە مەبەست لە ئەوان ( پارتە تورکییەکانی ناو تورکیا ) یە .

(273)پنتاگۆن : " مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزانە دەکەین ، کە لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکخراون " (kurdistan TV: 2015/6/24 : 9:10pm ) .

لێرەدا ئەگەر لەبری جێناوی (ئەو ) ناوی ئەو هێزانە بهێنرایە کە لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکخراون ئەوا لێڵیی دروست نەدەبوو ، بەلأم مەبەست لە بە کارهێنان جێناوی ( ئەو ) دروخستنەوەی مەترسی و دروست نەبوونی ئاژاوەیە لە نێوان هێزەکاندا ، دوورخستنەوەی مەترسیش یەکێکە لە ئامانجەکانی بە کارهێنان لێڵیی .

(274) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان : " ئەو لایەنانەی ، کەلە دەرەوەی پەرلەمان دەیانەوێت ڕێکەوتن بەسەر پەرلەمان تێپەر بێت بەهەڵەدا چوون ، تەنها پەرلەمان دەسەلأتی بڕیاردانی هەیە و بەدەر لە پەرلەمان هەر ڕێکەوتنێکی دیکە هیچ خوێندنەوەیەکی یاسای بۆ ناکرێت " .(Nrt : 2015/8/22 : 8:6 pm) .

لێرەدا گوێگر گەر ئاگاداری دەوروبەری گوتن نەبێت نازانێت ، جێناوی ( ئەو ) بۆ کام لە لایەنەکان دەگەڕێتەوە ، بەڵام بە ئاگاداربوون لە بارودۆخ و کاتی وتن وا لە گوێگر دەکات کە بزانرێت مەبەست لە جێناوی (ئەو ) کام لایەنانەیە . لێرەدا نوسەر بە ئاگاداربوون بە کات و

بارودۆخی وتن دەزانێت ، کە ئەولایەنانە ( پارتی دیموکراتی کوردستان ، حیزبی شیوعی کوردستان ، بزوتنەوەی ئیسلامی ، کەمە نەتەوەییەکانە ) . واتا زانیاری دەربارەی بارودۆخ و کاتی گوتنەکە یارمەتی نوسەر دەدات بۆ چنگخستنی زانیاری ، ئەگینا خودی ئەم وتارە لێڵە، چونکە بۆ تێگەیشتن لێی پەنا بۆ دەوروبەر براوە .

(275) " ئەو نەفسەی لە ( 23) ی حوزەیرانی ئەمساڵدا ویستی لە پەرلەمانی کوردستان خۆی بسەپێنێت لە نیازی تێکدانی سازانەوە هەڵقولابوو ، چونکە پێش هەمووان داوام لە پەرلەمان و هەموو لایەنەکان کرد لەسەر سازان ڕێکبکەون ، ئەوە بەڵگەیە لەسەر بۆ لەبەرچاوگرتنی تێبینی و ویستی هەموو لایەنەکان ".

( سەرۆکی هەرێم : Kurdistan tv : 2015 / 9 : 12: 9 :38 pm )

(276) " داوا لە سەرۆکایەتی خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دەکەم لە ژێر ڕۆشنای ئەو نامەیەی ئاراستەی خولی ئێستای پەرلەمانم کردبوو ، لەماوەی کەمتر لە ساڵێك بگەنە تەوافق لەسەر هەمووارکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێم و ئالییەتی هەڵبژاردنی سەرکایەتی هەرێم ، ئەو کات هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت ، ئەو ئەمانەتەی لە دەست ئێمەیە بدرێت بە هەر بەڕێزێکی دیکە کە متمانەی گەلی کوردستان بەدەست دەهێنێت " .

( سەرۆکی هەرێم : Kurdistan tv : 2015 / 9 : 12: 9 :38 pm )

لەم دوو گوتارەدا بەهەمان شێوە دەبینین جێناوی ( ئەو ) لێڵی و تەمومژی دروستکردووە .

## 3- ئەوان :

(277)کەمال کەرکوکی : " ئەوانەی خۆشحاڵنین بە ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە با بێ دەنگ بن " .( Zagros tv : 2015 / 1/1 : 11:30 am )

لێرەدا بە هەمان شێوە نازانین ( ئەوان) بۆ کێ دەگەڕێتەوە.

(277) شاناز ئیبراهیم ئەحمەد: " ئەوانەی لە دەنگدانەکانی یەکێتی ڕۆڵیان نەبوو ، مافی بڕیاردانیان لە ناو یەکێتیدا نییە " .( Gk : 2015 / 3 / 18 : 8 : 30 )

لەم گوتارەدا گوتار بێژ نایەوێت بەڕوونی ناوی ئەو کەسانە ببات ، کە مەبەستیتی ، بۆ ئاماژەنەدان بە ناوەکان پەنای بردۆتە بەر بە کارهێنان جێناوی ( ئەوان ) ، چونکە نازانرێت مەبەست لە ( ئەوان ) کێیە ؟ ئەم نەزانینەش لێڵیی دروست دەکات .

(278)یەکێتی نیشتیمانی کوردستان " ئۆباڵەکەی بە ئەستۆی ئەو لایەنەیە کە بە ئەنجامدانی کارەکە هەڵساوە " . : ( Knn : 2015 / 4/7: 8 : 47 pm )

دەربڕینــی ئــەم گوتــارە لێڵییــەك لای گــوێگران دروســت دەكــات ، چــونكە گــوێگر نازانێــت مەبەست لە ( ئەو ) كێیە ؟ ئەو لایەنە كامەیە كە (ئەو ) ی بۆ دەگەڕێتەوە ؟

(279) صلاح الدين دەميرتاش : (Gk : 2015/ 5/21 : 9:10 am)

" ئەوانەی دەیانەوێت توركیا بكەنە یەك ڕەنگ هەمیشە دەیخورێنن ".

لێرەدا جێناوی ( ئەوان ) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كەسانەی كە دەیانەوێت هــەوڵی یــەك ڕەنگــی مەبەست (خستنە ژێر ڕكێفی یەك لایەنەوە ) دەدەن .

(280) نێچیرڤان بارزانی : " ئەوانەی ئێستا داوا دەكەن سەرۆكی هەرێم لـە پـەرلەمانـەوە هەڵبژێرێت، هەمان ئەوانەبوون داوایان دەكرد لە دەرەوەی پەرلەمان سەرۆك هەڵبــژێرێت ، كەچی ئێستا بە پێچەوانەی بیركردنەوە پێشوویانەوە بڕیار دەدەن ، نازانین چیان دەوێت" .

( Rudaw : 2015 / 7 / 6 : 11: 20 pm ) .

بەهەمان شێوە نازانرێت گوتاربێژ مەبەستی لە ( ئەوانە ) كێییە ؟ وەكوو ئاشكرایە مەبەست لە بە كارنەهێنانی جێناوی ( ئەوان ) ئاشكرانەكردن و دیـاری نـەكردنی نـاوە ، چـونكە ئـەركی جێناو جێگرتنەوەی ناوە .

(281) بایدەمیر : "ئێمە دژی ئەوانەین كە دەیانەوێت توركیا بەرەو تاریكی ببەن ، جیاوازی نەژادی دروسـت دەكـەن و خـەڵك بێتـاوان دەكـوژن " . Knn : 2015/7/28 : 10:40 ( pm)

وەكوو پێشـتر لـە شـێوازەكانی دەربـڕین لـە (9-2-2/2) ژمـارە (3) ئامـاژە بـەوە درا كـە جێناوی ( ئێمە ) زیندوێتی و كارای و ڕاستی بە گوتار دەدات ، جگە لە جێناوی ( ئێمە ) لـەم گوتارەدا جێناوێكی دیكە بە كارهاتووە ، بەڵام ئەو جێناوە ، كە جێناوی ( ئەوانە ) لێڵییەك و شاردنەوەی واتاییەك بە گوتارەكە دەبەخشێت ، چونكە گوێگرەكان نازانن مەبەست كێیە ؟ .

(282) شاناز ئیبراهیم ئەحمەد : " " شەرمەزارین ئەوانەی شەنگالیان ڕادەستی داعش كـرد ، خەڵكی شەنگالیان خستە ئـەو بـارو دۆخـەوە و بـە سـەدان ژن و منـداڵیان توشـی نەهامـەتی و سەرگەردانی كرد ".( hawder news : 2015/8/1 : 12:50 am ).

لێرەدا گوێگران بەبێ پەیوەست بوون بە زانیاری پێشینە ناتوانن بزانن كە (شـاناز ئیـبراهیم ئەحمەد) لە بە كارهێنان جێناوی ( ئەوان ) دا مەبەستی كێیە ؟ بەڵام بە هۆكاری كاریگـەریی ڕووداوەكان و وشیاری تاكەكانی كۆمەڵگا و بەردەوام ئاگاداربوون لە ڕووداوەكان دەزانـن ، كە مەبەست لە ئەوان كێیە ؟

(283) سەلیم جبوری : ( Rudaw : 2014 / 11 / 5 : 11:20 am )

"ئەوانــەی پێشــتر پرۆســەی سیاســییان ڕەت دەکــردەوە ، ئــەمڕۆ چــالاکانە بەشــدارن و هەوڵدەدەن ڕۆڵی کاریگەر و کارایان لە پرۆسەی ئاوەدنکردنەو و زیندوکردنەوەی و باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکیدا هەبێت "

لێرەدا ( ئەوانە ) لە بری ناوی ژمارەیەك لایەن بە کار هاتووە ، کە ئامانج لێی ناو نەهێنانە .

(284) " من بەرژەوەندی نەتەوەکەم پێش بەرژەوەندی خۆم دەوێت ، نامەوێت ببمە زۆرێك لە ئەوانــەی کــە بەرژەوەنــدی گشــتیان هەیــە لــە ژێــرەوە بــەلاَم لەســەرەوە بەشــێوەیەکی دیکــە دەردەکەون " . ( بەرهەم ئەحمەد ساڵح : 26: 8 : 7 / 11 /`2015 : Nrt )

(285) " ئەوانەی لەگەڵ پارتی نەیانهێشت ببم بە سەرۆك کۆمار ، ئێستە زمانیــان بەرانبەربــە پارتی درێژکردووە و ناتەبان و ڕەخنە لە بۆچوون و سیاسەتی پارتی دەگرن ، هەندێك بڕیاری پارتییان بەلاوە ناپەسەندە" . ( سەرچاوەی پێشوو : 26: 8 : 7 / 11 /`2015 : Nrt )

**4- ئەم :**

(286) بەرهەم ئەحمەد ساڵح : " هەرێمی کوردستان بــەم شــێوەی ئێســتای نامێنێتــەوە ، پێویستی بە هاریکاری و هەماهەنگی هەموو لایەنێکە ، لە پێناو سەقامگیری نەتەوە ".

( Knn : 2015 / 7 / 17 : 6:35 pm )

لەم گوتارەدا دەبینین ( بەم ) کورتکراوە ( بــە + ئــەم ) گوتاربێــژ بــۆ ئاســان دەربــڕین بــەو شــێوەیە بــە کــاری هێنــاوە ، دیــارە لێــرەدا نازانرێــت مەبەســت لــە ( بــەم شــێوەیە ) چ جــۆرە شێوەیەکە . بۆیە لێڵیی دروستبووە .

## 2-2-1-2-2/3 ) ڕادە و دروستبوونی لێڵیی :

وەکوو پێشتر ئاماژە بەوە درا ، کــە لێڵیــی بــەو پێکهاتەیــە دەوترێــت کــە زیــاتر لــە واتایــەك بگەیەنێت ، ئەگەر چی وشەکانی ڕادە چ لە گرووپی کراوە ( هەموو ، گشت ، زۆر ... هتد ) یان گرووپی داخراو ( هەندێك ، کەمێك ، تۆزێك ...هتد ) بێت .هەڵگری واتای گشت یان بڕن ، بــەلاَم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تەمومژییان هەڵگرتووە ، چــونکە بەتــەواوەتی ڕێــژە یــان ژمــارە دیــاری ناکەن . تەنانــەت دەبنــە شــارەرەوەی نــاوی ئــەو لایەنانــەی ، کــە بــە دوایــدا دێــن ، لێــرەدا هەوڵدەدرێت هەندێك لەو ڕادانە بە پێی ئەو ناوەڕۆکەی لە گوتارەکاندا هەڵی دەگــرن بخرێنــە بەرچاوو :

**1- هەندێ ( هەندێك ) :**

هەندێ ( هەندێك ) دەبێتە هەڵگری واتای ڕادەو بڕ دەردەخات ، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی گرووپی ڕادەی داخراو .

(287)عەلی باپیر : " هەندێ کەس لــە کوردســتاندا وەکــوو داعــش بیردەکەنــەوە و خۆیــان بەڕاست دەزانن " .( Nrt : 2015 / 4 / 18 : 7 :15 pm )

لەم گوتارەدا نازانرێت ژمارەی ئەو کەسانە چەندە ، کە گوتاربێژ مەبەستێتی ، واتە لەم گوتارەدا ڕادە نادیارە .

(288)دەمیرتاش : " هەندێك لایەن بە دابەشکردنی پارە دەیانەوێت لایەنگریان زیاد بکەن "
( Knn : 2015 / 4 / 27 : 8:25 pm ).

گوتار بێژ دەیەوێت بە شێوەیەکی نائاشکرا ئاماژە بەو لایەنە بدات ، کە بە ئەنجامدانی ئەو کارە هەڵدەسن ، بە لام بە لە بەرچاوگرتنی کاتی گوتارەکە دەردەکەوێت ، کە ئەم گوتارە دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی هەڵبژاردنەکان لە تورکیا ، هەروەها کەسانی بە ئاگا لە ڕەوش و دۆخی تورکیا هەست بەوە دەکەن کە مەبەست لە ئەو لایەنە کێیە ؟

(289)مسعود بارزانی : "هەندێك لایەن دەیانەوێت شەڕی ناوخۆ دروست بکەن " .
( Nrt : 2015 / 5 / 25 : 10: 00 pm )

لەم گوتارەدا دەبینین سەرۆکی هەرێم نایەوێت ئاماژە بە ناو و ژمارەی ئەو لایەنانە بدات کە مەبەستێتی ، بۆ ئەم ئاشکرا نەکردنەش پەنای بردۆتە بەر بە کارهێنان وشەی ( هەندێك ).

(290) ئومێد خۆشناو : " هەندێك لایەن گەر هەموو پۆستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بدەیتێ پێی کەمە ، پێی وایە سەروەری و بە دەستهێنانی ئازادی بۆ گەل و نیشتیمان لە ژێر ڕەحمەتی ئەواندا بووە و کەسی تر تێکۆشانی نەکردووە " ( Nrt : 2015/ 6/22 9:30 pm )

دیارە لێرەدا قسەکەر بەیارمەتی وشەی (هەندێك ) بەمەبەستی دوورخستنەوەی بەرپرسیارێتی دەیەوێت هەندێك زانیاری بخاتە ژێر لێوەوە.

(291) لطیف نێرۆیی : " هەندێك لایەن دان بە دەسەلآتی پەرلەماندا نانێن " . : Rudaw
( 2015 /8 /18 : 12 :15 pm )

لێرەدا نازانرێت ژمارە لایەنەکان چەندە ، هەروەها ئەولایەنانە کێن ؟ کە دان بە دەسەلآتی پەرلەماندا نانێن . ئەمەش بۆ خۆی لێڵییە .

## 2- هیچ :

هەرچەندە وشەی ( هیچ ) لە ڕستەدا لە گەڵ مۆرفێمی ناکردن دەردەکەوێت ، هەندێك لە زمانەوانەکان بۆچوونیان وایە گەیەنەری واتای نەرێکردن نییە ، بەڵکو بەرجەستەکردنی واتای ڕادەیە ، لەم بارەیەوە( حاتم ولیا ، (2000 : 54)) : دەڵێت " وشەی هیچ ، وشەی ڕادەیە چونکە لەڕووی واتاوە چەندێتی دەردەخات " .

بەلآم لەم توێژینەوەیەدا بە پێی ئەو نموونە گوتارانەی بەردەست کەوتوون ئەوە دەردەکەوێت ، کە مۆرفێمی ( هیچ ) هەردوو ئەرکی نەرێکردن و دەرخستنی ڕادە یان بڕی چەندێتی دەگەیەنێت .

(292) یوسف محەمەد :" نامانەوێت هیچ پێکهاتەیەك کوردستان بە جێبهێڵێت " .
( Knn : 2015 / 4/ 2 : 8 :24 pm )

مەبەست لە بە کار هێنانی مۆرفیمی ( هیچ ) ئاماژە نەکردنە بە ژمارە و بڕی پێکهاتەکان ، چونکە لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر پێکهاتە دەژین ناتوانرێت ناوی هەموویان بهێنرێت

(293)فازڵ بەشارەتی : " سورین لەسەر وەرگرتنی پۆستی قایمقامی هەڵەبجە گەر نەیدەن بە تەمای هیچ نەبن لە هەولێر " .( Rudaw : 2015/6/12 : 9: 50 pm )

لەم گوتارەدا ( هیچ ) لەگەڵ ( شت ) هاتووە ، هەروەها بکەری کارەکە دیار نییە ، کە کێ پۆستی قایمقام نەدات ، کەوابێ ڕادەی ( هیچ ) بە یارمەتی ( ن ) ی ( نەیدەن ) ، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان ناشزانرێت ئەوان کێیە ؟ وەکوو لە (2/3-2-2-1–ا) ئاماژە بەوە درا کە جێناوی ( ئەو – ئەوان ) لێڵیی دروست دەکات ، لێڵییان لەم گوتارەدا دروستکردووە .

(294)وتەبێژی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان : " موزایەدە لە هیچ حیزبێك قبوڵ ناکەین ". ( Nrt : 2015/ 6/22 9:30 pm

لەم نموونەیەدا وشەی ( هیچ ) لە گەڵ ( حیزب ) واتا هەموو ئەو حیزب و لایەنانە دەگەیەنێت کە گوتاربێژ مەبەستێتی ، وەکوو ( یوسف شەریف ، (1999 : 127)) دەڵێت " تاقە وشەیەکی ڕادەمان هەیە لەگەڵ مۆرفیمی نەرێ بەواتای هەموو دێت ، ئەویش وشەی ( هیچ) ە " ( یوسف شەریف ، ( 1999: 127 ).

(295)ئومێد خۆشناو : " لە هیچ کەس قبوڵ ناکەین دەستی چەوری خۆی بە ئێمەدا بسڕێ ". ( Nrt : 2014/8/18 : 3:20 pm).

لێرەدا ڕادەی ( هیچ ) لەگەڵ ( کەس ) بۆ نەفیکردن نییە ، بەڵکوو ئامانج لێی داپۆشینی ژمارەی ئەو لایەنانەیە کە گوتاربێژ مەبەستێتی ، وەکوو (تارا موحسین ، (2004 : 112)) باس لە ( هیچ ، هیچ کەس ، هیچ شتێك ) دەکات ، " ئەم وشانە ناوی جێناوی نەفییان لێنراوە ، لە ڕاستیدا جێناو نین ، چونکە جێی هیچ فرێزێکی ناوی ناگرنەوە ، بەڵکوو وشەی ڕادەن " ( تارا موحسن قادر ،(2004: 112)). پاشان ئاماژە بە وشەکانی ( هیچ کەس ، هیچ شتێك ) دەدات و دەڵێت : " لە وشەیەکی ڕادەی ( هیچ ) لەگەڵ (ناوێك یان شتێك ) پێکهاتوە " . ( هەمان سەرچاوەی پێشوو : 112 ).

(296)فراکسیۆنی یەکگرتوو ئیسلامی کوردستان : " هیچ لایەنێك داوای دواخستنی دانشتنی ئەمڕی پەرلەمانی نەکردووە " .( Nrt : 2015 / 8 / 19 : 2:00 am )

بەهەمان شێوەی گوتاری پێشوو ڕادەی ( هیچ ) لەگەڵ ئامرازی ( ێك ) بونەتە هۆی لێڵیی گوتارەکە ، چونکە گوێگر نازانێت مەبەست لە ( هیچ لایەنێك ) کێیە .

(297) سەلیم جبوری : " نابێت هیچ لایەنێکی بەشدار لەپرۆسەی سیاسی میلیشیای چەکداری هەبێت " . ( Rudaw : 2014/ 11/ 5: 11:15 am )

لەم گوتارەدا وشەی ( هیچ ) لەگەڵ ئامرازی نەناسراوی ( ێك ) كە دواتر ئاماژەی پێدەدرێت لێڵییان دروست كردووە , چونكە وشەی ( هیچ ) هەڵگری واتای هەموو لایەنە نەناسراوەكانە .

(298) مسعود بارزانی : " هیچ كەسێك ناتوانێك هیچ بڕیارێك سەبارەت بە داهاتووی كورد بدات " .( Zagros : 2014 /11 / 19 : 12 :00 pm )

لێرەدا گوتار بێژ دەیەوێت بەرپەرچی ئەو كەسانە بداتەوە كە دەیانەوێت سەبارەت بە دۆزی كورد بڕیاربدەن ، بێ ئەوەی ئاماژە بەناو و ئەو بڕیارانە بدات كە كەسەكان داویانە .

(299) مسعود بارزانی : " داعش لەگەڵ هیچ ڕژێمێكی تری عێراق بەراورد ناكرێ كە شەڕمان لەگەڵی كردووە " .( Zagros : 2014 /11 / 19 : 12 :05 pm ) .

بارزانی دەیەوێت ئەوە بڵێت كە لەگەڵ ڕژێمەكانی تری عێراق بە شەڕهاتوون ، بەلأم ئاماژەی بە ژمارەی ئەو ڕژێمانە نەداوە ئەویش لە ڕێگەی بە كارهێنان وشەی (هیچ ) .

**3-هەر :**

ئەم جۆرەی ڕادەش وەكوو ڕادەی ( هیچ ) ( هەندێ – هەندێك ) ، بەهەمان شێوە بڕ و ژمارە دیاری ناكات . ئەگەر قسەكەر زانیاری دەربارەی بابەتی قسە لەسەر كراو نەبوو، دەتوانێت ئەم مۆرفێمە بە كار بهێنێت .

(300)زەعیم عەلی : " هەر لایەنێك ڕێگر بێت لە بەردەم ڕێكخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بەر پرسیار دەبێت لە بەردەم مێژوودا " .( Knn : 2015 / 1 / 2 : 1: 50 pm )

لێرەدا دەبینین كە ڕادەی ( هەر ) لە گەڵ ئامرازی نەناسراوی (ێك ) گروپێك یان لایەنێك یان بەشێك لە كۆمەڵ جیا دەكاتەوە.

(301)نوری مالیكی : " هەر هەوڵێك بدرێت بۆ دابەشكردنی عێراق دەریای خوێنی لێدەكەوێتەوە " .( Nrt : 2015 / 5/ 16 : 10 : 00 pm )

لەم گوتارەدا وشەی ( هەر ) لێڵیی دروستكردووە ، چونكە ئاماژەی بەو هەولأنە نەداوە ، كە چ جۆرە هەوڵێكە ؟ ئایا هەوڵی ناوخۆییە یان هەوڵی دەرەكی ؟

(302) عەلی باپیر : "هەر لایەنێك زیاتری لابێت ، دەبێت زیاتر ببەخشێت " . Nrt : ( 2015/ 8/30 : 8:05 pm )

ڕادەی (هەر ) لەگەڵ ئامرازی ( ێك ) و پراگماتیكیش هۆكاری لێڵیی ئەم گوتارەن ، چونكە ژمارەی ئەو لایەنانەی كە زیاتریان ( دەسەلأتی زیاتر ) لایە ، نەزانراوە ، لێرەدا گوتاربێژ مەبەستی دوو حیزبی دەسەلأتدار ( پارتی دیموكراتی كوردستان ، یەكێتی نشتیمانی كوردستان ە ) .

**3-1-2-2/3 )دروستبوونی لێڵیی بەهۆی ئامرازی نەناسراوی ( ێك ) ەوە :**

دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەم ئامرازە ڕۆڵ لە دروستبوونی لێڵیدا دەبینێت ، چونکە کە دەچێتە سەر فرێزێکی ناوی لە ڕووی چەندێتییەوە نەژمارە و نە پێوانە هەروەها ئاماژە بە ناویش ناکات . ئەم ئاماژەنەکردن و دیارینەکردنە و دەبێتە هۆی لێکدانەوەی جۆراو جۆر ، لێکدانەوەی جۆرا و جۆریش خۆی لە خۆیدا ڕێگای دروستبوونی لێڵییە . دەکرێت بوترێت کە ئامرازی ( ێك ) جگە لەوەی کە نەناسراوی دەردەخات ، لە نموونەکاندا هەست بەوە دەکرێت کە ئەم ئامرازە بەشێك لە ڕادە دەردەخات . دەکرێت جگە لە ئەرکی نەناسراوی ئەرکی دیکەی وەکوو پیشاندەری بەشێك لە ڕادە تەماشابکرێت .

(303)سەفین دزەیی : " هەرێمی کوردستان پێویستی بە خەڵکانێك نییە ، کە مێژووی خۆیان دەسەلمێنن ، ئەوان لە کویێ بن ئارامی و دیموکراتی لەوێیە ".

( Nrt : 2015 / 4 / 24 : 4 :25 pm )

وەکوو دەبینرێت (ێك ) ئاماژە بە برێك ناو نادات ، لێرەدا وشەی ( خەڵکانێك ) پێکهاتووە لە :

ناوێکی گشتی + ان + ێك = ناوێکی گشتی نەناسراو .

واتا ئاماژە بە ژمارەیەك ناو نەدراوە ، کە لە یەك زیاترە ، ئەم ئاماژە پێنەدانەش بەهۆی بە کارهێنان مۆرفیمی نەناسراوی ( ێك ) دەبێت .

(304)ئومێد موحسین : " وەزیرێکی پێشووی وەزارەتی پێشمەرگە هەرەشەی لە دادوەرێك کردووە " . ( Nrt : 2015 / 4 / 28 : 1: 05 am )

وەکوو ئاماژەی پێدرا ئامرازی ( ێك ) دەچێتە سەر ناو ، لێرەدا ئامرازی ( ێك ) وایکردووە نەزانرێت ئەو وەزیرە کێییە ؟ هەر بۆیە جۆرێك لە لێڵیی هێناوەتە ئاراوە ، هەروەها وشەی ( پێشوو ) یش نازانرێت کە وشەی پێشوو بۆ کام کات دەگەڕێتەوە ئایا مەبەست لە ساڵێکە یان 10 ساڵ ؟ هەربۆیە گوتارەکە لێڵ و تەم و مژاوییە.

(305)پەرلەمانتارێك : " بەهەڵە وەرگێڕانی یاسایەك بە مەبەست بوو " .

( Knn : 2015 / 5/ 12 : 8: 12 pm )

ئامرازی نەناسراوی ( ێك ) چەند ئەلەمۆرفێکی هەیە ،( یەك ) یەکێکە لە ئەلە مۆرفەکانی (ێك ) ، دەکرێت بوترێت خودی ( یەك ) یش لێڵیی دروستکردووە ئایا مەبەست لە ( یەك ) ئامرازی نەناسراوییە یان مەبەست تەنها ژمارە ( 1 ) ، هەرچەندە لەناو ئامرازی نەناسراویدا ئاماژەیەك هەیە بۆ تاکیەتی (ێك )، بەڵام گەر مەبەست تەنها (1 ) بوایە دەتوانرا گوتارەکە بەم شێوەیە دەربڕایە.

بەهەڵە وەرگێڕانی یەك یاسا بەمەبەست بوو .

هەرچەندە گەر گوتارەکە بەمشێوەیەش دابڕێژرایە هەر گوتارەکە لێڵ دەبوو ، چونکە بێ گەڕانەوە بۆ زانیاری پێشوەخت و دەوروبەری گوتنەکە نەماندەزانی مەبەست لە کام یاسایە ؟

(306) ئومێد خۆشناو : " کاتێك لەسەر سازدانی دەستور و هەنگاوەکانی دەستور دەچینە پێشەوە لایەنێك دەیەوێت تێکی بدات " .( Nrt : 2015 / 6 /15 : 11 : 26 pm ).

(307) ئومێد خۆشناو : " فراکسیۆنێك دێت تاك لایەنانە ڕووەو ساید بۆ بابەتێك دەڕوات " ( Nrt : 2015 / 6 /15 : 11 : 26 pm ).

لە هەردوو گوتاری ژمارە ( 275 ) (276) دا (3) جار ( ێك ) بە کار هاتووە لەو بە کارهێنانەشدا لەگەڵ ناو بە کار هاتووە ، بوتە هۆی دیارینەکردنی ناوی (لایەن ) ، ( فراکسێۆن ) و (بابەت ) .

(308)سالار عوسمان سەرنوسەری گۆڤاری هەولێر :" حیزبێکی موعەیەن هەندێکجار دەیەوێت لە شەخسیەتی بارزانی بدات " . ( Nrt :2015 / 6/ 17 : 7:31 am)

لێرەدا ئامرازی ( ێك ) دەبێتە هۆ کارێك بۆ دیاری نەکردنی ناوی ئەو حیزبەی کە قسەکەر مەبەستێتی بیشارێتەوە و ئاشکرای نەکات ، ئەم ئاشکرانەکردنەش خۆی لە خۆیدا لێڵییە .

(309)کۆمپانیای نالیا : " بەرپرس و پەرلەمانتارێك هەواڵی ناڕاست لەبارەی پرۆژەکەوە بلاو دەکەنەوە " .( Nrt : 2015 / 7 / 1 : 8: 20 am )

بە پێی ڕێسای زمانی کوردی بە بوونی دوو ناوی لەدوای یەك ئامرازی ناساندن دەچێتە کۆتای ناوی دووەمەوە ، لێرەدا بوونی ئامرازی ( ێك ) وایکردوە گوێگر بە دوای ناوی نادیاردا بگەڕێت . هەروەها نازانرێت پرۆژەکە چییە ؟

(310) وشیار زێباری : " هەوڵێك هەبووە بۆ ئەوەی هیچ بڕە پارەیەك بۆ هەرێم نەنێردرێت " ( Rudaw : 2015/ 7 / 29 : 11:00 pm ).

ئەوەی لەم گوتارەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە سێ هۆکار کار لەدروستبوونی لێڵیی ئەم گوتارە دەکەن ، ئەوانیش ئامرازی نەناسراوی ( ێك ) , ڕادەی ( هیچ ) لەگەڵ بکەری نادیاری ئەم گوتارە , چونکە ( ێك ) وای کردووە کە نەزانرێت هەوڵەکە لەلایەن کێوە بووە ؟ هەروەها ڕادەی (هیچ) یش بەهەمان شێوە وای کردووە کەنەزانرێت ئایا هیچ بڕە پارەیەك بەتەواوەتی

نەنێردرێت یان بڕی ئەو پارەی نێردراە چەندە ؟ دیاری نەکردنی بڕیش دەبیتە هۆی خستنە ڕووی بۆچوونی جیاواز لە بڕدا ، ئەو بۆچوونە جیاوازەش خۆی لە خۆیدا لێڵییە ، بۆ ڕەواندنەوەی لێڵییەکەشی پەنا دەبرێتە بەر زانیاری تەواو ئەو زانیارییانەش لای بەرپرسانی باڵآن ، وەکوو پێشتر لە گوتاری سیاسیدا ئەوە خرایە ڕوو, کە زانیاری دروست لای سیاسییەکانە.

(311) محمد محموود مشهدانی : " فلآنە لایەن هەیە ، هەموو ئیمتیازێکی هەیە و لە لایەن دەوڵەتێکەوە هاو کاری دەکرێ ، بەلآم لایەنی تر هەیە هیچ ئیمتیازێکی نییە و کەس پشگیری ناکات " .( Gk : 2014 / 12 / 18 : 3 : 10 )

لەم گوتارەدا جگە لەوەی وشەی ( فلآن ) (لایەن) لێڵییان دروستکردووە ، (ێك ) یش ڕۆڵی لە دروستبوونی لێڵییەکەدا هەیە . بەورد بونەوە لەم گوتارە هەست بەو واتایە دەکەین کە مەشهدانی مەبەستی ئەوەیە کە شیعە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێت ، لەو پەڕی خۆشگوزەرانیدان ، بەڵام سوننەکان هیچ کەس پشتگیری و هاو کاریان ناکات .

4-1-2-2/3 ) **پراگماتیك :**

وەکوو لە (3- 1/3) ژمارە ( 5) ئەم جۆرە واتایە ڕوونکراوەتەوە ، بەهۆی دەوروبەرەوە واتاکەی دیاری دەکرێت ، بۆیە دەبینین لەگوتاری سیاسیدا چەندین نموونەی گوتار هەن ، کە ئەگەر واتاکانیان نەبەستینەوە بە دەوروبەر و هەندێك زانیاری پێش وەخت ئەوا ناتوانین لە واتاکەی بگەین ، وەکوو ئاشکرایە هەر گوتارێکی سیاسی بۆ تێگەیشتن لە مەبەستەکەی ببەستینەوە بە هەندێك زانیاری دەرەوەی گوتارەکە ئەوا گوتارێکی لێڵە و هۆکاری لێڵییەکەش هۆکاری پراگماتیکییە .

پراگماتیك : بریتییە لە لێکدانەوەی دوور و نزیکیی نێوان قسەکەر و گوێگر ، دوور و نزیکی زانیاریی هاوبەش دەگرێتەوە ، واتە تا نێوانی قسەکەر و گوێگر نزیك بن هەندێك زانیاری دەزانن و پێویستیان بە دەربڕینی کەمتر هەیە . بەلآم گەر نێوانی قسەکەر ( لەڕووی پەیوەندییان لەگەڵ یەك ) دوور بوو ئەوا هەموو زانیارییەك نازانن بۆیە پێویستیان بە دەربڕینی زیاتر دەبێت .(عومەر مەحمود کەریم ، ( 2009 : 179)) .

یاخوود پراگماتیك بریتیە لە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی دەوروبەری شیاو بۆ ڕستە و گوتن ، واتە گرێدانی گوتن و دەوروبەر بەیەکەوە .( سەرچاوەی پێشوو : 2009 : 178) .

دەکرێت بوترێت لە لێکدانەوەی واتای هەرگوتارێکدا ، نوسەر پشت بەست بە زانیاری دەربارەی دەوروبەری گوتن و باروذخ و بوونی زانیاری دەربارەی بابەتی گوتارەکە شیکاری بۆ هەرگوتارێك دەکات .

(312) محمد تۆفیق رەحیم : " نەوشێروان مستەفا بە ڕۆژ گۆڕانە و بەشەو یەکێتی " . ( Knn : 2015 / 1 / 2 : 1: 50 pm )

محمد تۆفیق ڕەحیم دەیەوێت ئەوە بڵێت کە لەلایەن کەسایەتییەکانی ناو یەکێتیەوە پەیوەندیی بە نەوشێروان مستەفاوە دەکەن ، کە یارمەتی دەریان بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو یەکێتی .

(313) مسعود بارزانی :" نەهامەتی بۆ هێزی پێشمەرگەیە و دەستکەوتەکەی بۆ خەڵکانی تر ( Rudaw : 2015 / 4 / 11 : 9 : 25 ). "

ئەم گوتارە دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی ئەو کۆبونەوەیەی لە فەرەنسا کرا، بەبەشداری چەندان ولاَتی جیهان ، کۆبوونەوەکە لەبارەی ڕووبەڕووبونەوەی گروپی تیرۆرستی داعش بوو ، تیایدا بانگهێشتی زۆربەی نوێنەرانی جیهان کرا ، لەناویانیشدا نوێنەری حکومەتی عێراق تیایدا بەشداربوو کە حەیدەر عەبادی بوو و بانگهێشتی بارزانی نەکرا ، لەکاتێکدا پێشمەرگە شەڕی دژی داعش دەکرد .

(314)حەیدەر عەبادی : " دژی دابەشکردنی عێراقین ، لە بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکانی عێراقە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە " .
( Nrt : 2015 / 5 / 12 : 4 :30pm)

عەبادی نایەوێت بە ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بڵێت لەگەڵ سەربەخۆی هەرێمی کوردستاندا نین ، بەڵکو بە ناراستەوخۆ و بەشاراوەیی ئەو مەبەستەی دەربڕیوە ، هەست کردن بەم واتایەش لە ئاکامی ئاگاداربوونە لە ( کات ، دەوروبەری ) گوتنەکە .ئەم گوتارەی عەبادی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی پشتگیری کردنی حکومەتی هەنگاریا بۆ سەربەخۆیی کوردستان .

(315)حەیدەر عەبادی : " نابێت تیرۆرستان بکرێنە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە مەرامەکان " .
( Gk : 2015 / 5 / 15 : 10 : 10 pm )

مەبەست لەم گوتارە ئەوەیە نابێت ولاَتان گروپە تیرۆرستییەکان بە تایبەتی گروپێکی وەکوو داعش کە ئەندامەکانی لە خەڵکی هەموو ولاَتان پێکهاتوون دروستبکەن ، بۆ ئەوەی دەست بە سەر سەروەت و سامانی نەتەوەکانی عێراقدا بگرن .

(316) هەڤاڵ ئەبوبکر : " هەموو کەس شایستەی ئەوەیە ببێت بە سەرۆکی هەرێم کەس لای ئێمە پیرۆز و بێ بەدیل نییە " .( Nrt : 2015 / 5 / 16 : 10 : 00 pm )

لێکدانەوەی ئەم گوتارە بە پێی دەوروبەر و ئە و بارودۆخەی گوتارەکەی تێدا دەربڕاوە دەمانگەیەنێتە ئەوەی ، کە ئەم گوتارە وەڵامدانەی پارتی دیموکراتی کوردستانە ، کە باوەڕیان وایە تەنها مسعود بارزانی شایستەی سەرۆکی هەرێمە و هیچ کەس بەدیلی ئەو نییە .

(317) مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات کوردستان: " هەر دەست درێژییەك بۆسەر بارەگاکانمان بەبێ باج نابێت " .( Nrt : 2015 / 10 / 9 : 11:48 pm )

لەم گوتارەدا جگە لەوەی کە وشەی ( هەر ) لێڵیی دروستکردووە ، بەلاَم واتایەکی زەقتر لەم گوتارەدا بەدیدەکرێت ئەویش واتای پراگماتیکییە ، گوتار بێژ دەیەوێت ئەوە دەربڕێت ئەو هێرشانەی لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە کرایە سەر بارەگاکانمان لە قەلاَدزێ ، بە مافی خۆمانی دەزانین وەلاَمیان بدەینەوە . لێرەدا باج دان بەواتای ( هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەران ) دێت ، چ بە بریندارکردن یان شەهیدکردن بێت .لە ڕاستیدا دەکرێت بوترێت ئەم گوتارە پاساوە بۆ شەهیدکردن و بریندارکردنی خۆپیشاندەران .

(318) عبد الرزاق شەریف :" نەوشێروان مستەفا بۆ وێنەگرتن ناچێتە دەرەوەی وڵات " .
( Rudaw : 2015 / 10 / 12 : 9 :58 Pm )

بۆ تێگەیشتن لەم گوتارە پێویستمان بە هێنانە ناوەوەی دەوروبەری گوتن دەبێت ، بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتنیش دەگەینە ئەو واتایەی ( کە نەوشێروان مستەفا بۆ قسەکردن لەسەر هەندێك پرس و هاتنە ناوەوەی دەوڵەتانی تر بۆ یارمەتی دانی میللەتانی تر لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نەتەوەی کورد ) سەردانی دەرەوەی وڵاتی کردووە ، هەروەها لە ڕووی پراگماتیکیشەوە دەگەینە واتایەکی دیکەش کە هەواڵدانە بەوەی نەوشێروان مستەفا گەشتی بۆ دەرەوەی وڵات کردووە . یان سەرکردەی تر هەیە بۆ وێنەگرتن دەچێتە دەرەوە .

(319)داود ئۆغلۆ : " ئەم مانگە لەگەڵ شاندێکی گەورەی تورکی سەردانی بەغدا دەکەین " .
( Kurdistan tv : 2014 / 11 / 9 : 11 :27 am )

لێرەدا هۆکاری پراگماتیکی لێڵیی دروستکردووە ، چونکە گەر کاتی قسەکردنە نازانرێت مەبەست ( لەم مانگە ) چ مانگێکە .

(320) مسعود بارزانی : " پێشمەرگە هەر زوو هاوکێشەکەی لە بەرژەوەندی هەرێم گۆڕی " .
( Zagros : 2014 / 11 / 12 : 12 : 47 pm )

ئەم گوتارە جگە لەوەی کە هەڵگری واتای سەرکەوتنی پێشمەرگەیە ، واتایەکی دیکە لە خۆ دەگرێت ئەویش ( پێشمەرگە توانی کەرکوك و ئەو ناوچانەی کە کورد تێدا لاواز بوو، بۆژێر دەسەڵاتی خۆی بیگەڕێنێتەوە ) ئەم گوتارە لەو کاتەدا بوو ، کە سوپای عێراق نەی توانی ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە لە ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەری ، کە کورد بە موڵکی خۆی دەزانی و لەژێر دەسەڵاتی هێزی عێراقدا بوو ، هێزی پێشمەرگە توانی رزگاری بکات و تێیدا جێگیر بێت .

(321) جەبار یاوەر : " دەوڵەتی کوردی واقعێکە و هەوڵی بۆ دەدەین " . kurdsat
( news : 2014 / 11 / 12 : 10 : 15 am )

ئەم گوتارە لە ڕووی پراگماتیکەوە هەڵگری واتای ( کورد هەرچەندە فشاری ئابووری لەسەر بێت ، بەڵام لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی پەشیمان نابێتەوە ) . چونکە ئەم گوتارە لە سەروبەندی ئەو گەمارۆ ئابووریەدا بوو کە حکومەتی بەغداد بە سەر هەرێمی کوردستاندا سەپاندی .

(322) مسعود بارزانی : " پرۆسەی ئازادکردنی شەنگاڵ لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا مانای خۆی هەیە " .( kurdistan : 2014 / 12 / 17 : 11 : 00 pm )

لەم گوتارەدا گوتار بێژ مەبەستێتی ئەوە بخاتە ڕوو ، کە ناوچە دابڕێنراوەکان دەگەڕێنەوە باوەشی نیشتیمان و سەربەخۆیی بۆ هەموو ناوچەکان بە دەست دێت .

**5-1-2-2/3) میتافۆر : Metaphor**

دەکرێت بە >>سێبەری گەیاندنی واتایی – connotational penumdra >> و واتایی >>بارکراو ، توێکڵە واتا << بناسێنرێت ، واتە دەربڕاوەکە چاوەڕێی پاشکۆیەکی واتای لێدەکرێت وەك لەو واتا سیمانتیکییەی کە وشەکە لە خۆی دەگرێت . بۆ دروستبوونی واتای میتافۆڕی پێویستە وشەیەك لە کێڵگەی واتایی دیاریکراوی خۆیەوە بۆ کێڵگەیەکی واتایی دیکە بگوازرێتەوە ،( بێستوون حەسەن ئەحمەد ، دارا حمید محمد ، ( 2014 : 209 )).

دەکرێت بوترێت هەموو دانە زمانییەکان چ لە ئاستی مۆرفۆلۆژی یان سینتاکسدا بن واتای میتافۆڕییان هەیە ، واتای فەرهەنگی خۆشیان هەیە ، هەمیشە واتا بارکراوەکان لەسەر واتا فەرهەنگییەکان دروست دەبن ، بەڵام زۆرجار گوێگر لە بەکارهێنانندا مەبەستی میتافۆڕی بەکاردەهێنێت ، بەتایبەتی کاتێك قسەکەر مەبەستی بێت لێکچواندن دروست بکات . (بڕوانە (323 تاوەکوو 335).

(323)ف . یەکێتی : " گۆڕان پیاوی پارەکەی لەسەر کار لادا " . : Rozhana hawal ( 2015 / 4 / 10 : 2:24 pm)

لێرەدا دەبینین ، کە ( پیاوی پارەکە ) نازانرێت بۆ کێ دەگەڕێتەوە ؟ ئەم نەزانینەش لێڵیی دروستکردووە .

(324) فراکسیۆنی گۆڕان : " هەندێك لایەن لە تەنگانەدا پەنا دەبەنە بەر کەفی سەر ئاو " . ( Knn : 2014 / 4 / 15 : 4 :16 pm )

لەم گوتارەدا جگە لەوەی وشەی( هەندێك ) لێڵیی لە گوتارەکەدا دروستکردووە ، بەڵام هۆکاری سەرەکی دروستبوونی لێڵییەکە میتا فۆڕە چونکە یەکێك لە ڕێگاکانی دروستبوونی میتافۆڕ لێکچوونە واتە لێکچوونێك لە نێوانە واتای میتافۆڕ و واتای هۆشەکی دا دروست بکرێت ، هەرچەندە بۆ دروستکردنی لێڵیی لەم گوتارەشدا سود لە پەندی پێشینان وەرگیراوە ، خودی پەندەپێشینانەکانیش پەیوەندیی بە ئەزموونی ژیان و کلتوری هەرنەتەوەیەکەوە هەیە .

بە پشت بەستن بە کات و بارودۆخی گوتنەکە ، کە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بوو . دەگەینە ئەوەی کە مەبەست لەم گوتارە ئەوەیە ، هەندێك لە لایەنەکان بۆ بەدەست هێنانی دەنگی دەنگدەران پەنادەبەنە بە ساختە و فێڵکردن .

(325) فراکسیۆنی یەکێتی : " بۆچی سندوقە ڕەشەکەی یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەکرد " .( Rudaw : 2015 / 6/ 12 : 8 :46 pm )

لێرەدا دەبینین کە ناوی ( سندوقە ڕەشەکە ) لێڵیی دروستکردووە ، چونکە نازانرێت ئەو ناوە بۆ کێ دەگەڕێتەوە ؟ لە هەمان کاتیشدا نیشانەی پرسیاری ( بۆچی ) لێڵ دروستکردووە کە دواتر لە(3/2-2-1– 8) ئاماژەی پێدەدەین .

(326) ئومێد خۆشناو : " نامانەوێت ئایەتوڵایەك هەبێت لەسەر گردێکەوە بڵێت وڵات دەگۆڕم ، سیستەم دەگۆڕم " .( Nrt : 2015 / 6 / 22 : 9 :30 pm )

لەم گوتارەدا لێکچواندن لە نێوان شێوازی حوکمڕانی (ئایەتولاَ ) و ئەولایەنەی گوتاربێژ مەبەستێتی پێی بچوێنێت دروستکراوە ، دیسانەوە ئەمیش پێویستی بە شارەزایی لە شێوازی حوکمڕانی ( ئایەتولاَ ) هەیە . واتە گەر گوتاربێژ شارەزای چۆنیەتی حوکم کردنی ( ئایەتولاَ ) نەبێت ناتوانێت پێی بچوێنێت .

(327) بەرپرسێکی پارتی : " لایەنەکان مردوو دەبینن ، کفن بۆ زیندوو دەدورن " .

( payam : 2015 / 7 /1 : 11 : 15 pm)

لێرەدا لێکچواندنی قەیرانەکانی سەردەم بە مردوو و لێکچواندنی پرسێك بە کفن دوورین لەبواری زمانەوانیدا بە میتافۆر دەسپێردرێت ، تەنها میتافۆرە دەتوانێت بەیارمەتی دەوروبەر و دنیابینیی مرۆڤەکان لێکدانەوە و تێگەیشتنی تاکەکان بۆ واتای دووەم ( سێبەرە / پاشکۆی) واتای هەبێت . لێرەدا مەبەست لە ( مردوو بینین ) ئەو قەیرانانەیە ، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕووبەڕووی خەڵکی هەرێمی کوردستان بووەتەوە ، مەبەستیش لە ( کفن بۆ زیندوو دەدورن ) ئەوەیە ، کە پرسی سەرۆکی هەرێم بەردەوام دەخەنە بەرباس .

(328) عیرفان مەلا عەلی : " سازان بە واتای سوڵحی عەشایەری " .

( Nrt : 2015 / 7 / 1 : 10 :05 pm )

لەهەر ولاَتێکدا سازان و ڕێکەوتنی نێوان لایەنەکان لەسەر بنەمای دەنگی دەنگدەران و یاسای ئەو ولاَتە دەبێت ، کە سازانەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت ، بەلاَم واتا پێدان بە ( سازان ) لەناو میللەتی کوردا تاڕادەیەك جیاوازە ، هەروەکوو چۆن ڕووبەڕوو بوونەوەی هەندێك لە کێشە کۆمەلاَیەتییەکان لە دەرەوەی یاسا ئەنجام دەدرێت ڕێکەوتن لەسەر پۆستەکانی ولاتیش لە ناومیللەتی کوردا بەهەمان شێوەیە ، دیارە شوبهاندنی سازانی نێوان لایەنەکان بە سوڵحی عەشایەری و گەیاندنی ئەو واتا و مەبەستەی ، کە گوتەبێژ مەبەستێتی لەبواری زمانەوانیدا لە سنووری توانای میتافۆڕدایە .

(329) ئاری هەرسین : " گەر دوو برا لە ماڵێکدا بەیەکەوە نەگونجان ، ئەوا با دراوسێ بن "

( Nrt : 2015 / 8 /7 : 10 : 05 pm ).

لەم گوتارەدا دووهۆ کار پێکەوە کاریگەرییان لە دروستبوونی لێڵیدا هەیە ، ئەوانیش ( میتافۆڕ ، پراگماتیکە ) ، هۆکاری پێکەوە هاتنی ئەم دوو هۆ کارەش ( لێکچواندنە ) وەکوو ئاماژەی پێدرا لێکچواندن خاڵی هاوبەشی نێوانیانە ، لێرەدا ( دووبرا ) بە پێی بارودۆخی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ( یەکێتی و پارتی ) واتە لێکچواندن بە کارهاتوە و بەپێی دەوروبەر دەزانین مەبەست لە ( دوو برا ) کێیە ؟

(330) برزۆ مجید : ( Nrt : 2015 / 8 /19 : 2: 15 pm )

" ئەو هەوڵە نایاساییانە وەکوو بڵقی سەرئاو وایە ، ئەو بڵقانە هەر زوو نامێنن " .

لێرەدا جگە لە (ئەو ) ، دەبینین (بلّقی سەر ئاو ) بە واتای سیمانتیکی لـەم گوتـارەدا بـە کـار نەهاتووە ، بەڵکو گەیەنەری واتایەکە ، کە دوورە لە واتای سیمانتیکییەکەیەوە ، لێـرەدا لـە نێوان بلقی سەر ئاو کە دیاردەیەکی سروشتییە لەگەڵ هەندێك هەوڵدا ، کە بەلای گوتار بێژەوە نایاسـاییە دروسـتکراوە ، کـە هـیچ پەیوەندییـەك لـە نێـوان ئـەو دیـاردە سروشـتییە و ڕووداوەکانـدا نییـە ، بـەڵام لەڕێگـەی دیـاردەی میتـافۆڕەوە دەتوانرێـت ئـەو پەیوەندییـە دروستبکرێت .

(331) فارس نەورۆڵی : " ئەوانەی هێرشیان کردە سەر بارەگای پارتی دەست بۆ شاری هەنگ دەبەن و ئێمەش دەیان گەزین " .( Knn : 2015 / 10 / 11 : 3 :25 pm )

لە هەندێك لە گوتارەکاندا دەبینین تەنها ڕێگاو هۆ کارێك نەبووەتە هۆی دروستبوونی لێڵیی ، لەم گوتارەشدا جگە لە وشەی (ئەوانەی ) میتافۆڕ هۆکاری دروستبوونی لێڵییە،

لەم گوتـارەدا بارەگاکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ) چـوێنراوە بـە ( شـاری هـەنگ ) ، هەروەها ( پەلاماردانی خۆ پیشاندەرانیشی ) چواندووە بە ( گەستن ) ، لێـرەدا دەبیـنین ئـەو وشانە لە ڕێگەی لێکچواندنەوە بوونە بە هاوواتا بۆ یەکتری .

(332) هەڤاڵ ئەبوبکر : " نەوشێروان مسـتەفا ئـاوێکی ڕوونـی ڕشـتووە پێویسـتە نـەك پـێ ، بەڵکوو سەریشمانی تێبکەین " .( Nrt : 2015 / 10 / 13 : 9 : 43 pm)

لـەم گوتـارەدا گوتاربێـژ فرێـزی ( ئـاوی ڕوون )ی شـوبهاندووە بـەو پێـڕەو و پرۆگرامـەی نەوشیروان مستەفا بۆ ڕوو بە ڕووبونەوەی شێوازی حوکمڕانی دایناوە ، کە گوتار بێژ پێی وایـە پێویستە نەك تەنها جێبەجێی بکەین ، بەڵکوو پێویستە لە هەوڵی گەشە پێدانیدا بین ، تەنانەت وشەی ( سەریشمانی تێبکەین ) لێرەدا بەواتای خۆبەخت کردن بـە کارهـاتوە .هـەروەها کـاتی ڕووداوەکانیش بووە هۆکارێك بۆ دروستکردنی لێکچواندن لە نێوان ( ئاوی ڕوون ) و ( سیاسەت و پێڕەو و پرۆگرامەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ).

(333) هـــەڤاڵ ئـــەبوبکر : " وەرینـــی گـــەڵاکانی پـــایز ســـەرەتای بـــەهارێکی نوێیـــە ، لەکوردستانیش بەهەمان شێوە لە حوکمڕانی دەڕوانـین ". Nrt : 2015 / 10 / 13 / 7 ( :49 pm )

دەبینین (وەرینی گەڵاکانی پایز سەرەتای بەهارێکی نوێیە ) پەیوەندیی بە شێوازی حوکمڕانی کردەنەوە هەیە ، ئەویش ( کەوتنە ) چونکە لە گـەڵادا سـیفەتی کـەوتن هەیـە . لـە حـوکمڕانی کردنیشدا بە هەمان شێوە کەوتن لە دەسەڵاتدا هەیە ، .واتە گوتاربێژ میتافۆڕی بە کار هێناوە بۆ دروستکردنی لێڵیی لەم گوتارەدا .

(334) فازڵ میرانی : " گەلی ئێمـە ئاشـتی خـوازە ، بـەڵام چـەمیش بـێ چـەقەڵ نابێـت " : ( Zagros tv : 2015 / 10 /21 : 7 :52 pm )

وەکوو دەبینین لەم گوتارەدا گوتار بێژ کەسانی خراپی چواندووە بە چەقەڵ ، چونکە یەکێك لە سیفەتەکانی گیانلەبەری چەقەڵ خراپە کارییە ، واتا یەکێك لە سیما هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤی خراپە کار و گیانلەبەری چەقەڵ ، ڕەوشت و کاری خراپە . وەکو دەزانرێت یەکێك لە بنەماکانەی لێکچواندن هاوبەشییە لە یەکێك لە سیفەت یان سیماکان .

(335) ف. گۆڕان : ( Knn : 2015 / 10 / 23 : 6 : 40 )

" ئەمریکا بارزانی بە هیتلەرەکەی کوردستان وەسفکرد "

ئاشکرایە کە هیتلەر ڕەمزە بۆ توند و تیژی و تاوان کاری لێکدانەوەی ئەم گوتارە گرێ دراوە بە زانیاری ئەو کەسەنانەی کە شارەزاییان لە سەردەم و کاتی حوکمڕانی هیتلەردا هەیە ، گوتاربێژ لەم گوتارەیدا پەنای بردۆتە بەر بە کارهێنان هونەری لێکچواندن ، لێکچواندنیش پێویستی بە هاوبەشی لە یەکێك لە سیفەتەکاندا هەیە .

## 6-1-2-2/3 ) هۆکاری ڕێزمانی ( لێڵیی سینتاکسی ):

وەکوو پێشتر لە(2-1-2/1) ژمارە (4) ئەوە خرایە ڕوو یەکێك لە هۆکارەکان یان ڕێگاکانی دروستبوونی لێڵیی لە زمانی کوردیدا هۆکاری ڕێزمانییە ، کە پەیوەندیی بە ئاستی ڕووکەش و ئاستی ژێرەوەی ڕستەکانی زمانەوە هەیە ، چونکە ئەوە خراوەتە ڕوو کە ڕستە ڕۆنانی سەرەوەی جیاوازە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ،

دەکرێت بوترێت ئەم جۆرە لێڵییە پەیوەست نییە بە دیاردەی ( هاوبێژ ) و ( فرەواتا )وە ، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە پێکهاتەیەکی سینتاکسی چ ڕستە یان فرێز بیت ، لە واتایەك یان ڕاڤەیەك زیاتر هەبێت ، بۆ یەك ڕووخسار .

(336) جەعفەر أبراهیم : " پارتی دەیەوێت سەرۆکی هەرێم لەناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت ، خاوەن دەسەلاّت بێت " ( Kurdistan Tv : 2015 / 9 / 17 : 8 : 35 Pm )

ئاستی ڕووکەش پارتی دەیەوێت سەرۆکی هەرێم لەناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت ، خاوەن دەسەلاّت بێت لێرەدا بەهەمان شێوە دەبینین ، کە ( خاوەن دەسەلاّت بێت ) لێڵیی دروستکردووە بەوەی دوو واتای بۆ سیمایەك هەیە .

ئاستی قوڵ :

↓

1- ئایا گەل دەسەڵاتی هەبێت ؟

یاخود سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەبێت

(337) نیاز عبدوڵلا : " وێنەکەی وەزیری دارایی تابلۆی کێشەکانی هەرێمی کوردستان بوو " ( Nrt : 2015 / 9 / 22 : 7:28 pm )

ئاستی ڕووکەش

وێنەکەی وەزیری دارایی تابلۆی کێشەکانی هەرێمی کوردستان بوو

لێرەدا دەبینین فرێزی ( وێنەکەی وەزیری دارایی ) لێڵیی دروستکردووە ، چونکە هەڵگری زیاتر لەواتایەکە ئەوانیش :

ئاستی قوڵ :

↓

1- ئایا وەزیری دارایی وێنەی شەخسی خۆی پێشکەش کردووە؟

2- یاخود وێنەیەکی دیکەیە .

(338 ) فازڵ بەشارەتی : "ئامانجمان تەنها خزمەتکردنی هەڵەبجەیە "Nrt : 2015 / 9 / 29 ( : 1 : 17 pm )

ئاستی ڕووکەش:

ئامانجمان تەنها خزمەتکردنی هەڵەبجەیە

ئاستی قوڵ :

↓

1- هەموو ئامانجەکەیان خزمەتکردنی هەڵەبجەیە .

2- ئایا خزمەتکردنی هەڵەبجە و پەراوێز خستنی شارەکانی ترە .

ئەگەر ئە گوتارە بە بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕایە ئەوا هیچ لێڵی و تەمومژیەکی واتایی دروست نەدەبوو :

( تەنها ئامانجمان خزمەتکردنی هەڵەبجەیە ). بەم شێوەیە لێڵی لە واتایی دروست نابێت .

## 7-1-2-2/3 ) هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی لێڵیی لەزمانی کوردیدا ( نادیاری ) یە :

ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەیە ، بەڵام لە هەر زمانێکدا ڕێسا و بنەمای گۆڕینی ڕستەی کارا دیار بۆ ڕستەی کارا نادیار جیاوازە تەنانەت لەنێو زارەکانی زمانێکیشدا هەست بە جیاوازی دەکەین ، ئەم دیاردەیەش بریتییە لەوەی کە ( بکەر ) لە نێو ڕستەدا دەرنەکەوێت و بشارێتەوە ، جا لەبەر هەر هۆ کارێك بێت ، یەکێك لەو هۆکارانە دەشێت هۆکاری کۆمەڵایەتی بێت ، کەوا (بکەر)کە کەسێکی گەورە و پلەو پایەدار و بە دەسەڵات بێت ، بۆیەئەمە وادەکات ناتوانرێت ناوی بهێنرێت چونکە لێی دەترسین یان دەمانەوێت زیانمان ێنەگات (

فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، ( 2008 : 92)) ، یان دەشێت بکەرەکە لە بنەڕەتدا ناسراو نەبێت و نەزانرێت کێیە ؟ بۆیە باسناکرێت و دەشاردرێتەوە ، خودی ئەم باسنەکردن و شاردنەوەیە ، وا دەکات کە پرسیار لە لای گویگر دروست بیت ، گەر گوێگر زانیاری نەبیت ناتوانێت وەلآمی ئەو پرسیارانە بداتەوە یان وەلآمی جۆرا و جۆری لا دروست بیت ، ئەم ولآمە جۆرا و جۆرانە بنەمای دروستبوونی لێڵییە ، بۆ ناساندنی ئەم دیاردەیە چەند پێناسەیەك دەخرێتە بەرچاو :

1- " کارا نادیار ئەوەیە کە خاوەن کارەکە ( بکەرە ) دەرناکەوێت یان دەرناخرێت ، جا لەبەر هەر هۆکارێك بێت " . ( کوردستان موکریانی : 1982 : 160 ) .

2- " نادیاری ئەو کردەیەیە کە تێیدا نەکارایەك بەرز دەکرێتەوە و نەڕۆڵی بنەی دەدرێتێ و لەم بەرزبوونەوەیەدا فۆڕمی کارەکەش دەگۆڕی ت " . ( فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، ( 2008 : 60)) .

سەبارەت بە نیشانەی ( کارا نادیار ) لە زمانی کوردیدا ، دوو نیشانە بۆ دەمی ڕابردو و ڕانەبردوو دیاریکراوە ،

لێرەدا هەوڵدەدەین بکەر نادیاری لە هەندێك گوتاری سیاسی کوردیدا بخەینە ڕوو :

(339)مەلا بەختیار : " بکوژەکەی شەهید ئارام ، وەکو پێشمەرگە یاد دەکرێتەوە " ( Gk : 2015 / 6/22 : 9 :20pm )

لەم گوتارەدا دەبینین ، کە بکەری کارەکە کە ئەنجامدەری کاری کوشتنە دیاری نەکراوە و ئاماژەی پێنەدراوە .

(340) ف . گۆڕان : " ئەوەی ئەمڕۆ کرا دەیسەلمێنێت کە دەیانەوێت دوو ئیدارەی دروست بکەنەوە " . ( Nrt : 2015 / 8 / 15 : 11 : 50 pm ) .

لەم گوتارەدا جگە لەوەی کە نازانرێت ( ئەوەی ) ئاماژە بە چ ڕووداوێك دەکات ، بەلآم ( کارا نادیاری ) هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی لێڵییەکەیە چونکە نازانرێت چی کراوە ؟ لە لایەن کێوە کراوە ؟ کاری ڕستەکە پێکهاتوە لە ( ڕەگی کار + مۆڕفێمی کارا نادیار ( ڕ ) + مۆڕفێمی کاتی ڕابردوو ( أ )

(341)حاجی کاروان : " وترا گەر بچنە پەرلەمان تەحمولی خوێن ڕشتنی خەڵکی ئەم هەرێمە دەکەن " .( Nrt : 2015 / 8 / 20 : 11 :25 pm )

بەهەمان شێوە دەبینین کە نازانرێت ئەو لایەنەی کە بە قسەکردنەکە هەڵساوە کێیە ؟ واتا نازانرێت بکەری کارەکە کێیە ؟ ئەم نەزانینە لێڵیی دروستکردووە .

(342) کاوێزی مەلا پەرێز : ( Nrt : 2015 / 9 / 13 : 3 :35 pm )

" پارتی ویستی دەوڵەت بۆ کورد دروستبکات ، بەلآم کێشەی بۆ دروستکرا "

لەم گوتارەدا دەبینین کە، کە ( کارا نادیار ) هۆکاری دروستکردنی لێڵییە ، چونکە نازانرێت کە لەلایەن کێوە کێشەی بۆ دروستکراوە ؟

(343) فازڵ میرانی : " ئەندام پەرلەمان دەنگی پێنەدراوە بۆ ئەوەی ئاشتیی وڵاتەکەی تێك بدات ( Zagros tv : 2015 / 10 / 21 : 7 : 50 pm ). "

لێرەدا دەبینین ڕوون نییە لەلایەن کێوە دەنگی پی̆نەدراوە ؟ هەروەها ئاشکرا نییە ئەندام پەرلەمانەکە کێیە ؟

(344) فازڵ میرانی : " بڕوخێ پارتی و بارزانی دروشمێکی کۆنە نە جێبەجێ کرا نە جێبەجێ دەکرێ " . ( Zagros tv : 2015 / 10 / 21 : 7 : 54 pm )

بەهەمان شێوەی بکەری کارەکە دیار نییە ، نازانرێت لەلایەن کێوە ئەو دروشمە دەربڕاوە ؟ هەروەها بەهەمان شێوەش نازانرێت لەلایەن کێوە ناهێڵدرێت جێبەجێ بکرێت ؟

(345)مەلا بەختیار : " تاوانبار دەکراین بەوەی فیستیڤاڵەکە بۆ دژایەتی ئاینی یە " . GK : ( 2014 / 11 / 20 : 2:30 pm )

لێرەدا دەبینین ، کە بکەری کارەکە دەرنەکەوتوە و ئاماژەی پێنادرێت .

(346)سەرۆکی هەرێم : ( Nrt : 2015 / 10 /27 : 11:48 pm )

" لەسەرەتای ئەمساڵەوە ئەمریکا لەهەوڵی دەرکردنی یاسایەك بوو ، کە ڕاستەوخۆ چەك بۆ پێشمەرگە دەنێررا " .

لەم گوتارەدا دەبینین کە (3 ) لەو فاکتەرانەی باسکرا هۆکاری دروستبوونی لێڵین لەم گوتارەدا ئەوانیش : پراگماتیکە ، گەر بەرواری گوتنەکە نەزانین ، نازانین مبەست لە ( ئەمساڵ ) چ ساڵێکە ؟ هەروەها هۆکارێکی دیکە ئەلەمۆرفی ئامرازی نەناسراوی (ێك ) ، ( یەك ) ە ، کەبەواتای ژمارە یەك بە کار نەهاتوە ، هەروەها هۆکاری ( کارا نادیار ) ە . چونکە نازانرێت بکەری کارەکە کێیە ؟واتە نازانرێت لەلایەن کێوە چەك دەنێردرێت ، بۆیە کارەکە ێکهاتوە لە :

نیشانەی بەردەوامی (دە ) + ڕەگی کاری ناردن ( نێر ) + مۆڕی نادیاری ( ڕ ) + مۆرفێمی کاتی ڕابردوو ( ا ) .

## 8-1-2-2/3 ) هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی لێڵیی گوتاری سیاسی مۆڕفێمی پرسیارکردنە :

ئامانج لە مۆڕفێمەکانی پرسیارکردن بەدەستهێنانی زانیارییە ، قسەکەر گوێگر بەسەرچاوەی زانیاری دەزانێت بۆیە پرسیار دەکات ، دەکرێت بوترێت هەندێکجار خودی قسەکەر خۆی زانیاری لایە و بۆ وەبیر خستنەوەی زانیارییەکان گوتار لە شێوازی پرسیارکردندا ئاراستەی گوێگرەکانی دەکات .

(347) فراکسیۆنی پارتی : " ئەوکەسانەی هاوکاری شەشۆیان کرد بۆ دروستکردنی حەشدی شەعبی کێ بوون ؟ کێ لە پشت ئەوانیشەوە بوو ؟ " : Rozhana news : 2015 / 4 / 10 ( 1 : 00 pm )

وەکوو دەبینرێت ئامرازی پرسی ( کێ ) دووجار بە کارهێنراوە و بەهۆیەوە پرسیاری پێ لە ئەنجامدەرانی کارێك دەکرێت . و نەزانین و نەناسینی ئەو کەسانەی بە کارەکە هەڵساون جۆرێك لە لێڵیان دروستکردووە ، بە بیستی ئەم گوتارە هەست بەوە دەکرێت ، کە قسەکەر زانیاری دەربارەی کەسەکان هەیە ، ئامرازی پرسی تەنها بۆ مەبەستی ناونەهێنانی کەسەکان بە کارهێناوە و ئامانج لێی پرسیارکردن نییە و بە مەبەستی وەلآمدانەوە .

(348) ف. گۆڕان : " ئەو نهێنیە چییە ؟ کە بودجەی هەرێمی کوردستانی پێ بڕدرا " ( Rozhana news : 2015 / 4 / 10 : 8 : 45 pm )

لەم گوتارەدا (2 ) هۆکار کاریگەرییان هەیە لە دروستکردنی شاردنەوە و ڕوون نەبوون لە بەدەستەوەدانی واتا دا، ئەوانیش ( ئامرازی پرس ) ، ( هۆکاری کارا نادیارییە ) ، کە پێشتر خرایە ڕوو . چونکە نازانرێت نهێنیەکە چییە ؟ هەروەها ئەوەش ڕوون نەکراوەتەوە کە لەلایەن کێوە بڕدراوە ؟ نەزانینیش فاکتەری دروستبوونی لێڵییە .

(349)سالار عوسمان : " لە دەکەس زیاتر لەم هەرێمە دا نازانێت چی وتراوە لەو کۆبونەوەیەدا ( Nrt : 2015 / 5 / 17 : 7 : 31 pm ) "

دەبینین ئامرازی پرسی ( چی ) لێڵیی دروستکردووە چونکە زانیاری دەربارەی کردەی گوتنەکە ئاشکرا نەکردووە ؟ هەندێکجار ئەم ئامرازە پرسانە وادەکەن کە گوتاربێژ ( قسەکەر ) خۆی لە خستنەڕووی هەندێك زانیاری دوور بخاتەوە ، کە خۆدی گوتاربێژ ( قسەکەر ) زانیاری لەلایە ، بەلآم لە گوتاری سیاسیدا خۆ دزینەوە لە خستنە ڕووی زانیارییەکان پەیڕەو دەکرێت ، وەك لە نموونەی

(350 ) هێمن هەورامی : " ئێمە وەکوو پارتی دەپرسین لە لایەنە سییاسیەکان بۆ دەترسن بارزانی لە ناو خەڵکەوە هەڵبژێرێت ؟ " ( Nrt : 2015 / 5 /19 : 7 :19 pm )

لەم گوتارەدا ئامرازی ( بۆ ) وەکوو ئامرای پێشناو بە کار نەهاتووە ، بەڵکو کوتکراوەی ئامرازی پرسی ( بۆچی ) یە ، هەندێکجار گوتاربێژ لە کاتی ئاخاوتندا کورتکردنەوەی وشەکانی زمان بە کاردێنن ، دەشێت پەیوەندیی بە ئاسان دەربڕینەوە هەبێت . لێرەدا ( بۆچی ) بۆ پرسیارکردن لە هۆکار بە کارهاتووە .

(351) هێمن هەورامی : " پارتی لە ڕێگەی دەنگی زۆرینەی خەڵك بووەتە زۆرینە ، ئیتر نازانم بۆ حیزبەکانی دیکە پێیان ناخۆشە ؟ " ( Nrt : 2015 / 5 /19 : 7 :25 pm )

لەم گوتارەدا ڕاستییەك خراوەتە ڕوو ئەویش ئەوەیە ( کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە دەنگی زۆرینەی خەڵك بووەتە زۆرینە ) ، پاشان ئامرازی پرسی ( بۆ ) بۆ پرسیارکردن لە هۆکاری پێناخۆش بوون بە کاردێت .دەشێت قسەکەر خۆی هۆکارەکە بزانێت ، بەلآم دەیەوێت بەم پرسیارە گوێگرەکان بورژێنێت . هەروەها فرێزی ( حیزبەکانی دیکە ) لێڵیی دروستکردووە ، چونکە نازانرێت مەبەست لە حیزبەکانی دیکە کام حیزبانەیە ؟

(352)فراکسیۆنی یەکێتی : " خەڵکی هەرێمی کوردستان دەزانن کێ بەرپرسیارە لە شکستی سیاسەتی دارایی هەرێم " ( Nrt : 2014 / 9 / 24 :11 :15 pm )

لێرەدا دەبینین کە مۆرفێمی پرسیاری (کێ ) ، کە بۆ پرسیارکردن لە ( کەس ) بە کار دێت ، لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدرێت ناوی کەس یان لایەنێکی بەرپرسی شکستەکە بزانرێت یان وەبیری گوێگران بهێنرێتەوە.

(353) بێستون سابوراوایی : "ئێستا خەڵکی کوردستان بە ئاشکرا بۆیان دەرکەوتووە ، کە کێ لە دژی بەرەی گەل هەڵس و کەوت دەکات ؟ " ( Nrt : 2015 / 9 / 26 : 1 :10 pm )

لەم گوتارەدا گوێگرەکان پاش بینیی هەندێك ڕووداو لە کۆمەڵگادا چەند ڕاستییەکیان بۆ ئاشکرا دەبێت ، لێرەدا گوتاربێژ دەیەوێت گوێگرەکان وەلامی ئەم پرسیارە لە ئاکامی بینینی ڕووداوەکان و زانینی ڕاستییەکانەوە بدەنەوە ، یان دەکرێت پرسیارەکە بۆ وەبیر خستنەوەی ڕاستییەکان بێت.

(354) وتەبێژی ئەنجومەنی . س . پ .د .ك : " هەموو خەڵك دەزانن کێیە داهێنەری بارەگا سوتاندن و تەقەکردن لە خۆپیشاندەران ؟ " ( Knn : 2015 / 10 / 11 : 6 : 48 pm )

ئەم گوتارەش بەهەمان شێوەی گوتاری (351) قسەکەر پاش بینی ڕووداوەکانەوە لەلایەن گوێکرەکان ئەم گوتارەی دەربڕیوە ، دەیەوێت گوێگرەکان خۆیان شایەتحاڵی ڕووداو و ڕاستییەکان بن ، هەروەها بۆ وەبیرخستەوەی ڕاستییەکانیشە لەلای گوێگرەکان ، واتە تەنیا ئامانج لە ئامرازە پرسەکان ، پرسیارکردن نییە دەربارەی ( کەس ، هۆ کار ، ...هتد )، بەڵکو ئامانجی دیکەی وەکوو ورژاندن و وەبیرهێنانەوەی زانیاری و ڕاستییەکان بێت .

# ئه نجام

پاش بینین و خوێندنەوەی چەندان سەرچاوە و نموونەی گوتاری سیاسی دەتوانرێت دەرئەنجامی ئەم نامەیە لەم خالآنەی خوارەوەدا بخرێتە ڕوو :

1- هەندێك لە پەیوەندییە واتاییەکانی وەکوو ( هاوبێژ ، فرەواتا ) لەگەڵ چەند هۆکارێکی دیکەی وەکوو  جێناوی ( ئەو – ئەوان – ئەم ) ، پراگماتیك ، میتافۆڕ ، ئامرازی پرسیار ... هتد ، هۆکارن لە لێڵی زمانی گوتاری سیاسی کوردیدا .

2- ئەو زمانەی لە گوتاری سیاسی دا بەکاردەهێنرێت زمانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکی نییە . بەڵکو زمانێك توێکڵدارە و مەبەستی شاراوە و نادیار لەخۆدەگرێت .

3- لەگوتارە سیاسیەکاندا هەندێکجار دوو فاکتەر یان زیاتر ڕۆڵی لە دروستبوونی لێڵیدا هەیە . بۆنموونە لە هەندێك لە گوتارەکاندا پراگماتیك و میتافۆر کاریگەریان لە دروستبون لێڵیێ گوتارەکاندا هەیە .

4- هەندێك شێوازی دەربڕین پەیوەندی بەیەکێك لە هۆکارەکانەوە هەیە ، وەکوو : لەبەکارهێنانی جێناوەکانی ( ئەم – ئەو – ئەوان ) دا شێوازی توند و زمانی زبر بەکاردەهێنرێت .

5- دەوروبەر ، مەبەستەکانی زنجیرەی قسەکردن و تێگەیشتنی قسە ڕونتر و ئاشکراتر دەکات ، گوتارەکان دوردەخاتەوە لە لێڵی واتایی و نادروستی لێکدانەوە .

6-بەشێوەیەکی گشتی زمانی گوتاری سیاسی پەنا دەباتەبەر ، لێڵیی زمانی ، بەتایبەت لێڵیی واتای ، چونکە دیاردەی لێڵیی بوارێکی باشە بۆ پاشگەزبوونەوە و خۆ پاراستن لە مەترسی .

7-  ئەو شێوازانەی لە توێژینەوەکەدا خراوەتە ڕوو ، بەتایبەتی  لە گوتاری سیاسیدا بە کاردەهێنرێن ، خودی ئامانجی گوتاری سیاسیش ورژاندن و ڕازیکردن و  کاریگەری کردنەسەر جەماوەرە ، بۆیە ئەم شێوازانەش بۆ ئەو مەبەستانە بە کاردەهێنرێن .

## المستخلص

يتألف هذا البحث المعنون (الغموض في الخطاب السياسي الكوردي) من ثلاثة فصول . يأتي الفصل الاول في مبحثين , اولهما مدخل الى التعرف الى مفهوم, واسباب, وخضائص كل من العلاقات الدلالية والمعجمية المتمثلة بالترداف ،والتضاد وتعدد المعاني والتماثل اللفظي. اما المبحث الثاني فيختص في كيفية حدوث الغموض واساليب ازالته في اللغة الكوردية.

يقع الفصل الثاني في مبحثين ايضا. يمثّل اولهما مقدمة تشير الى مفهوم الخطاب عموماً والى وسائل التواصل، بينما يتناول المبحث الثاني اهمية مجالات البحث ومهام لغة الخطاب السياسي.

اما الفصل الثالث من هذه الدراسة فكذلك يتكون من مبحثين. يقوم المبحث الاول بالاشارة الى مفهوم المعنى ومستوياته ، بينما المبحث الثاني فيستعرض عددا من المواضيع التي تعد سسببا لحدوث الغموض والابهام كالضمائر "ئه و(للشخص البعيد) ئه م(للقريب) وئه وان (للجمع البعيد)"، والتداولية (البراغماتية ) والمبني للمجهول، وادوات النكرة والكناية، وادوات الاستفهام وغيرها.

ومما يترشح من الامثلة المساقة في الدراسة ان الترجمة تعد سبباً آخر من اسباب الغموض والابهام في الخطاب السياسي الكوردي.

## Abstract

The present study, titled Ambiguity in the Political Kurdish Speech, is composed of three chapters. Chapter One consists of two sections. The first section is an introduction. It points out definitions, characteristics, and the causes of each of the lexical relations: synonymy, antonymy, polysemy, homophones, and others . The second section deals with the ways of creating and eliminating ambiguity in Kurdish language.

Chapter Two is also made up of two sections. The first is an introduction that presents the concept of speech in general, its categories, and means of communication. The second section tackles the value of the research domains, and the linguistic tasks of political speech.

Chapter Three is divided into two sections. One deals with meaning and its levels. Another studies the reasons of ambiguity like the pronouns “ew- em, ewan”, and sheds lights on pragmatics, passive voice, indefinite articles, metaphor, and question words. Apparently, the products of translations contribute in the occurrence of ambiguity in the political speech as the examples show.

# سەرچاوەکان

## 1- سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

### أ- کتێب :


1_ئەورحمانی حاجی مارف ، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد،1975.

2–ئەورحمانی حاجی مارف ، لەبواری فەرهەنگ نوسی کوردیدا ، ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری ولاوان ،بغداد .

3– بێستون حسن ئەحمەد ، کۆمەڵە وشەو پێکەوە هاتن لە زمانی کوردیدا ، سلیمانی ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی ،2012 .

4– تاڵیب حسێن عەلی ، هەندێك لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لەکوردیدا ، هەولێر ،لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ،2009 .

5– تالیب حسین ، چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە ، هەولێر،چاپی یەکەم ،2011.

6– پەروین عوسمان مستەفا ،واتا و وەرگێران ،2009، سلیمانی .

7– جەلال محمود عەلی ،ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا ،بغداد ،1982.

8– جەلیلی جەلیل ،وەرگێڕانی : ئەنوەر قادر محەمەد ،هەندێ سیمایی کۆمەلاّیەتی وسیاسی وکلتوری کوردەواری ،سلیمانی ،2006.

9– عبدالواحد مشیر دزەیی ، چەند لایەنێکی سیمانتیك و پراگماتیکییە ، هەولێر .دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریان، 2009.

10– عبدالواحد مشیر دزەیی ،دانا تحسین ،دەرون عبدالرحمن ،فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی ،چاپی یەکەم ،هەولێر ،2013.

11– عبدالواحید مشیر دزەیی ، شێرزادصەبری عەلی ، زمانەوانی سیاسی ،2013،هەولێر.

12–عبدالوەهاب خالد موسی ، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا ،چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر ،2009.

12– عەتا قەرەداغی ،چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا ،سلێمانی ،1999.

13– عەزیز گەردی،پەخشانی کوردی ،زانکۆی سلاح الدین ،1987.

14– غازی فاتح وەیس ، فۆنەتیك ،چاپی یەکەم ،1984.

15– کوردستان موکریان و نەسرین فەخری ، ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاّحەددین ، 1982 .

16– ڕۆژان نوری عبدالله ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ،چاپی یەکەم ، خانەی چاپ و بلاّو کردنەوەی چوار چرا , سلێمانی , 2007 .

17– رەهبەن محمود زادە ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عبدولخالق یەعقوبی ، ڕۆشنبیری کورد و سازدانی گوتاری ناوین –پێشەکی –ڕەخنەی ئەدەبی و قەتابخانەکان ، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس ،2007.
18– هەڤاڵ ابوبکر حسین ، چەشنە ئەدەبی و رەنگدانەوەی لە ژیان و ژیندا ، سلیمانی ،2007.
19– هەژار ، هەمبانە بۆرینە .
20– نەجات حەمید ئەحمەد ،مستەفا بارزانی و گوتاری سیاسی شۆڕشگێڕی کوردی ،هەولێر ،2005.
21– شێرزادصەبری عەلی، عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللاّ ، زمانڤانییا کارەکی ، چاپا ئێکێ ، ژ وەشانێن دەزگەها سپیرێز ، دهۆك ، 2011 .
22– سالار عوسمان ، وتار ناسی ، دارالمعرفە بیروت ،2009
23– سامان عیزەدین سعدون , بنیاتی هونەری لە شعری لەتیف هەڵمەتدا , سلێمانی , 2010.
24– سەلام ناوخۆش ،نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو ، ئیدریس عەبدوڵلاّ ، کوردۆلۆجی ، هەولێر ، 2010.
25–سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو , زمانەوانی بەرگی (1– 2 –3) , 2009 .
26 _ سەعید سدقی کابان ، مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا ، 1928
27– مەم بورهان قانع ، سەرەتایەك لە پەیوەندی سیاسی ، وەرگێڕانی لە عربیەوە( د. حمدین سعود ئەلبەشر ،2007.
28– محمد معروف فتاح ، زمانەوانی ،1990.
29– محمد معروف فەتاح و صباح ڕشید قادر ، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆژی کوردی ، هەولێر 2006.
30– محەمەدی محوی ، زانستی هێما (هێما ، واتاو واتا لێکدانەوە )، چاپخانەی پێوەند ،بەرگی دووەم ،2009.
31–محەمەدی محوی ،زانستی هێما (هێما ،واتاو واتا لێکدانەوە )،چاپخانەی پێوەند ،بەرگی یەکەم ،2009
32–وریا عمر أمین ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم ،بەرگی دووەم ،2009،

## ب-گۆڤار و بلاوكراوه:

1_ئارا عەلی ئەحمەد ،کۆتین و واتایا شێواز بۆ هەڤ واتایا تەواو ، گۆڤاری بادینان ، ز.دهۆك ، کۆلێژی ئاداب ، 2007 ، نامەی ماستەر بلاو نەکراوە.

2– بێستون حسن احمد –د.دارا حمید ، کشانی واتا لە زمانی کوردیدا ، زانکۆی گەرمیان ، ژمارە (1)،2013.

3– بێستوون حەسەن ئەحمەد ، دارا حمید محمد ، ڕاڤەکردنی سیمانتیکی و پراگماتیکی پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ژمارە (1) ، 2014 .

4– بێستون حەسەن ئەحمد ، پەیوەندییە واتایەکان و ڕۆڵی لە دروستکردنی قسەی نەستەقدا .گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (24) ، ئەیلولی (2012).

5– طالیب حسین ، دیادەی هاوواتای لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆ،ژمارە (16)، 2002 .

6–سەلام ناوخۆش بەکر، ڕێسا واتاییەکان و ئەدگارە واتاییەکان ، گۆڤاری رامان ،خولی سێیەم ،ساڵی یازدە،ژمارە (120)هەولێر ،2007.

7–یوسف شریف سعید ، پارەوانی ، گۆڤاری زانکۆی سلاحەددین ،ژمارە (23)هەولێر،2004.

8– یوسف شەریف ، ڕادە و هەندێ تێبینی دەربارەی ڕادە لە مانی کوردیدا ، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان ، ژمارە (4) ، زانکۆی سلاحە دین ، 1999.

9 – محمد حسن بناقی ، هێز د کرمانجی دا ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ( 118 ) بغداد ، 1986 .

10– وریا عمر امین ، لێڵی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ(136)بەغداد،1995.

## ج-نامەی زانکۆیی :

### 1- نامەی ماستەر:


1- دارا حمید محمد ، پەیوەندییە واتایەکان لە زمانی کوردیدا، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد )، زانکۆی بەغداد ،بەغداد ،(2006).

2- تریفە عومەر ئەحمەد ، مەبەستی پراگماتیکی لە وتاردا ، زانکۆی سلێمانی ، 2008 .

3- تارا موحسن قادر ، جێناو لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2004 .

4- جمیلە احمد , شێوازی وتار لە ڕۆژنامەی کوردیدا , کۆیە , 2008 .

5- حاتم ولیا محمد ، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2000.

6 - عمر احمد عبدولرحمان , فرێزی دەنگ لەزمانی کوردیدا , کۆلیجی زمان , زانکۆی سلاح الدین هەولێر , 2009 .

7- فەرهاد تۆفیق حەسەن ، پەیوەندییەسیمانتیکییەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لەزمانی کوردیدا ،زانکۆی سلیمانی ، 2010.

8- فەتاح مامە ، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی صلاحددین ، هەولێر ،1989.

9- سازان رچا معین ، واتا و دەوروبەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، 2005 .

10- صباح رشید ،هاوبێژ و فرەواتا لە گێرەکدا ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، 2000.

11- شیروان حسین حمە ، تێروانینێکی نوێ بۆ سینۆنێم لەزمان کوردیدا ،2010 ، سلێمانی .

12- هێمن عەبدولشەمس ، شێوازی دەربڕین لە بۆنە کۆمەلآیەتییەکاندا، زانکۆی کۆیە ،2006 .

13- همزە حسین ، تەمومژی لە زماندا ، زانکۆی کۆیە،2011


### 2-نامەی دکتۆرا :


1- تابان محمد سعید ، کێلگە واتاییەکان لە ڕکێفە مەودای کۆمەڵەوە ، زانکۆی سلیمانی ،2014.

2- دەرون عبدالرحمن سالّح ، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەرونی تاکدا ، سلێمانی ، 2014.

3- جوان ئەحمەد حسەین ، زاراوە و واتای زاراوە لە گوتاردا ،2014 ، سلیمانی .

4- عبدالواحید مشیر دەیی ، واتای کاریگەر لە بواری ڕاگەیاندندا ، زانکۆی سلاح الدین ،2000.

5- عبداللە حسین ڕسوڵ ، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار ، کۆلێجی پەروەردەی (ئیبن روشد) ، زانکۆی بەغدا ،1995.

6– عەبدوڵڵا عەزیز محمد ، هایپۆنیم و هەندێ پەیوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا ، ز.صلاح الدین ، 2005.
7– عومەر مەحمود کەریم ، سیما پراگماتیکی سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی کۆیە ، 2009 .
8– شێرزاد صەبری عەلی ، ڕازیکرن د گوتارا ڕامیاریدا ، 2012 .
9– شێرکۆ حمە ئەمین قادر ،(2009)شیکارکردنێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی کۆیە.
10 – فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، نادیاری ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، 2008 .
11– نەوزاد ئەنوەر عومەر، هەندێك لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیك لە زمانی کوردیدا ، زانکۆی سلیمانی ،2014.

## د-سەرچاوەی نمونەکان

1- کەناڵی Speda
2- کەناڵی GK
3- کەناڵی Nrt
4- کەناڵیPayam
5– کەناڵی kurdsat
6– کەناڵی Kurdsat news
7– کەناڵی Kurdstan Tv
8– کەناڵی Knn
9– کەناڵی Zagros
10– کەناڵیRudaw

## 2-سەرچاوەکان بەزمانی ڕووسی :

1_ بودا گە ڤ ، مرۆڤ و زمانی ، چاپخانەی مۆسکۆ ،مۆسکۆ ، 1974 .
2–ڤ . ن .کلیوێڤا ،کورتە فەرهەنگی سیننێم لە زمانی روسیدا ،چاپی یەکەك ، مسکۆ 1961 ، پوختە کراوەو زیاد کراوە .

### 3-سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

1- احمد ابو محبوب ،ساخت زبان فارسی ،چاپ سوم ،نشر میترا ، چاپخانه تابش ، تهران ، 1383.

2-کورش صفوی ،فرهنگ توصیفی معنی شناسی،1384،

3-سیما وزیرنیا ، زبان شناخت، چاپ اول ،نشر قگره،تهران ،1379 .

4-میترا معدنی ، نگاهی اجمالی بەهم معنایی و درجات ان در زبان ،مجله زبان شناسی ،شماره اول ،سالی نوزدهم ،1383.

### 4-سەرچاوەکان بە زمانی عربی.

1- احمد مختار ،علم الدلالة ،مکتبة دار العروبة النشر و التوزیع الکویت ،1983.

2- احمد مختار ،علم الدلالة ،قاهیرة،1998.

3- بتول قاسم ناصر ،دلالة الاعراب لدی النحاة القدماء ، طبعةالاولی، دارالشؤون الثقافیة العامة ،بغداد ،1999.

4- بالمر ، علم الدلالة ،ت:عبدالحلیم الماشطة،بغداد ،1985.

5 – حاکم مالك الزیادی ،الترادف فی اللغة ، بغداد ،١٩٨٠.

6- حیلمی ،العربیة و الغموض ،مصر،1988.

7- جمعة سید یوسف ،سیکولوجیة اللغة و المراض والعقلی ،سلسلة عالم المعرفة ،سلسلة (145) الکویت ،1990.

8- جون لاینز ، علم الدلالة،ت:مجید عبدالحلیم ماشطةو الآخرون ، بصرة،1981.

9- عبدالقادر عبد الجلیل ،علم االلسانیات الحدیث ،طبعة الاولی ،دارصفاء اللنشر ،عمان ،2002.

10- عبدالرحمن بن حسن محسن ،قضیة الترادف النضر و التطبیق ،من موقع انترنیت http:www.adabiaha.com/biadaer/ 4.htm. ، ٢٠٠٩.

11- علی زوین ،منهج البحث الغوی بین تراث و علم اللغة الحدیث ،بغداد ،1986.

12- عیسی عوده برهومه ، تمثلات اللغة فی الخطابة السیاسی ، مجلة عالم الفکری ، العدد (1)، المجلد (32)، الکویت ،2007.

13- عزمی اسلام ، مفهوم المعنی دراسة تحلیلیة ، حولیات کلمة الآداب ، الحولیة السادسة ، جامیعة الکویت ، 1985 .

14- کلودجیرمان و ریمولوبلان،(2006)،علم الدلالة ,ت:نورالهدی الوشن ،المکتب الجامعی الحدیث .الازاریطة الاسکندریة.

15- ستیظن اولمان ،دورکلمة فی اللغة ،ترجمةکمال بشر ،مصر ،1997.

16– ستيفن اولمان ،دوركلمة فى لغة،ت:د.كمال بشر، مصر ،1977.
17– فائق مصطفى , دفاع عن المقالة الادبية , مطبعة أربعا , ط الاولى , كركوك , 2008
18– نايف خرما ، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة ، الطبعة الثانية ، عالم المعرفة ، سلسلة (9) ، مطابع دار القبس – كويت ، 1979 .
19– محمد على الخولى ،معجم علم اللغة النضرى ،انطليزى – عربى ،مكتبة البنان ، بيروت ،1982.
20– مهدى اسعد عرار ،جدل اللفظ المعنى (دراسة فى دلالة الكلمة العربية ) ،الطبعة الاولى ،دار وائل انشر ،عمان ،الاردن،2002
21– محمد عبدالحكيم ،فنون المقالة بين نظرية والتطبيق ،دار أم القرى اللخدمات التعليمية ، المنصورة ،1999.
22– مختار النجارى ،تأصيل الخطاب فى الثقافة العربية ، مجلة الفكر العربى المعاصر ، ١٩٩٣.
23– محمد محمد داود ،حرب الكلمات فى الغز و الامريكى اللعراق ، دار غريب الطباعة والنشر ،القاهرة ،2003.
24– محمد حسن عبدالعزيز ،علـم اللغـة الاجتمـاعى ، طبعـة الاولى ، الناشـر مكتبـة الاداب ، القـاهرة ،2009.

## -سەرچاوەكان بەزمانى ئینگلیزی

1- Allan ,k.(1996).linguistic meaning,vol .1.london :rout ledge and keg an paul.
2- cruse.d.A(1986)lexical semantics :cambridege university press.
3- crystal,d(2003) ADitionary of linguistic and phonetics,5thd ,black well publishing.
4- crystal,D(2003b)the Cambridge Encyclop aedia of the English
5- Crystal,D.(1991).A Dictionary of linguistics and phonetis ,D3rd .london :black well publishers.
6- Cook ,Guy (1989) dis cours, oxford university press
7- Dian Larsen , freeman (1980). ( Discourse Analysis in second language , research ) new bury House U . S .A.
8- Evans, V. & Green, M. (2006), Cognitive Linguistics An Introduction, Edinburgh university press.
9- fromkin.v,(1988),semantics:A course book,Cambridge university
10-Jean Aitichison ,(1993) , linguistic , Great Britain , Hodder dstonghton .

11-Hornby , A .S. (2001) oxford Advanced learners Dictionary .

12-Horsy.k,(2007)101 key ideas :linguistics London,
13- Hudson .G,(2000),Essential introductory linguistis,Michigan state university ,London ,corn wall .

14-leech,G(1975) semantics :harmon,worth pengain.
15-lohnar,sebstian(2002)understanding ,semantic,oxford,oxford, undersity press.
16- lyons.J,(1977),semantics,2 vols,London and newyork Cambridge university.

17- Leech, G. (1996), PRINCIPES OF PRAGMATICS, Linguistics Library, London.
18- Mc Carus,E.N(1954)AKurdish grammar Descriptive analysis of the Kurdish of sulaimaniya,Iraq.New York
19- Norman firclough,(1992), Discourse and text: linguistic and inter textual Analysiswith Discourse ,Analysis e socity,vol :3,no.

20-plamer.f.R.(1989) semantic,A, new out line,newyork,cambridgevuversi , language 2nd ed . Cambridge university press.
21-plamer ,F.R.(1981)semantic London :oxford university press
22- PALMER, F. R. (1981), SEMANTICS, second Edition, Cambridge University press, Britain.
23- Roy, B.cynthia(2000)Inter preting as a discourse process, oxford university press:London.
24-Trask . k ,(1993),adictionary of Gramatical terms in linguistics , London : Rutledge .